# گەشتەکانی تێڕوانین



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# گەشتەکانی تێڕوانین

## دەروازەیەک بۆ بەرهەمهێنانی زمانی بینراو

ماجید نوری



کتێب: گەشتەکانی تێڕوانین - دەروازەیەک بۆ بەرهەمهێنانی زمانی بینراو
نووسینی: ماجید نوری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٢٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٤٨٢)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

**پێشکەشە:**

- بە دایکم کە لە مووروە هەمە جۆرەکانی ناو قوتویەکی بازنەیی خۆیدا رەنگەکانی پێ ناساندم..
- بەو قاشە هەنارە مزرەی لەناو لەپی «پشتیوان»ی کوڕمدا ئاو لە زارم دێنێ!!
- بە هەموو ئەو نیگارکێشانەی بەهۆی تێڕوانینی قووڵ بۆ شتەکان و لە ڕێی (ڕەسم کردنەوە) چێژیان بە خۆیان و دەوروبەر بەخشیوە..

# دەسپێک

هەردوو ڕۆشنبیری کورد(شێخ نووری شێخ ساڵح و حوسێن حوزنی موکریانی) لەسەرەتاکانی سەدەی رابردوودا بە وتارو لێکۆڵینەوە، هەندێ زاراوەو بنچینەی هێڵکاری و نیگارکێشییان بۆ هونەردۆستانی ئەوکات بڵاوکردۆتەوە، هەرچەندە بڵاوکراوەکان بەپێی میتۆدی -مێژوویی ڕەخنەیی- بەهایەکی هزری و هونەری ستوونیانە نابەخشن، بەڵام وەک زانیاری گشتی بۆ ئەو سەردەمە بەکەڵک بوون، لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ کەسێک پەیدا نەبووە تا وەزیفە و کار و حیرفەت و ئەزموونی نووسینی خۆی بۆ توێکاری و توێژینەوەی ڕەخنەیی تەرخان بکات بۆ ئەوەی بە پێی مەودا زەمەنییەکان تابلۆی شێوەکارانی کورد ببینێ و بڕیار بدات لەسەر ئەوەی کامە ڕێباز و ستایل توانیویەتی گوزارشت لە ڕوئیای هونەرمەندی کورد بکات، یان ئەو مەغزایانە چین کە وای لە نیگارکێشانی ئەو ساتەوەختە کردبوو زیاتر خەریکی پۆرترێتات و کۆپی کردنەوەی دیمەنی سروشت و گواستنەوەی دیاردە واقعییەکان بن، هێڵکارییەکانیش لە ئاستی وەسفی چاو تێنەپەڕن..

ئەوەتا لەجیهاندا لەپێناوی دارشتنەوەی پێکهاتەیەکی هونەری بۆ ڕەخنەی شێوەکاری کەسانی وەک (هێربرت رید، فرانک ئۆهارا، ئیدواردلوسی، جیرترودشتاین، کلمننت گینر برگ) و خامە بەدەستانی دیکەی هزر و فەلسەفە هەموو ژیانی خۆیان بۆ ناساندن و دامەزراندنی ڕێبازەکانی ئەم هونەرە تەرخان کردبوو، لەناو ڕۆشنبیرانی عەرەبیشدا هەر زوو درک بەم بۆشاییە کرا، هەر بۆیە (جەبرا ئیبراهیم جەبرا، محەمەد



سدیقی، دکتۆر جەمال محەمەد محەرز، سەعدو لخادم، عادل کامل) بەتێگەیشتنی قووڵی هونەرییەوە لە ڕێی وەرگێڕان و ئامادەکردن و شیکردنەوە و بەراوردکارییەوە بەبڵاوکراوەکانیان هەندێ خانەی پشتگوێ خراویان پڕ کردەوە.. کەچی کتێبخانە هەژارەکەی کورد لەم بوارەشدا (بەتەڵەزگە) بوو، لەکاتێکدا چاوەڕێی بیر و هزری (محەمەد عارف) بووین تیۆرێزەی چەمکەکانی ئیستاتیکا و تەکنیکی نیگارکێشانی وەچەی خۆی بکات، کەچی تامەزرۆیانی هونەریی بەنووسینەکانی بۆ جیهانێکی دوور رادەکێشا، لەو جیهانەدا ژیننامەی نیگارکێشانی جیهانی و قۆناغەکانی کارکردنیان دادەڕێژرایەوە، تەنیا سەرچاوەیەک لەم بوارەدا کە لایەنی تیۆریی بابەتیانەی هەڵسەنگاندبێ نامیلکە(٥٨) لاپەڕەییەکەی (عەلی جۆلا)یە و دەکرێ سەرچاوەیەکی ئەکادیمی ئەم بوارەبێت، هەر دوای ڕاپەڕین لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاردا گۆشە و لاپەڕەی تایبەت بە هونەری شێوەکاری دیاری دەکران و ئەو بەڕێزانەی بە بەردەوامی خەریک بوون بە ناساندنی شێوازەکانی ئەم هونەرە و ڕۆڵی نیگارکێشە کوردەکان تیایدا- تاریق کارێزی و هۆرێن غەریب و محەمەد هاشم و عەباس عەبدوڵڵا یووسف و کەمال غەمبار و سیروان شەریف و شەماڵ عومەر و ستار قادر- و هەندێ قەڵەمی بە بڕشتی دی بوون لەکاتێکدا نووسینەکانیان پارسەنگی ئەو دەیان پێشەنگا و سەدان تابلۆیە ناداتەوە کە لەم بەشەی کوردستاندا بەرهەم هێنراون، ئەو نووسینانە ئەگەر ڕاوبۆچوونی ڕەخنەییشیان لە خۆ گرتبێ زیاتر لە قاڵبی شەیدایی خاوەنەکانیانە بۆ چێژوەرگرتن لە ڕەنگ و جوانی، ئەم کتێبەی منیش کە لەبەردەستی خوێنەرانی ئازیزدایە وەنەبێ هەڵکۆڵینی جەستەی ڕەخنەی شێوەکاری کوردی بێ بەڵکو هەڵبژاردەی دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی هونەریمە، پانۆرامایەکی کورتە بۆ جوگرافیا تەسک و کەمەکەی ئەم بوارە هونەرییە گرنگە کە تا ئێستا بۆمان نەخراوەتە چوارچێوەی پرۆسەیەکی بەرفراوان و زانستانەوە..

# دەروازەی گشتی

-خوێنەری ئازیز.. تۆ لە مەنزڵگەیەکدا چاوت کردوەتەوە نە لای ڕاستت دەروازە و دەرگا بەردەوام ئاوەڵا کراوەکانی گەلەری و پێشانگایە، نە لای چەپت پەیکەر و رەفی پڕ لە کتێبی هونەری ناو کتێبخانەکانە..

هەر کاتێ کەسەرت هەڵبڕی و هەستت کرد دیدت بەو تیشک و بلاژکتۆرانە دەبریسکێنەوە کە لە فرە ڕەنگدا تەڕبوون، ئەوکات ڕەنگە کانزاییەکان لە ڕووەکییەکان جودا دەکەیتەوە، ئەوسا دەکرێت کەسانێک بێن بەسک و فکر و دڵ و دەروونی تێرەوە هونەری شێوەکاری کوردی لە برسێتی ڕزگار بکەن و پڕ زانست و تەکنیک و ڕەخنەی بکەن.

ناکرێ گلەییت ئاراستەی هونەرمەندانی کورد بکەیت چونکە ئەوانیش چرکەساتەکانی ژیانیان بەچەند ڕیتمێکی غەمگینەوە بەسەر بردووە، هەر بەو ریتمانەوە وێڵ بوون بەدوای پرسیار و گەڕاون بەشوێن دۆزینەوەی لایەنە شاردراوەکانی کەسێتی کوردەواری لە ڕووی جوانی و ئاکارەوە، کاتێ لە ناو واقیعێکی خاو و خلیچک و بەپاڵ لێکدانەوەی خورافی بۆ دیاردەکان و بەزەینییەتی نامەنهەجی لە ئاگایی مێژوویدا مانایەکی تازەیان بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەمە لەکایە ڕەمزییەکەی ئەوان کەم ناکاتەوە ئەگەرچی هەندێکیان دەستەوەستان بوون لەتاقیکردنەوەی ستایل و ڕێبازە هەمەجۆرەکانی هونەریدا، ئەو بابەتانەی هەڵیان بژاردوون سیمای واقیعی باویان لەخۆگرتووە، بایەخیان بە پۆرترێت و مۆدێل و دیمەن و ئاهەنگ و هەڵپەرکێ و ئەو بابەتانە داوە کە زیاتر ئەکادیمییەت وەک ڕێسایەک بەهونەرمەند دەچەسپێنێ، ئەو دیمەنە وەسفیانەی (دانیال قەساب و حەسەن



فەلاح) و پێشەنگانی دی بەپێی مەنهەجەکانی نیوکلاسی و واقیعی کردوویانە، ئەو شێوازانە ئینتماکردن بووە بۆ سەد ساڵی پێش زەمەنی خۆیان بەواتا لە قۆناغی زەمەنی خۆیاندا نەژیاون، لەوەشدا جگە لە موحاکات کردنەوەی ڕەنگە سروشتییەکان و بەرجەستەکردنی دیمەنەکان هەندێ بواری توێکاری و مەنزووریشیان لەبەرچاو گرتووە، دوای ئەوان چەند وەچەیەکی جەربەزە سەریان هەڵداوە لەو وەچانەی (ئەرنۆڵد هاوزەر) لە وتەیەکیدا دەیانچوێنێ بەتەحەداچییەکان و دەڵێت:

(کاری ئەفراندنی هونەری جۆرێکە لەتەحەدا کردن) ئەم وەچەیەی دوایی سۆفیانە لە ئەزموون و هەوڵی بەردەوامدان لە پێناوی خوڵقاندنی دۆخێکی شێوەکاری وادا کە لە نەبینراوەکانی ناخەوە هەموو ستایلەکان تاقیبکەنەوە هەر لە واقیعییەتی ڕەخنەییەوە تا سوریالیەتی یاخیبوو، بەچەمکی بینین لە نەزانراوەکانیشیان دەڕوانی تا ڕەگەز و فیگەری نزیک بەژیانی خۆیان تەوزیف بکەنەوە بۆ نموونە کاتێ (ئیسماعیل خەیات) لەتابلۆکانیدا فیگەری تەیر دووبارە دەکاتەوە هەرجارەی بەڕەمزێ بۆ واڕسکی حەزکردن بەفڕین و سەربەست بوون یان ئومێد بەخۆبەخشین لە حاڵەتی نەمری و جاویدانیدایە، یان کاتێ -حەمید جەمال- فیگەری مار لە تابلۆکانیدا دەڕەمزێنێ ئەوە هەرجارەی داله بۆ مەدلوولێکی لەخۆ پەنهان هەروەها چیمەن ئیسماعیل لە زۆربەی تابلۆکانیدا گۆپاڵ و پێڵاو دەڕوێنێ و هەرجارەی بەشکڵ و مانایەک دووپاتی دەکاتەوە یان وێنەی چاوەکان لە کۆلاژکارییەکانی نەژادی عەزیز سورمێ، لەهەر تابلۆیەکیدا چاوەکان مەغزا و ڕەمزی گونجاو بەکەشوهەوای بارستایی دەبەخشن، بەشێک لەکاری گەشتەکانی تێڕوانینم لەم نووسینانەدا دۆزینەوەی ئەو فیگەر و ڕەگەزانەیە کە لای نیگارکێشان تەوزیف کراونەتەوە، خوێندنەوەی هونەرییانە و ئیستاتیکییانەی ئەو ڕەمزانەش هیچیان کەمتر نییە لە تەئویل کردن و شیکردنەوەی هەموو ئەو دەلالەت و ڕەمزانەی کە لەناو کەلوپەلی فۆلکلۆری و شتومەکی کولتووریدا هەن، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو وەچە شێوەکارە تازەیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەریان هەڵداوە و کە لەو هەوڵەدان

بنەمایەک بدۆزنەوە و شێوەکاری میللییانەی کوردی لە دایانگە و زێدی کورداندا دامەزرێنن، بەڵام لە ڕووی تەکنیکەوە نەیانتوانیوە لەو ستایل و ئەزموونانە نزیک ببنەوە کە گەمەیەکی نەستیانە بەهێڵ و سێبەر و ڕووناکی و بۆشایی دەکەن، هەروەها لەکارەکانیاندا مەسەلەی فۆرم و مانا بەدەرن لەوەی حاڵەتی میتامانا و میتا فۆرمیان جووڵاندبێ، هەر لەبەر ئەوەیە کە سادەیی و لیریکییەت و خەمێکی لەدڵدا گلاراوی شاراوە لەوەشاندنی فلّچە و دابەشکردنی رەنگەکانیاندا دەبینرێت..

شێوەکارانی ئازیز.. وەک دەوترێ مرۆڤ لەقوڕ دروستکراوە، لەو باوەڕەدام ئێوەی نیگارکێش لە قوڕێکی ڕەنگاوڕەنگ خوڵقابێتن، دوور نییە بە ئەزموون و شێوازی کارکردنی خۆتان دوا بەدوای خوڵقاندنەکە نەتانکاتە سیرامیک، ئەگەر وشەی جیهانگەراییش وەک گوزارەیەکی دیاردایەتی وەربگرن، ئەوەتان بۆ روون دەبێتەوە کە بەر لە هەرشتێ ئەزموون و شێواز بەردەوام قابیل بە گۆڕانن، ئەوەی وا لە هونەرمەندی شێوەکار دەکات کە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی نوێی شێوەکاری لە گەشت و گەڕانی بەردەوامدا بێت ڕەسم کردنە، بە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانن پرسیار بکەن لەجیهانێکی بێ پێناسەو بەمەبەستی گۆڕینی ئەو جیهانە بۆ واقیعێکی فانتازی و یۆتۆپیایەکی ئەندێشە ئامێز، لە پێناوی وەدیهێنانی ئەم ئامانجەشدا نیگارکێش ئەزموونێک یان چەند ئەزموونێک لەتەمەنی هونەری خۆیدا تۆمار دەکات.

ئەزموونەکانیش چەند کاریگەر دەبن بۆ سەر بزاڤەکە ئەوەیان لەدوای هەڵسەنگاندن ساغ دەکرێتەوە، دڵنیاش بن کە کاری داهێنان بە تەنیا توێژینەوەی تیۆری و شکڵی نییە، بەڵکو گەڕانە بەدوای زمانێکی نوێدا کە بتوانێ تەعبیر لە حەز و موعانات و ئەوینەکانی مرۆڤ بکات، هەر هونەرمەندە فیگەر و شکڵێ بۆ ئەو دەربڕینە هەڵدەبژێرێ، هەیە لەناو خەونەکانیدایە، هەشە لە واقیعەوە بەرجەستەی دەکات، هیوام وایە ئەم گەشتانەی تێڕوانین دەروازەیەک بن تا ڕێگە خۆش بکەن بۆ خوڵقاندنی چەند وێنەیەکی وتراو..

## چەمکەکانی تێڕوانین لە نێوان ئیرۆسیەت و پۆنۆگرافیەت-دا

خوێندنەوەیەکی خێرای تێڕوانینە...
بۆ هەندێ تۆماری شێوەکاری کوردی لە سەدەی ڕابردوودا

### بە ئەفسانە کردنی تێڕوانینەکان

دەکرێ ئەفسانە لە ژیانی هەمووماندا هەبێ..؟! بۆنا.. تۆ لە تابلۆیەکی شێوەکاریدا ڕەسمی ئەفسانە دەکێشی، ئەو بەژێی ئامێرێکی مۆسیقا ڕیتمەکانی «ئەفسانە» دەژەنێ، منیش هەوڵ دەدەم بەپیت و وشە بیهۆنمەوە..

مێشکی هەر کەسێک توانایەکی سەیری لەوەدا هەیە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ناودنیای ڕۆتین وەرگێڕێتە سەر زمانێک لە زمانەکانی «ئەفسانە» ، ئیتر هەر کەسەو بە ئامرازێ، هەر هزرەو بەشێواز و تەکنیکێ تەونی بۆ دەچنێ..

بەو چنینانە هەرسێ وتەزای- گومان، ئازار، ترس- لە جەستەی مرۆیی خۆمان دوور دەخەینەوە، ئێوەش بۆ ئەوەی لەناو پرۆسەکانی ئەو سێ وتەزایەدا نەبنە ئامێر، ڕۆژانە پێویستیتان بەوەیە بۆ چەند ساتێک لەناو ئەفسانەکانتاندا هەناسە بدەن.. ببنە پەڕەسێلکە و لەژێر پردی ئەندێشەدا گەمە بە باڵەکانتان بکەن...

لەو بڕوایەدام بەبێ ئەفسانە لەشێکی وشکەڵاتووین و هەست بە تەڕایی



ئاوەز ناکەین، واڕسکێکی ڕەق و تەقی بێ هەندازین و لەنەرمایی سۆزەکاندا مەلەمان پێ ناکرێت، هەر نیگارکێشێ ئەگەر هاتوو ئەفسانەکانی ژیانی خۆی لێ بزر بوو، ئەوا ڕەنگ و ڕووناکایی لە دەروونێکی ناسکەوە بۆ داناڕێژرێتەوە، ئەو دەروونانەی جوانی خۆیان بە ڕەگەزو زیندەوەرەکان دەبەخشن ئەوانە لەبەردەم وێنە ئەفسانەییەکاندا - حەقیقەت- بە وێنە دەکێشنەوە..

ئەمەی ناسی دەکەم بەتەنیا گوزارشتێ نییە لە دنیای تەجریددا، بەڵکو دیاردایەتی ناو بۆتەی ژیانە، لەوانەیە هونەرمەندێکی یاخیی وەک «ڤان کوخ»ئەگەر بۆ چەند ساتێ لەناو ئەفسانەکانی خۆیدا نەژیابا، ئەو جووڵە گێژەڵووکەییانەی لەناو ڕەنگەکاندا پێ نەدەخولقا کە لەشێوەی بازنەییدا دەیخستنە ڕوو، کەواتە دەکرێ بڵێین «ئەفسانە» بەخشینی دەسەڵاتە بە ڕەنگەکان، هونەرمەندێکی وردبینی وەک «ڕۆدان» لە ئەفسانەکانیەوە وزەی ناخەکی وەردەگرت تا بەسەر ڕووبەری تابلۆ و بە ڕەهەندەکانی پەیکەرسازییەوە دەسەڵاتێ بەجوانی ببەخشێ..

کامەمان لە ئەفسانەکانماندا خۆمان بۆ ڕەگەزی بەرانبەر ڕووت نەکردۆتەوە، خەیاڵی کێهامان لەناو دیمەنە چێژدارەکاندا هەموو ساتەوەختە ئۆرگازمیەکانی بۆخۆی مۆنۆپۆل نەکردووە؟!

نیگارکێشانی دنیا بەخۆ بزانن یان نەء ئەو کاتانە ڕەنگ بەتیشکەوە تەڕ دەکەن کە پاڵنەرێکی سایکۆلۆژی پەی پێ بەرن بۆ ئەوەی خۆشەویستی- ئەوی تر- لە ناخیاندا بڕوێنێ، چونکە ژیان بەبێ ئەوانی تر واتە دامەزرانی مەملەکەتێ بەناوی - نێرگسیەت- هەر لەو مەملەکەتەشدا بە ئەوی تر- نامۆ دەبین، بەجوانییە ڕۆحی و هەستییەکانی شارەزا نابین، بەڵکو فیکر و زەین و چاومان وەک موگناتیسێ بەرەو جوگرافیا تەسکەکانی ئەو شوێنانە ڕادەکێشرێ کە لەدوای چڵەپۆپەی سڕبوون، هۆڕمۆن دەڕژێنێ.

ژیان بەسەربردن لەگەڵ ئەفسانەکاندا بە واتا دووركەوتنەوە لەتێڕوانینی

پۆنۆگرافی، نزیک کەوتنەوەش لە فانتازیا تێڕوانینی ئیرۆسییە، زەیین و چاو تێرکردن بە ئیرۆسیەت واتا پاراستنی کەرامەتی مرۆڤانەی لەش و هەست و عەقڵ و بینین، سڕکردنی ئەندامانی لەشیش بە پۆنۆگرافیەت بە واتا ئیستیهلاک پێکردنی ئەو کەرامەتانە- لێرەدا تێڕوانین لە تابلۆی شێوەکاری ئەگەر بەحەزێکی سۆفیانە و بەهەستێکی ڕۆمانسیانە لە زەیین و ناخی دەروونی بینەرەوە هەڵبقوڵێ، ئەو جۆرە تێڕوانینە خۆتێرکردنە بە فانتازیای ئەفسانە ئیرۆسییەکان، هەروەک چۆن گوێگرتن لە پارچە سیمفۆنیایەک ئەو سەما بێگەردە دەخاتەوە یاد کە زیندەوەرە ڕۆحییەکانی مرۆڤ لە ئەفسانەکاندا دەژێنێتەوە..

یەکێک لەسیما زەقەکانی تێڕوانینی پۆنۆگرافی ئەوەیە کە لەناو مەملەکەتەکەی نێرگسیەت و لێلایی بەرژەوەندی کاتیدا مەودایەک بۆ دروست بوونی ڕەخنە ناهێڵێتەوە..

## بزربوونی ڕەخنە لە ناوەندی هەردوو تێڕوانینەکەدا

ڕەخنەی شێوەکاری لە کوردستاندا کەشفی ئەفسانەکانی ناخی شێوەکارانی پێ نەکراوە، ئەو ڕەخنەیە ئەگەر سەرەتاکانیشی هەبووبێ، بەپێی کەشوهەوایەکی زانستییانەی دروست دانەمەزراوە، ڕەخنەی شێوەکاری کە زۆر دەگمەنە و لەناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیشدا جێگەیەکی هامشی پێدراوە..

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لەوێنەکێشانی کوردی سەدەی بیستەم بدەینەوە، لەو زەمانەدا کە دنیا دەرگای بۆ بزاڤە هونەرییە هاوچەرخەکان دەخستە سەرپشت، مامۆستا «دانیال قەساب» ناوێک لەشاری هەولێر خەریکی پرۆپاگەندەی فیلم و دیکۆرکێشان و ڕەسم کردنی پۆرترێت و دیمەنی سروشتی بووە، زۆربەی تۆمارە مێژووییەکەی هونەری شێوەکاری لەشارێکی وەک هەولێردا لە دەوری ئەم دانیال-ە کۆدەبێتەوە و بینەرانی ئەو کاتەش بە تێڕوانینێکی پۆنۆگرافیانەوە لە دەستڕەنگینی ئەم نیگارکێشە سەرسام ببوون، پێشتریش لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هێندە



وارسکی مەرگدۆستی بەسەر ژیاندۆستی و ئیرۆسیەتتدا زاڵ بووە لە شارێکی وەک- سلێمانی-دا خەڵکی بە تامەزرۆیی باس لە -عوسمان بەگ- ناوێک دەکەن کە ئەمیش تاقە نیگارکێشی ئەو سەردەمەی شاربووە و وەک د. فەرهاد پیربال لە وتارێکیدا دەڵێت: «دەچووە ناو گۆڕستانی شار و ڕەسمی ئەو ژنانەی دەکرد کە لەسەر گۆڕەکاندا و لەناو گوڵ و سەوزاییدا دادەنیشتن...»

هەر دوای ئەوە کە- حەسەن فەللاح- تابلۆی «شەڕەکەی دەربەندی بازیان»ی دروست کرد، تا حەفتایەکانی سەدەی ڕابردووش وێنەکێشانی کوردی بەزۆربە لەناو بازنەی موغازەلەکردن بەدروشم و چەمکەکانی خەبات و تێکۆشان دەخولانەوە و لەناو قاڵبەکانی فۆلکلۆری ڕووت و ڕۆتیناتی ڕۆژانەی کۆدا فیگەرەکان دادەڕێژرانەوە و کەمتر ئەفسانە و شتە ڕەمزییەکانی ناخی هونەری و جوانناسی بە ڕەسم تەولیف دەکرانەوە، هەست دەکرا کە ڕەسم کرابووە وەزیفەیەکی ڕەسمی لە خزمەتی بەرژەوەندی شۆڕشەکاندا، ئەم هەستەش لەو بەرهەمە بەجێماوانەدا ڕەنگ دەدەنەوە کە تەنانەت وزە خەیاڵییە شاراوەکانی ناو کولتووری ڕۆحی و ناوچەییشی بە تێڕوانینی فانتازیای ئیرۆسیانەوە پێ کەشف نەکراوە..

ئەگەرچی «شێخ نووری شێخ ساڵح» و «حوسێن حوزنی موکریانی» لەچەند وتارێکی هونەریدا کە لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاویان کردوەتەوە بنچینەکانی نیگار کێشییان تێدا شیکردوەتەوە و ئاماژەیان بەزۆربەی زاراوە هاوچەرخەکانی هونەری سەردەمەکەیان داوە، بەڵام کەسێ ژیان و ئەزموون و کاتی خۆی بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەک تەرخان نەکردووە تا هونەردۆستان لەو نهێنیانە تێبگەیەنێ کە لەبەرچی نیگارکێشانی ئەوێ سەردەم زیاتر ڕەسامی دیمەنە سروشتییەکان بوون، نەبەو تێڕوانینە ڕۆمانسیەی کە خەونەکانی ناو ئەو دیمەنانە بچنن، بەڵکو بەپێی پێناسەی پۆنۆگرافی و لە ئاستی وەسفی چاودا هێڵکاری دیمەنەکانیان وەک خۆی کردوەتەوە، ئەم پێناسەیە پۆرترێتەکانی- عەزیز

سەلیم-یش دەگرێتەوە کە دڵی هاندەر بووە بۆ وێنەکێشانی سروشت و پێشاندانی ژیانی تراژیدی، کەچی کەمتر باڵەکانی خەیاڵ لە تابلۆکانیدا شەکاوەتەوە، ئەوەتا فیگەرەکانی ئەم هونەرمەندە بەجورئەتەی زەمانی خۆی لە خزمەتی دروشمەکاندا بوون و قوربانی زۆری بە حاڵەتە ئیرۆسیەکانی ناخ داوە هەروەها بە ڕادەیەک سیما و تایبەتمەندی ڕیالیزمیانە بەسەر ڕووبەری تابلۆکانی- جەمال فەرەج و جابیر پیرداوود و جەمال بەختیار- ەوە زاڵ بووە کە زیاتر بایەخیان بەسێکوچکەی ئاسمان و زەوی و ئاو داوەو کەمێک لە تایبەتمەندییە میتافیزیکی و ڕەمزییەکان دوور کەوتوونەتەوە، چونکە نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ بە پێی شێوازەکانی زۆربەی قوتابخانە هونەرییەکان کە دیمەنی سروشتی ڕەسم دەکرێت ئەم دیمەنانە دەبنە باکگراوەندێ بۆ ئامادەبوونی مرۆیی و هەر بەهۆی حاڵەتە ئیرۆسیەکانی مرۆڤەوە پێوەندی لەنێوان بەهاکانی ئاسمان و هیۆلییەتی زەمین پتەو دەبێت، دوای ئەمانیش «ڕەنگ» و - خالید سەعید- لەمشتە کۆڵەی بەردەوامدا بوون، ئەگەرچی خالید سەعید وەک هاوێنەیەکی هەستەوەری کامێرا تێڕوانینەکانی خۆی لە نمایشی فۆتۆگرافی و گواستنەوەی هەندێ ئەفراندنی تردا تۆمار دەکرد مخابن کە نەبووە خاوەن مۆرەپەنجەیەکی تایبەت و لیریکییەتی ڕەنگەکانی بۆ دەستەمۆ نەکراوە..

کۆمەڵێ هونەرمەندی ئەو کاتە بە- کەریم دیار - و- جەواد ڕەسوول ناجی-یەوە بەر لەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕەنگ لە هاوئاوێتە بوونی ڕەگەزە شکڵییەکانی سروشت پێک دێ یان پێش ئەوەی پێوەندییەکانی ڕەنگیان لە ناو دەفری ئەزموونەکاندا تاقی کردبێتەوە، ڕەنگەکانیان وەک خۆی لە پالێتەوە دەخستەوە سەر ڕووبەرەکان، دوای ئەوە سیمایەکی سەیر بەسەر هەندێ لە تابلۆکانی ناوەندی سەدەوە بەدی دەکرێت ئەویش ساف کردنی ڕەنگە، هەر ساف کردنێ بەو مەبەستەی شوێن لێدانی فڵچە نەهێڵێتەوە کارێکی فانتازیانەیە بەڵام بەساردوسڕی، ئەگەر تەماشایەکی تابلۆکانی- سلێمان شاکر- بکەین، ڕاستە هێڵەکانی مەیلە و نەرم و



تەڕن، ڕەنگەکانی مەیلەو تیژ و گەرمن، توانایەکی باشی لە پەرش کردنەوەی سێبەر و ڕووناکی بەسەر ڕووبەرەکانیەوە هەیە و هێڵەکانی لە کەشێکی هێمنانەدا کێشاون، کەچی نەیتوانیوە سیما و وەسفی درامی بە بابەتەکانی ببەخشێ، ئەم ون بوونی وەسفە درامییە هەندێ لە تابلۆ تەعبیرییەکانی- ئازاد شەوقی-یش دەتەنێتەوە، هەرچەندە سینۆگرافییانە تیشک و ڕەنگەکانی لەناو کەشوهەوای ڕەمزییەتدا دابەش کردووە و ڕووبەرەکانی بەجوانی پێ چارەسەر کردوون، چونکە ئەگەر بمانەوێ بە هەستێکی پانۆرامی مۆنۆپۆلی هەموو وزە ستوونی و ئاسۆیی و قووڵاییەکانی ڕووبەر بکەین ئەوا نابێ میلۆدییە ڕەمزییەکان فەرامۆش بکەین..

ئێستا لە تابلۆکانی -فایەق حەسەن- جگە لەوەی هەست دەکەی ڕەنگی بەتیشک تەڕ کردووە ڕوئیایەکی زانستییانەی بۆ ڕەنگ هەیە ئنجا تەمەلوکی سروشتە ڕەمزییەکەشی پێ بە ئاکام گەیاندووە...

هەروەها -محەمەد عارف-ی هونەرمەند کەڵکی زۆری لە ئەزموونی ئینتیباعی و ڕیالیزمییەکان وەردەگرت و بەشێوازێکی لیریکانە هارمۆنییەتی ڕەنگەکانی لەیاد نەدەکرد، بەڵام لە بەسروشت کردنی مرۆڤدا سەرکەوتوو نەبووە، خەونەکانی ئەم هونەرمەندە لە قەبەکردن و وێناکردنی سیما و کەفەڵ و مەمک و قەبارەی مرۆڤەکاندا ڕەنگی داوەتەوە با ئەمەی لە کەشێکی ئیرۆسیانەدا بەرجەستە کردبێ، بەڵام گەرموگوڕی ئیرۆسی تێدا لاوازە، هەر ئەم بزربوونی تێڕوانینە ئیرۆسیانەیە کە تابلۆکانی - ئەسکەندەر عوسمان- قووت دەدات کە لای ئەمیان زیاتر ڕیالیست زاڵە، لەمەوە دەگەینە ئەو قەناعەتەی لە وێنەکێشانی سروشتدا زۆربەی هونەرمەندان نەیانتوانیوە بەباشی ئاوازە شیرینەکانی منداڵێتی خۆیان بەژێیەکی نەرم بژەنن، کەچی لە پاش ئەوان وەچەیەک دروست بوو کە تاڕادەیەکی باشتر توانییان لە ڕەگەزەکانی سروشتدا دەلالەتی سەربەستی و ڕزگاری و ئەوینی دایکانە بخوێننەوە، لەو بڕوایەشدام کە لە سروشتدا

تیشکێکی رۆمانتیکی هەیە کە ئەو تیشکە لەناو خۆڵەمێشێتی شارەکاندا هەست پێناکرێ، بەڵکو هەر لەناو چیاو گوند و رۆخی رووبارەکاندا وزە شاراوەکەی دەروون ئیرۆسیانە دەتەقێتەوە، تەنانەت هونەرمەندانی نیگارکێش لە بەشەکانی تری کوردستانیش لەوانە «مەهدی زیائەدینی و ماشائەڵڵا محەمەدی و فەردین سادق ئەیووبی و هادی زیائەدین و ئەقدەسی کەریمی و ئەحمەد قلیچ.....تاد» لەم دواییانەدا هاوشێوە روویان لە زەخرەفەکاری ناو تابلۆی سروشتی کردووە بەمەرجێ کە فۆرم و مانا لە کارەکانیاندا بەدەرن لەوەی حاڵەتەکانی میتافۆرم و میتامانایان جووڵاندبێ، لە تابلۆ سروشتییەکانی ئەم بەرێزانەشدا سادەیی و لیریکییەت و خەمێکی لەدڵدا گلاراوی شاراوە لەوەشاندنی فلچە و دابەشکردنی رەنگەکاندا دەبینرێت و دیمەنەکان لە کۆپی کردنەوەی کەرەسە و ئامرازەکانی واقیعەوە نزیکن و ئەوەیان لەیاد دەچێ کە ئەو ئازارو ئەشکەنجە و دیل بوونەی شێوەکارانی کوردی لەگەڵدا ژیاوە تەنیا لە پانتاییەکانی تازەگەری و ئسلووبە نوێیەکاندا گوزارشتی پێ دەکرێت...

## هەوڵەکانی بە ئیرۆسی کردنی تێڕوانین

هونەرمەند - ئازاد شەوقی- بەبەردەوامی و بەدەروونێکی گەرمەوە لە تازە کردنەوەی رەنگەکانیدا خەریکی گۆڕانکاری بوو، لەلایەکی ترەوە - ئیسماعیل خەیات- هەرجارەی بۆیاخ و کەرەسەیەکی نوێی ئیزافە دەکردە سەر ئەو رووبەرانەی کە فیگەرەکانی تایبەت بە دنیای منداڵی خۆی لەسەر دەنەخشاندن و تێڕوانینەکانی بەهۆیەوە بە ئەفسانە دەکردن....

واحید مەرجان بەشێوەیەکی بابەتی تابلۆکانی دەستەمۆ دەکرد بەو مەرجەی لە جوانی واقیعی خۆیان تێپەڕ نەکەن و سادەیی و لیریکییەتێ لە کارەکانیدا هەبوون، هێڵەکانی سەرپانتایی تابلۆکانی ئاماژە بە دەنگە خەمگینەکانی نێو جوانییەکانی سروشت دەکەن، بەڵام سروشتێکی دوور لە ئەفسانە و نزیک بە سروشتی هێڵکارییەکانی -لالە عەبدەو قەرەنی



جەمیل و ئەنوەر تۆڤی - کە ئەگەرچی رەنگیان لە شوێنی گونجاوی خۆی دادەنا و رۆڵێکی باشیان هەبوو لەگەیاندنی گوتار و پەیامی جوانی بۆ چێژ وەرگرانی هونەری شێوەکاری، بەڵام نەیانتوانی ئەو دەسەڵاتە بدەن بەرەنگ کە ئازادییەکی رەهای هەبێ یان نەیانتوانی ئازار و موعاناتە مرۆڤایەتییەکان لە کێشە و سیما کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دابڕن، روونتر دنیای رۆحی و خەون و خەیاڵە بەسوێ و جوانەکانیان بۆ تەرجەمە نەکرایە سەر زمانی هونەری و تابلۆیان هەر بەسەر کۆڵەگە باوەکانی پێشووەوە هێشتەوە لەو ئاستەدا کە هونەرەوەرێکی وەک -بەدیع بابا جان- کلاسیکیانە هونەری بە ئاوێنەی ژیان ناساند بوو، لەو ناساندنەشدا لایەنی توێکاری هەرگیز فەرامۆش نەدەکرد، هەڵبەتە ئەوەندەی دیوی دەرەوەی شتەکان موفرەداتی سەر تابلۆیان دەخوڵقاند هێندە دیوی ناوەوەی ناخی هونەرمەند رۆڵی لە دانانی ئەو موفرەداتانەدا نەبووە...

باشترین بەڵگەش لەسەر ئەم خاڵەی دوایی زۆربەی ئەو هونەرمەندانەی ناومان هێنان و زۆرانی دیکەش بۆ بابەتی پۆرترێت و تابلۆی سروشتی کەڵکیان لە پێرسپێکتیڤی هاوێنەی کامیرا وەردەگرت، تەنانەت جار هەبووە بۆ بابەتی تابلۆ کە بە شێوازی رەمزی و تەعبیری داڕێژراوە سوود لە رادیۆگراف وەرگیراوە، بەڵام هەر سیمای مەئلووفییەت و کاریگەری توخمی فۆتۆیانەی هونەرییان بەسەرەوە هەبووە، ئەم رەوتەش وەک کلێشەبەندی خەڵکانی هونەرمەندی دوای ئەمانیش پێی کاریگەر بوون لەوانە - دارا محەمەد عەلی و چەتۆ حەسەن- کە بینەر لە تابلۆکانیان دەروانێ هەست ناکات تێڕوانینی ئەفسانەیی بوونی هەیە، بەڵکو وا دێتە پێش چاو کە شکڵ و فیگەرەکان بە زۆر دەستیان گیرا بێ و هێنرابنە سەر بارستایی بێ ئەوەی رەمزە ئیرۆسییەکان لەناو دەفری مەعریفی و جوانیدا شڵەقابن.. لەو بڕوایەشدام گۆشەگیری و تێکەڵ نەبوون بە حاڵەتە ئیرۆسییەکان دوو دوژمنی باوە کوشتەی نیگارکێشانە کە ئاکامێکی خراپی بەدواوەیە، بەوەدا کە هەریەکەیان لە مەرسەم و ژوورێکی تەنیادا دەخزێنێ،

تا له دواییدا هەموویان بەیەک شێواز و تەکنیکەوە کارەکانیان نمایش دەکەنەوە و لەم حاڵەتەشدا بینەری ئاسایی ناتوانێ بەتەواوی بەرهەمەکان لەیەکتر جودا بکاتەوە و جۆرێک لە دەق بەستوویی و کلێشەبەندی لەناو تابلۆکاندا بەدی دەکرێ، هەرچۆن بۆ ژانرە ئەدەبییەکان شتێک هەیە پێی دەوترێ «دەقئاوێزان» ئەگەر لە نیگارکێشیدا لە سنووری ئەم چەمکە تابلۆ هەبووایە، ئاسایی بوو، بەڵام کاتێ چەمکی کەڵک لێ بینین و پێداچوونەوە و سەرلەنوێ دارِشتنەوە هەر فۆتۆکۆپی شتەکانی پێشوو بێ، ئەوکاتە هەست دەکرێ کە گۆشەگیری لە پێناوی ئەفراندن و داهێناندا نەبووە، کاتێ لەو پێناوەدا دەبێ کە نیگارکێش بۆ قووڵایی زات شۆڕبێتەوە و خۆی لەو گوریسانە ڕاپسکێنێ کە بۆ لاسایی کردنەوە ڕایدەکێشن، خۆی لە شێواز و ڕوانگەکانی -فوئاد ڕەسووڵ ناجی- ئازاد بکات، چونکە لە قۆناغێکی زەمەنی دیاریکراودا خواستەکانی زات و سروشتی پێکهاتەکان بە جۆرێکی دیکە بوون..

هاوکات ڕەگەزەکانی دارِشتنی -عەلی جۆڵا-ی لەیاد نەچێ و ئاراستەیەکی ڕەسەنانە بەو ڕەگەزانە ببەخشێ کە لە کوڕاسەکەدا زانستییانە قسەی لەسەر کردوون، ڕوونتر لەناو ئەو ڕەسەنایەتییەی کولتووری شارستانیماندا حاڵەت و تێڕوانینە ئیرۆسییەکان بدۆزینەوە، بوعدە جوانیی و مەعریفییەکانی لەسەر تەوزیف بکەین کە ئێستا -ڕۆستەم ڕەسووڵ ئاغاله- هەوڵەکانی بەم ئاقارەدا دەبات و «حەمید جەمال» لەناو کۆمەڵێ ڕەمز و هێمادا ئەفسانەکانی خۆی بەهەمان ڕێچکەدا سەردەخات، «نامیق عەلی قادر و جەمال موشیر» هەر بەو ئامانجەوە فەزای تابلۆ پڕ دەکەن لەزەخرەفە تا سیمای ئەفسانەیی بدەنە شکڵ، گرنگ ئەوەیە چەندە ئەو شکڵانە لە خزمەتی ئامانجی مەعریفی و ناوەڕۆکی هونەرییانەی تێڕوانینەکاندایە؟!

هەمان پرسیار ئاراستەی -نامیق حەمە فەرەج و چیمەن ئیسماعیل و سۆران ئیسماعیل و سوعاد سەتار و ڕزگار فەقێ عەولاو چەندین



نیگارکێشی سەر بەو وەچەیە دەکرێت بەتایبەت ئەو بەڕێزانەی بە ڕەنگی ئاوی بەم زەخرەفەکارییەی ناو فەزاکان گەمە دەکەن.. چونکە ڕەنگی ئاوی تەبیعەتێکی لینجی هەیە بۆ گوزارشت کردن لە فیگەرەکان و جوان بەدەستەوە دێ. ئەگەر لە هونەری عێراقیدا -جەواد سەلیم- تایبەتمەندی تاق و کەوانەیی ئیسلامی بە نیگارکێشیی دارِشتبێتەوە و - مەحموود موختار- لە وڵاتی میسر تایبەتمەندی پەیکەرسازی و تەلارسازی فیرعەونییەکانی بە ئسلووبی هاوچەرخی شێوەکارانە تەوزیف کردبێتەوە. نکۆڵی لەوە ناکرێ کە -دلێر محەمەد شەریف- ئەزموونگەرانە لەو هەوڵەدایە کە تایبەتمەندی کەلەپوور و ڕەسەنێتی شارستانییەتێکی بزر بووی کوردی لە تابلۆ و مۆتیڤەکانیدا دابڕێژێتەوە و فیکرەی تایبەتمەندی هونەری ئیرۆسییانە بگوازێتەوە.

## زمانی بینین سیستمێکە بۆ پێوەندی ئیرۆسی

زمانی بینین هاوسێی زمانی ئاخاوتنە، هەردووکیان ئامرازێکن بۆ ڕووناکردنەوەی فیکر لەناو ڕۆشنبیراندا، ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوەی زمانێکی جیهانی، بۆ نموونە کە نیگارکێش ڕەنگی خاکی کوردستان بە تێڕوانینی ئیرۆسییانەوە وەک خۆڵێکی تەڕبووی ناو لەپە دەستی منداڵێ ڕەسم دەکاتەوە...

جوانییەکی نوێی دەداتێ کە پێشتر درکی پێ نەکراوە یان ئامادەگی ئاسمان لە تابلۆدا بەتەنیا جوانکاری ڕەنگ و پانتایی نییە هێندەی ئەوەی فەزایە بۆ عەفەوییەت و دەرچوونە لەمەئلووف، بینەر ئەمەی لە جێگەیەکدا بینیوە جێگەکەش سروشتی کوردستانە...

دیارە کە نیگارکێش فیگەرەکانی لێ وەردەگرێ و دەیکاتەوە بەڕەمز بۆ بونیادنانی دیمەنەکان، ئەو فیگەرانە دەبنە ڕەمز بۆ ئازاد بوون لە کۆت و بەندی ئسلووبگەری، چونکە تابلۆ تەنیا پڕکردنەوەی بۆشایی نییە. بەڵکو کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی شکڵ و جووڵەکانی ڕەنگە، تا ئەو گەمە زەینییە

یەکلابێتەوە کە ئامانج تێیدا خوڵقاندنی زمانێکە بۆ بینین.

هەمیشە نیگارکێش پرسیار لە خۆی دەکات چۆن ئەوی تر بەشدار دەکات بە ڕوئیاکانی خۆی، هەمیشە هونەرمەند لە گەشتێکدایە بۆ دۆزینەوەی ئەو دیمەنانەی کە بەڕەنگ (ئیرۆس) تێر دەکەن تا چیرۆکە ئەفسانەییەکانی زات لەناو فەزا و شکڵ و ڕەنگدا بخرێتە بەر دیدی بینەر..



## «ڕوانین»ی دڵداری بۆ جەستەی دولبەرەکان

ئەم بابەتە عەشقێنی کردنی دڵدارێکە لەگەڵ ئەو دولبەرانەی
لە هۆڵەکانی گەلەری کوردستاندا خەڵوەت نشینن

لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا بە ئەزموون و بینینەوەی پێشوەختەوە، لە «٣٠» تابلۆی هەڵبژاردەی ناو گەلەریم ڕوانیوە، ڕوانین بۆ تابلۆ جگە لە یادوەری و کولتووری پاشەکەوت کراو لە زەیندا، مەعریفەیەکی قووڵی گەرەکە، نیگارکێشانی بەشداربوو لە خوولی دووەمی گەلەریدا لە هەولێر هەوڵیان داوە بە ئەزموونەکانیان-زمانی بینراو- پەرەپێ بدەن، هەر کەسەو بە ستایل و میلۆدی تایبەت بە خولیاو ڕوئیای خۆی؛ میراتییەکی هونەرییانە دەخاتە سەر بەشێوەکردنی دەقی ئەم جۆرە زمانەی کە لە شکڵ و جووڵە و ڕەنگ و هێڵدا بەرجەستە دەبن...

### دەرفەتێ بۆ تەماشا

ئەم باسە هەوڵی بینەرێکە بۆ بینینەوەی ئەو نهێنییە کریستاڵییانەی لە هۆڵەکانی گەلەری کوردستاندا بوون، لەم تەقەللایەدا ڕوانین هاندەری دەربڕینە، هەڵبەتە دەربڕین لە بەرانبەر سەرتاپا زەماوەندی ڕەنگ گێڕان، ناساندنی تۆبۆگرافیای زەیینی گەرەکە، ئەم جۆرە تۆبۆگرافیایە لەو دیمەنانە بەرجەستەن کە دەکەونە بەرچاو، ئەوەی لەچاودا ئاشکرایە لە زماندا دیارە، ئەوەش کە لە چاوی سێیەمی مرۆڤ «زەین» پەنهانە لە نووسیندا خستنەڕووی میتامانایە، ئەگەر بمانەوێ لە ڕێی نووسینەوە -میتامانا- وابەستەی ویستی ئیستاتیکا بکەین نابێ دەرفەتی تەماشاکردنی ئەو

تابلۆیانە لەدەست بدەین کە لە ڕێی پەڵە و دڵۆپاندن و ڕشتنی ڕەنگەوە حەکایەت بۆ بینەران دەگێڕنەوە، لێرەدا بەشێک لە تابلۆ شێوەکارییە کوردییەکان هەن، دەکرێ بپرسین لەم بەشە و لە بەشەکانی دیکەی شوێنانی تر، مێژووی شێوەکاری کوردی چی بۆ بەجێ هێشتووین...؟!

ئایا بە تابلۆ توانیویەتی ئیستاتیکا مۆنۆپۆل بکات؛ ستایل و مۆتیڤی شتەکانی دەرەوەی تێپەڕاندووە، یاخود ئەم ڕووبەرە تەختانەی تابلۆ شێوازە جۆربەجۆرەکانی هونەریان تاقیکردوەتەوە...؟

بەو مەتریالانەی کاری پێ دامەزراوە- زمانی بینراو- بەرهەم هاتووە؟ ئەگەر بەرهەم هاتبێ ئەو پڕۆژانە کامانەن کە ڕێگە خۆشکەرن بۆ خوڵقانی وێنەی وتراو؟؟!!

## کردنەوەی دەرگا بۆ دەربڕین

ڕەنگە کورتبینی لەم نووسینەدا هەبێ و هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە لەم پەیڤینەمدا تەنیا چاو و زەیینی خۆم کردبێتە سەرچاوە، تەرازووی لێکدانەوەی ئیماژە و ماناکانیش لە ئاوەزدا هەڵقوولاون، وابزانم هەر کەسێ ئەگەر بە تامەزرۆییەوە چێژ لە ئیستاتیکا وەربگرێت، هێندە چاو کز و زەین کوێر نییە بەو ڕادەیەی نەتوانێ بەهەستەوە لەپانتایی کارێکی هونەری بڕوانێ، کاتێ بەسەر قەڵادا سەردەکەوتم بەهەندێ زەخرەفە و نەخشی سەردیوار دیدەم ڕۆشن بووەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هەستی هونەری لە دێر زەمانەوە لەم قەڵایەدا زەمینەیەکی مێژوویی هەیە، هەر لێرەدا جێگەی یادخستنەوەیە و لە میتۆدی باسەکەشم دەرناچم، ئەگەر بڵێم خانووی (مەلا ساڵح چەلەبی) بەسەر قەڵای دێرینی هەولێرەوە شایەت حاڵێکی دیکەی بۆچوونمە...

لەناو هۆڵەکانی ئەم خانووەدا. ئەوی داڵدەی ئیستاتیکای داوە کۆمەڵێ تابلۆی هەمەچەشنە کە «وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک خوولی دووەمی گەلەریی» هۆڵەکانی پێ ڕەنگین کردبوون، ئەمەش کۆششە بۆ دامەزراندنی



پڕۆژەیەکی هەمەشێوە لەسەر ئاستی کوردستاندا..

ڕوانین چییە..؟... ئایا هەر ساتەوەختێ چاومان بە ڕەنگ و هێڵ و فەزا بکەوێ، چۆن دەربڕین لە بارەیان دەخوڵقێ...؟؟ کە دەڵێم ڕوانین مەبەستم لە – بینین- نییە ئەگینا باسەکە بە ئاراستەیەکی تردا دەڕوات.. ئایا مامەڵەت کردن لەتەک میتامانای تابلۆ و دۆزینەوەی ڕووگەی ئیستاتیکی دەرگاکردنەوەیە بۆ دەربڕین؟

لەم باسەدا دەربڕین درەختی ئەو جێژووانەیە کە تابلۆ و ڕوانین لەژێر سێبەریدا چاوچاوێنی و عەشقێنی دەکەن وەک دڵدار و دولبەرێ.. وەک جووتە عاشق..

لەبەرئەوە چرپە و دیالۆگی دەروونییانە و چاوچاوێنێی دڵدار «بینەر» لەبەرانبەر پانتایی جەستەی دولبەر «تابلۆ»دا تایبەتە بەچێژ وەرگرتن لەو حەکایەتانەی بەزەبری جوولەی پەڵە ڕەنگ و فلچەی نیگارکێش نەخشاون...

وەک بینەرێ کە لە تابلۆکانم دەڕوانی.

لە ئاکامی عەشقێنی چاوم لەگەڵ بابەت و چارەسەر و ڕەنگ و شکڵی تابلۆکانی هۆڵ بە هۆڵی سەیرانگەکەمدا ئەم – دەربڕینانە- لە زەیندا قافڵەیان بەست...

## چاوی بینەر و مانا خوڵقاندن بەسەر پانتاییەوە

یەکەم تابلۆ؛ شەوە ڕۆژێکی گەرمە بۆ ڕەنگەکان، لەپاڵ پەمەییدا ڕەش و سپی جلوبەرگن، گیانی ڕووتی هەور و بەردیان داپۆشیوە، لەناوەندی بارستایی تابلۆدا ئاسۆییانە هێڵەکان بڵندایی ئاسمان و قووڵایی زەمین دەپێون، کاتێ بە (چاو) بابەتی تابلۆکەی- فوئاد کەریم- دەخوێنیتەوە میلۆدییەکی غەمگین بەرەو تارماییەکانی ئەندێشە سەفەرت پێ دەکا..

## کۆبوونەوەی جیهان لەناو شکڵدا

لەبەرانبەر دوڕیانێکدا، تارمایی مرۆڤێک دەبینی کە لە گۆشەیەکی تابلۆکەدا لە شێوەی بەردە، ڕەنگ و سێبەرەکان خۆڵەمێشییانە بەهەڵم بوون، سێبەر لە فۆڕمدا ئەگەرچی تەکنیکیشی پتەو نییە، ئاماژەیە بەماناوەی یادوەرییە تاڵەکان، شکڵەکان ڕەق و تەق و ڕووتن، فەزا بەسەر ڕووبەرەوە وشکە، ئەمەش لە تابلۆی دووەمی (فوئاد کەریم)دا بۆ نەگۆڕان و چەقبەستنی توخمە مادییەکان لە جیهانی بینراودا ڕەنگە وەک ڕەمز بێ، کاتێ مرۆڤیش دەبێتە بەشێک لەو توخمانە، بەیەقینەوە بڕوا بە جیهانی تەمومژی غەیب دێنێ، ئاکام لەبری ئەوەی خەسڵەتی بڵندایی و فەزا کراوەیی بەنسیب بێ؛ ڕەقەڵانی چیا لە دڵ و گیانیدا دەڕوێن...!

## ئاوێزان لە هەردوو جەستەی هێڵ و ڕەنگدا

بەسەر لەشی داڵێکەوە وێڕای زەخرەفەی چەندین دەلالەت و سیمبوڵ، دنیای خێزانی کوردی لەناو پەڵەڕەنگ و هێڵەپان و باریکەکاندا گیرساوەتەوە... ڕووبەری ئەم تابلۆیە چەندین ڕەگەزی لێ بارکراوە، لەبەرئەوە کاتێ بینەر لێی دەڕوانێ چاوی ماندوو دەبێت، چونکە جۆرێک لە دابەشکردنی ئەندازەگەرییانە لە هێڵەکاندایە کە ڕەگەزە شکڵییەکانی بە بابەت کردووە، لەوەدەچێ لە هەڵچوونێکی ویژدانیدا (سۆران ئیسماعیل) زەینی بۆ ئەوە چووبێ؛ جەستەی داڵێک بکاتە باکگراوەند تا کەشکۆڵی شتەکانی بەسەرەوە بنەخشێنێ..

## وێنابوونی گوتار لە تابلۆدا

ئەو دوو ڕوخسارە سەرەو ژێرەی لە تابلۆی دووەمی -سۆران ئیسماعیل- دا بەدی دەکرێن وێڕای ئەوەی هەڵبژاردنی فیکرەیەکی فەلسەفییانەیە بۆ شکڵ، هاوکات کورت کردنەوەی شکڵە و تەنانەت ڕەنگەکانیشە بۆ بارستاییەکی سەما ئامێز، بەمەش بەهایەکی ئیستاتیکی خراوەتە سەر



ڕووبەر، هەردوو ڕوخسارەکە دال و مەدلولن بۆ یەکتر، هەردووکیان ئەگەرچی لەڕوودا ڕیالیزمییانە کێشراون، بەڵام بە کۆمەڵێ دەلالەت و ڕەمز دەورە دراون و، ئەم ڕەمزانە قووڵایی تابلۆکەیان پەلکێشی تەڵزگە کردووە، هەر بوونی تەڵزگەشە لەوێناکردندا کە بینەر دەخاتە سەرسامی و حەپەسانێکی کاتییەوە، ئەم هونەرمەندە توانایەکی باشی لەوەدا هەیە کە بەڕێگەی زەخرەفی گوزراشت لە هەستەکانی دەکات، وێڕای قەڵەبالغی بەسەر ڕووبەری تابلۆکەوە «کە ئەمە زەینی بینەر پەرت و بڵاودەکاتەوە» کەچی گونجانێک لە نێوان هێڵ و ڕەنگەکاندا دەبینرێت..

وادیارە -سۆران- بارستایی بەو دیمەن و وێنە شکڵییانە پڕ دەکاتەوە کە ئەفسانەیین و بەزەینی خۆی خولقاندونی...

## وروژاندنی چێژ لەڕێی سیماوە

ئەگەرچی -عەبدولموتەلیب گەردی- لە هەردوو تابلۆکەیدا گۆزە و میوەجات و کەشوهەوا و سیمای فۆلکلۆری کوردی بەهێڵ و بۆشایی و ڕەنگەکان بەخشیوە، بەڵام لەوەدەچێ جوانی سروشت و ئافرەت بەهێڵی تیژ و کەوانەیی و بەڕەنگە تیژەکانیانەوە خۆڕسکانە چووبێتنە قووڵایی پانتایی و لایەنە تەکنیکییەکەیان سادەتر دەربڕی بێ، ڕەنگ و بەهرە ئاوێزان دەبن وەک بڵێی بۆ وێناکردنی (شیعرەکانی خیام) تێکەڵ دەبن، بەهرەش ئیستاتیکای بەرجەستە کردووە، هەردوو تابلۆکە هەوڵێکن بۆ وروژاندنی چێژ لە ڕێی سیماوە، ئەو سیمایەی ئاوێنەی بینەرە...

## مەغزای پێکەوە لکان و گونجانی ڕەنگەکان

ئەو ڕەنگە گەرم و سارد و بێ لایەنانەی لە سروشتدا هەن بەچەشە و چێژی ئیستاتیکییەوە لەناخی هونەرمەند -شوکر سەعید-دا ڕسکاون، لەوێشەوە بوونەتە پەپوولەی هەست و بەسەر ڕووبەرێکەوە نیشتوونەتەوە، مەرج ئەوەیە لەناو جاجم و بەرماڵ و مافووری کوردیدا ڕەنگەکان بە

روخسارێکی هونەرییەوە تازە بوونەتەوە و هێڵەکانیش بە شاقووڵ و پان و یەکتر بڕیانەوە بونیادێکی هاوسەنگانە لەسەر ڕووبەر پێک دێنن، خاڵی گەیاندنی چاو بە فەزاکانی تابلۆ -گۆزەکەیە- کاتێ بینەر لە گۆزە دەڕوانێ، تینوو دەبێ، تینووی بینینی مەغزای پێکەوە لکان و گونجانی ڕەنگەکان، تینووی پەنجە خشاندن بە جەستەی گۆزەیەکدا، لێرەشدا بینەر هەست بە نەرمایی سەری پەنجەی کیژی سەرکانی دەکات...

## فەزا بۆ بینین

دەنگی شمشاڵەکان بە جریوەی چۆلەکەوە ئاوێتەی ئەو ڕەنگە بەریئانەن کە -شوکر سەعید- لە منداڵێتی خۆیەوە وەریگرتوون، بەرائەتێ بەردەکان لە ئاستیدا دەتوێنەوە، هەر بەردە و بەڕەنگێ، هەر یەکە و بەخەونێ، هەموو پێکەوە ملیۆدییەک کۆیان دەکاتەوە، ئەمە میلۆدی دنیای خەون و جوانییە، بینین لە بەرانبەر ئەو میلۆدییەدا زەمانێک دەتەنێ، زەمانێک کە پێوانە و ئەژماردن قبووڵ ناکات، لەو زەمانەدا (ڕەنگ) تەنیا ڕەگەزێ نییە بۆ زەخرەفە، بەڵکو دەلالەتێکە بۆ سۆز و عاتیفە، بەهۆی نیگارکێشانەوە هونەرمەند نیازمەندە گوێبیستی ئەو نەغمانە بێت کە لە قڵیش و درزی بەردەکاندا تۆمار کراون...

## دۆزینەوەی میتامانا

لەبەردەم تابلۆی دوو تاوسەکەدا (گوزارشت لەدیاردەیەکی سروشتی) نابینین، بەڵکو (تۆماری دیاردەیەکی بینراو) هەست پێ دەکەین، شێوەی تاوسەکان بە باکگراوەندی ڕووبەر تێکەڵن، شێوەکان لەناو یەکتردا تواونەتەوە، ئەو هێڵانەی تاوسەکانی پێ کێشراوە وێڕای وەزیفەی وەسف، وەزیفەیەکی پێکهاتەیی لە خۆدەگرن، شێوە ئەندازەییە و لە قووڵایی تابلۆدا خۆ بزر دەکات، ئەمە سەفەرێکە بۆ گەڕان لە دوای هۆکاری یەکبوونی شێوە بەجوانی، بە مەبەستێ، کە ئەویش دۆزینەوەی میتامانایە، ئەمەش هەوڵێکی ئەزمونکارانەی دیکەی (شوکر سەعید)ە...



## کیژی دوا ساتەکانی ڕۆمانسییەت

هەڵبژاردنی ڕەنگی برۆنزی بۆ کیژە کوردێک کە بەجلی کوردییەوە شانەیەکی داری لەدەستە، وێنا بوونی میتامانای شانازی کردنە بە خەسڵەتەکانی جوان بوونی ڕوخساری دەرەوەی کیژ بە ئسلوبێکی نیمچە ڕەمزی کە ناواخنی لەسەر زاڵە، ڕۆشناییەک بە ڕەنگەکانەوەیە.. دەنگێکی خنکاو لە پشت ئەم جوانییەوەیە، لەوانەیە -واحید مەرجان- بەم شێوەیە ئەم تابلۆیەی دەستەمۆ کردبێ کە لە جوانی واقیع دەرنەچێ، لەبەرئەوە لەم کارەدا مەغزا و غوربەت و خورپە و ڕژانی ڕەنگ نابینین، بەڵکو سادەیی و لیریکییەت و خەندە و خەمێکی شاراوە لە ڕوخسارێکی برۆنزیدا خۆی بەدیار دەخات، کە من وەک بینەرێ ناوی لێ دەنێم (کیژی دواساتەکانی ڕۆمانسییەت)...

## تێڕامانی زاتی لە ڕەسمکردنی واقیعدا

لیریکییەتی (واحید مەرجان) باڵی کێشاوەتە سەر تابلۆی دووەمیشی، بینەر کاتێ لە لۆفەکان و درەختە پاییزییەکان دەڕوانێ، ئەو هێڵانەی وەبەرچاو دەکەوێ کە ئاماژە بەدەنگێکی خەمگینی نێوان سروشت دەدەن...

تێڕامانێکی زاتی بەو ئاوێنەیەوە هەیە کە حاڵەتە واقیعیەکانی پێ ڕەسم کردوون...

## خوڵقانی لیریکییەت لە تابلۆدا

لە تابلۆی وێنابوونی کۆڕەو و ڕووت بوونەوەی درەختەکانی (عەلی لەتیف)دا بەرەهەندێکی دیکۆمێنتانەوە بینەر دەورووژێ، چونکە دیمەنێکی تراژیدی وەبەرچاو دەکەوێ، ئەگەرچی گرتەی ڕێچکە بەستنی خەڵکی لە کۆڕەودا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بەڵام لە تابلۆکەدا هەوڵ دراوە حاڵەتێکی لیریکی بەڕەنگی ساردی خەمناکەوە بخوڵقێندرێ، بەواتا لەڕێی وەشاندنی

فەڵچەوە سۆزێک هەیە بۆ یادکردنەوەی خەمەکان، ئەو خەمانەی لە بارستایی تابلۆکەدان بریتین لە ئاوێزانی خەڵکێکی زوڵم لێکراو کە لەژێر چەتری درەختە وشکە ڕووتاوەکەن کە ئاماژەیە بە مێژوویەکی کڵۆڵ و سەرما بردەڵەی پڕ تراژیدیا و برسێتی...

## شکڵ قڵیشاندنی ناو زەخرەفە

کاتێ بینەر لامسەرلایی و لەنزیکەوە بۆ ناو قووڵایی چوار تابلۆکەی (حەمید جەمال) دەڕوانێ، فەزای تێکەڵ بەزەخرەفە دەبینێ کە بەکیمیای ڕەنگەوە ئاوێزان بووە، بەڵام کە دوو مەتر ئەو بینەرە بچێتە دواوە و لە دوورەوە تەماشایان بکات، ڕۆشنایی سەرهێڵەکان چەند شکڵێکی لا بەرجەستە دەکەن، لە یەکەمین تابلۆدا ڕەنگی زەرد هاوەڵی دوو ڕەنگی سوور و شینە، ئیماژەیە بۆ شکڵی دوو ئەسپ کە یەکتری ماچ دەکەن، لە دووەمین تابلۆدا ڕەنگی سەوز دراوسێیە لەگەڵ هەردوو ڕەنگی سوور و شیندا کە ئەمیش ئیماژەیە بۆ ئەو بازەی بەسەر دەستی کیژەکەوەیە، لە تابلۆکانی تریشدا هەرجارەی ڕەنگێک تەواوکاری ڕەنگی سوور و شین بۆ بەرجەستە کردنی شکڵ و دەلالەت دان بە بینین لەڕووی عاتیفە و ئەوین و ئازایەتی و نەمریدا، لێرەدا دەردەکەوێ کە ئەم نیگارکێشە ڕۆشنبیرییەکی قووڵی سەبارەت بە -بینین- هەیە و لە ڕێی چاوی سێیەمەوە بینراوەکان دەدوێنێ، لەم چوار تابلۆیەیدا، هێڵ وەک موفرەدەیەک ڕەنگەکان دەقڵیشێنێ تا تێڕامانێ دامەزرێنێ، ئەو زیندەوەرانەی جێنشینی ناو قڵیشکاری زەخرەفەکانن بە تەماشایەکی ڕاگوزەر دەرناکەون، بەڵکو بە بینینێکی تێڕامانکارانە دەدۆزرێنەوە، دەبێ بینەر لە بونیاد و هەڵوەشانەوە و لێک بەستنەوەی فەزا بەشکڵەوە شارەزابێ هەروەها پێوەندی جووڵە و نەجووڵان بزانێ، ئەوکاتە هێڵە تیشکییەکان دێنە بەرچاو، چونکە ئەو هێڵانە لەگەڵ ڕەنگدا هەناسە دەدەن، لێرەدا ڕەنگ میلۆدییەکی ئەفسوناوییە بۆ شکڵ...



## مامەڵەی هونەری لە پلەداریدا

سەمتێکی نیوەکەوانەیی لە هێڵدا زاڵە بەسەر فیگەرەکانی هەردوو تابلۆ سروشتییەکەی -ئازاد شەوقی- نیگارکێشدا، ڕەنگەکانیش بەشاقووڵی و ئەندازەییەوە بەسەر دیمەنی سروشتەوە داڕژاون، لەپلەداری ڕەنگیدا مامەڵەیەکی هونەری لەگەڵ جووڵەی هەردوو ڕەنگی سەوز و قاوەیی کراوە، کە ئەو دوو ڕەنگە بەدرەخت و زنجیرە شاخەکانەوە وەدیار دەکەون، ڕەنگی شین و زەرد و سپی و پرتەقاڵیش بە شەفافیەتەوە لەم مامڵەت کردنەدا بێبەش نین...

## داڕشتنەوەی ڕەنگەکان

ئەندازیار بەرێکوپێکی نەخشەی کۆشکێ دادەڕێژێتەوە، بەهەمان هەناسەوە -جەوهەر محەمەد عومەر-یش ئەندازەییانە پەڵە ڕەنگەکان لە شوێنە گونجاوەکاندا، دادەنێت، لە تابلۆیەکیدا شەوی بەرەنگی شین داپۆشیوە و ماڵە کوردێک بەئاگر و ڕەژوو بووە، کە ئەمە دیکۆمێنتە و واقیعی مێژووی خاکێکی سووتاومان بەدیمەن بۆ دەگێڕێتەوە، لە تابلۆی دووەمیدا بینەر ڕۆدەچێتە ناو قووڵایی دەلالەتە ئیستاتیکی و جوانپۆشییەکەی سروشتی کوردانەوە، ئەگەرچی خۆی دەلالەتێکی دەروونی لەناخییەوە بەدیمەنەکان نەداوە، بەڵام فۆرم و شێوە ستایلێکی نیمچە ڕەمزی ڕیالیزمی بەکارەکەیەوە چەسپاندووە...

## بەپڕۆژەکردنی ڕوانین

لە دوو تابلۆکەی -وەهبی ڕەسوول-دا تەوژمی ڕەنگەکان لوولپێچانە و گێژەڵووکە ئاسا هێڵ و شکڵی دەموچاو و ڕووخساریان لەگەڵ خۆیاندا فڕاندووە، ئەم فڕینەی ڕەنگ؛ چاوی بینەر بەسەرسامییەوە دەخەنە ماخۆلانێکەوە... ڕوخساری دەموچاوەکان بەپێی سرووتی ڕەنگەکان چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە، لەم دوو تابلۆیەدا بیرتیژی (حدس) پێش

ئاگایی دەکەوێ، هێڵەکان ئەفسووناوی دەبینرێن و بەئایندەی زەمەنەوە هاوبارگە دەبن... ڕوانین لەم دوو تابلۆیەدا بۆ تێڕامانی دەروونییانە بەپڕۆژە دەبێ... دواجاریش لەکەشوهەوای ئاهەنگسازی ڕەنگدا بزر دەبن...

## پڕکردنەوەی بۆشایی بە ڕەنگ

زەخرەفەی ڕەنگەکان خۆیان فەزا و شێوە و هێڵ و بارستایی بەتەواوی پڕ دەکەنەوە، ئەم سیما ڕەنگینە لە چوار تابلۆی -سلێمان عەلی- دەبینرێت، لە هەریەکەیان سیمای گشتی و ڕوانین بەشێوەیەکە، لە هەریەکەیان ڕووبەر بەو ڕەنگانە چڕە کە بینەر وا هەست دەکا کاغەزی ڕەنگاوڕەنگی ئامادەکراوە و بەکەتیرە بە بارستاییەوە لکێنراوە...

کاتێ بەوردی لەپێکهاتەی سەرجەم کاری تابلۆکە دەڕوانی، هەرجارەی بەجۆرێک ڕەنگ چنراوە، ئەم جۆرە تەون چنینە ڕەنگینە لە ڕووبەردا بەچڕوپڕی بۆشایی ناهێڵێتەوە، بەواتا لەناو تابلۆکاندا ڕەنگ بۆشاییەکان پڕ دەکاتەوە کە ئەمەش ئامرازێکی داڕێژراوە بۆ ورووژانی چاوی بینەر..

## هەڵکۆڵینی سروشت لەزەیندا

سێ تابلۆکەی -فەیسەڵ عوسمان- ئاراستەیەکی دوالیزمانەی تەعبیری و واقیعییان بۆ سروشتێکی ڕەمزی هەیە، لەوە دەچێ لەیادوەری و زەینی ئەم هونەرمەندەدا سروشت هەڵکۆڵینێکی جیاوازانەی هەبێ...!

لەناو گژوگیادا خەمێکی دێرین هەبێ، لەپاڵ شاخدا کیژێکی جوان، بەڵام دڵڕەق و چەماوەیە و بە تووڕەییەکی شاراوە خۆی حەشار داوە، ئەم دیمەنانە لە ژێر ڕوئیای ئاسمانێکدایە کە ڕۆشنایی تێدا بزر نابێ، زبرییەک هەست پێدەکرێ، زبری لە ڕەنگدا، زبرییەک دەیەوێ ئەو بێ دەنگییە بشکێنێ و تووڕەییە شاراوەکەی خۆی دەربخات، لیریکییەتی فەیسەڵ عوسمان لەم سێ تابلۆیەدا هەوڵێکە بۆ ناسینی میتاسروشت لە سروشتدا..



## کاتێ سروشت لە تابلۆدا گۆڕانکاری بەسەردێ

کاتێ وەرزەکان و زەمەن بەڕەنگەوە کۆت و بەند دەکرێن، دیمەنە سروشتییەکانی -عیماد عەلی- کەشێکی فۆلکلۆری لە گێڕانەوەی سرووتەکاندا دەخەنە بەرچاوی بینەر... کاتێ هێڵ و ڕەنگ دەبنە پردی نێوان بینەر و سروشت و لیریکییەتێ بەو دیمەنانە دەدرێ کە دوارۆژو ڕابردوو لە ئێستای خۆیدا کۆدەکاتەوە.

لەم کاتانەدا گۆڕانکاری کەشوهەوای خەمگین و هێمن و تراژیدی سروشتی کوردستان بەردەوام بەڕووبەر دەبێت و لەپالێتەوە دەگۆڕێت، ئەمەش جۆرێکە لە ڕەسم کێشانی سروشت..

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا ئاماژەمان بە – ڕوانین – دا، بە چەشنێ لە «٣٠» تابلۆی «١٣» هونەرمەندمان ڕوانیی کە هەریەکەیان بەشێوازی هونەری تایبەت بە خۆیان فیگەر و شکڵ و ڕەنگ و هێڵ و کەرەسەیان خستبووە خزمەتی بەهای ئیستاتیکەوە و سیمایەکی هونەرییان بە حەز و خولیا و ئەندێشە و بابەتەکان بەخشی بوو..

– شوێنی نمایش کردنی ئەم تابلۆیانە گەلەری کوردستانە لە خوولی دووەمیدا..

لەم بەشەی دووەمی باسەکەمدا بۆ چەندین تابلۆی دیکەی نمایشکراو لە گەلەریدا دەڕوانم، هەرچەندە پێشتر ئامانج و مەبەستم لەم ڕوانینانە ڕوون کردۆتەوە، دەشزانم کە بینەر لە ڕوانینی بۆ تابلۆ بەرلەوەی ئامرازی گوزارە یان بیرۆکەی لەلا بخوڵقێ، بەهایەک لە چەمکی ڕۆحدا سەردەردێنێ، کە ئەو بەهایە بە هەردوو دیودا – دال و مەدلوولە –، لەوەدا بینەر – داله – کە بە چاوی خۆی لە تابلۆدا وەزیفەی شتەکان دەبینێ کە بۆ بەهایەکی جوان و چێژبەخش گۆڕدراون، ئەوەش مەدلوولەکەیەتی کە بینەر حەز و خولیا و چێژەکانی لە فۆرم و ڕەنگەکاندا دەبینێتەوە، یان ئەو زانین و ڕەمز و سێبەر و ڕووناکی و هێمایانەی بەسەر ڕووبەرەوەن دەبینرێنەوە، زەمان لەم بینینەدا

رووبەرێکی وێناکـراوە، بەڵام دەربڕین لە ڕوانیندا دەبێـتـە رووبەرێکی نووسراو:

***

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم ماوەی «١٦» ساڵ دەبێ لە زۆربەی زۆری تابلۆ نمایشکراوەکانی ناو پێشانگاکانی هونەرمەندانی کورد بە وردی دەڕوانم، ئەگەرچی پێشتر دەربڕینەکانم تەنیا لەسەر رووپەڕی لاپەڕە و دەفتەری میوانەکاندا دەنووسییەوە، بەڵام بەپێی سەلیقەو ئەزموون پەیداکردنم لە هەموو ئەو تەماشاکردنانەدا هاوکات لەگەڵ پەی بردنی چاوم بە زۆربەی شکڵ و فۆرم و چۆنیەتی داڕشتنەوەی ڕەنگ و دانانی فیگەر و ناوەڕۆک و مەغزا، ئینجا دەڵێم بینینەوەی توحفەی جوان مەحاڵ نییە، بەڵام گەلێ گران و دەگمەنە، چونکە تا ڕۆحی بینەری بەسەلیقە بە دنیای ناو تابلۆکە ئاوێتە نەبێ و ئەو دنیایە سرووت یان شتێکی تازەی لا نەخولقێنێ، ناتوانرێ ئاستی داهێنان لەو تابلۆیەدا شارەزایانە دیاری بکرێت.. کاتێ مرۆڤ وەک بینەرێ هەندێ لە کاتی خۆی بۆ تەماشاکردنی چەندین پێشانگە تەرخان بکات با پسپۆرایەتیش وەرنەگرێ، بەڵام چەند زەمەنێ دەبینێ کە وێنە دەکرێن، هەر جارەی بە فۆرمێ یان ڕەنگێ، هەر ساتەی بە ناوەڕۆکێ، نەهامەتیش لەوەدایە کە لە هەموو قۆناغ و ساتەکاندا هەمان فیگەر وەک خۆی بە ڕەمز و مانای پێشووی دووبارە بیبینێتەوە، هەر لەبەر ئەوە داوا لە نیگارکێش دەکرێ وێڕای ئەکادیمیەت لە کارەکەیدا بە عیشقەوە پەرە بە ئەزموون و تەکنیکی نوێ بدات و فیگەرە باو و سواوەکان بەهەمان مامڵەتی دوێنێ و چارەسەری هونەرییانەی پێشینەوە دووبارە نەکاتەوە.. ئەوەی لەم گەلەرییە و هەموو ئەو پێشەنگا و گەلەرییانەی شارەکانیشدا بەدی دەکرێن ئەوەیە کە ناوەندی شێوەکاری کوردی لە شێواز و ڕێبازەکاندا «هەمەجۆریی» تێدایە، ئەم هەمەجۆرییە نەیتوانیوە هاوڕوئیایی لای بینەران پێک بهێنێ.

***



لێرەدا نامەوێ ئەو حەقە بەخۆم بدەم کە هەموو ئەزموون و خورپەو چێژی هونەرمەندانی بەشداربوو لە گەلەریدا بخەمە سەر کاغەزی سپی، شیکردنەوەی ئەو هەموو فۆرم و هێڵ و پانتاییە ڕەنگیانە هەروا بە سانایی لە قالبی چەند دەستەواژەیەکدا دانارێژرێتەوە، توانەوەی هەموو ئەو تابلۆیانە لە ڕوانینێکدا قالب ناگرێ، چونکە ئەوانە بە ڕەنگاوێکی جوانی دنیا ئاوێتەن و بە باس و دووان تەواو نابێ، ڕەنگاوێکن شێوەی جلوبەرگ، مرۆڤ و باڵندە و مانگ و خۆر و ئاسمان و شەو و درەخت و ئاگرو کانی و بەردیان بە خۆشەویستی داپۆشیوە.. جوانترین جلوبەرگیش ئەوەیانە کە بە ڕوئیایەکی تازەوە گوزارشت لە ڕۆحی کولتووری و ناو ماڵی نەتەوەیی کورد بکات، هەر تابلۆیەک ئەو گوزارشتەی پێکابێ ئەوە بە پلیکانەی سەرکەوتنندا چۆتە سەرەوە، با جلوبەرگەکانیش هەریەکەو لە جۆرێک بن و لە یەکتر جیاوازبن، لەوانەیە جیاوازییەکان لەسەر ئاستی قۆناغ و مانا و شکڵ و پانتایی و سەردەمی چنینیان بن لەلایەن نیگارکێشەوە، تەنیا جومگەی لێکچوون و یەکانگیری لە سەرجەم تابلۆکاندا جومگەی جوانناسییە، گرنگ گەیشتنی نیگارکێشە بە ڕێباز و تەکنیک و شێوازی هونەری تایبەت بەخۆی، تا لەوێوە حەزی شڵەقاو و ویستی ورووژاوی خۆی سەربەستانە بڕەنگێنێ، بەو ڕەنگاندنەش بوونی خۆی بەسەر نەخشە بچکۆلەکەی شێوەکاری کوردییەوە بسەلمێنێ.

***

لەم بەشەی باسەکەماندا «٣٠» تابلۆی دیکەی ناو گەلەری کوردستان دەخوێنینەوە کە هی «١٧» نیگارکێشن، ئەوانیش فەزای هەمەجۆریان لە کاردا پێک هێناوە، هەریەکەیان بە جۆرێک بایەخی بە هێڵ و ڕەنگ و سێبەر و ڕووناکی و ڕووبەر و فیگەرەکان داوە، هەر کەسەو بەشێوەیەک هەست و نەستی خۆی دەربڕیوە، چ بە وێنەکێشانی شتەکانی دەوروبەری خۆیان، یان بەرجەستەکردنی خولیاو خەیاڵەکان، بەو شێوەیە مامڵەتیان لەگەڵ تابلۆدا کردووە و کەڵکیان لە قەبارە و شێوە و بارستایی هەمەچەشن

وەرگرتووە، بە ڕژاندن یان دڵۆپاندن یان فلّچە وەشاندن بەسەر کارتۆن و قوماش و دار و شتی تر، ئەمەش بە کەرەستەکانی پاستیل و ڕۆترینگ و ڕەنگی زەیتی و ئاوی، کوتلەکانیان دابەشکردووە..

## تەولیف کردنی – داو دادە– لە تابلۆدا

هونەرمەند– فەرهاد عەزیز–ی نیگارکێش لەدیوی ناوەوەی خۆیەوە لە–بوون– دەڕوانێ، ئەو بوونەی یادەوەری منداڵیتی و مەمک مژینی کۆرپەلەیی و (داو دادە) بزر ناکات، ئەو بوونەی کە بە خوێن بەربوونی دوای شەوی پەردە، ڤینۆسی خەیاڵ ناشێوێنێ...

وەشاندنی فلّچە بەو عاتیفەت و هەڕەمەکییە زەینییە وا لەبینەر دەکات بە دوای مەغزا و ڕەمزەکانی تابلۆدا بگەڕێ تا بۆی ڕوون بێتەوە ئەم هێڵ تێکەڵ کردن و ڕەنگ فڕێدانە چ تەفسیرێ بۆ خەون لە هەگبەیدایە، چ تەئویلێ بە مرۆڤ دەبەخشن لە نائاگاییدا؛ یان لە کاتی جووتبوونی زیندەوەرە عاشقەکاندا...؟!!

دوای ئەوەی فلّچە ڕۆڵی ئەندامی نێرینەیی لە نەستی نیگارکێشدا وەردەگرێ، ئەم خوێنە سوورە ئاکامە یان دەروازەیە بۆ چێژ..؟

یان ئەوەتا سەرەتای لە دایک بوونەوەیە، وا دەزانم لە کاتی بینینی ئەم تابلۆیەدا– کوشتنی باوک– بەرچاوی بینەر دەتەنێ، ئەگەر وانەبێ، ئەوە چاوی بینەر بە نەزۆکی لە تابلۆکانی ئەم نیگارکێشە دەڕوانێ..

## بزر بوونی دەلالەت لە دانانی فیگەردا

ثیمە هەڵبژێردراوەکەی تابلۆکەی– عەزیز سەلیم– گوزارشتە لە تراژیدی بوونی کارەساتەکەی هەڵەبجە، فیگەر و ڕوخسارەکانی لەناو شاخێکدا توانوەتەوە، ئەمەش ڕەسم کردنی بابەتە بە شکڵ، ئەم تابلۆیە زۆرجیاواز نییە لەو سەرچاوەیەی کە لە هەستی هونەرمەندا؛ بووە بە پاشخانێ بۆ بابەت خولّقاندن، هەردیمەنێکی فەناکردنی مرۆڤ بە چەکی کوشندە



سنووری شوێن و زەمان دەبڕێت، هەوڵی هەر نیگارکێشێ لە بەرجەستەکردنی ئەوەی دەیبینێ و بیری لێ دەکاتەوە بەهەمان ئەو ستایل و شێوەیەی کە لەواقعدا بینەریش بینیونی، قوربانیدانە بە تەکنیکی هونەری بۆ خاتری ئەوەی بەسەر ڕووبەری وێناکراوەوە ثیمەیەک و مەرگەساتێک و فەنابوونێ وەیادی بینەران بهێنێتەوە، بە واتا ئاستێکی دەلالی و ڕەمزی لە دانانی فیگەرەکاندا بەسەر ڕووبەرەوە بەدی ناکرێت، بەڵکو ئاستێکی بینراو و دانانی ثیمە لە شکڵدا هەیە..

## کۆیلەکانی دەروون

کاتێ نیگارکێش وەک کۆیلەیەکی دڵسۆز و بەوەفای بەردەمی پیاو هەست بە هاوڕەگەزەکانی خۆی دەکات، یاخود کاتێ ئافرەت دەبینێ لەناو تەونی ترس و پەی نەبردنە بەو فاق و تەڵە و تەپکانەی کە بەناوی ئەڤینەوە پیاو بۆی دادەنێتەوە، لەوکاتەدا– نازدار ئەحمەد گلی– لەناو شەفافیەتی ڕەنگدا نەخشە بۆ جیهانی فکر و خەیاڵ دەکێشێت، ئەرکێکی تر بە قوولە ڕەشەکان دەبەخشێ، لەوانەیە ئەو قوولانە ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی ڕەشی خەڵکانێ بێت و نیگارکێش بەو زمانە ئیستاتیکایە گوزارشتی لێ بکات، ئەو سەمایەی کۆیلەکان دەیکەن جوانتر دەبوو گەر لە جووڵەی ڕەنگ و ڕەزمی مۆسیقادا سەرچاوەی وەربگرتایە، تابلۆکەی نیگارکێش لە هۆڵی سێیەمی گەلەریدایە و بەشێوەیەک بایەخی بە تەکنیک داوە بەومەرجەی لە خزمەتی فیکرەکەدا بێ، فیکرەیەک کە بەلای بینەرەوە تەحویل دەبێ بۆ ڕوئیای خەیاڵێک، گەرچی بارکردنی فیکرە بەسەر تابلۆوە کەمێ لە چێژی بینین کەم دەکاتەوە..

## وەدەرنانی شکڵ لە پانتاییدا

لە تابلۆیەکی– بەهائەدین شێخ کەریم– کە لە هۆڵی پێنجەمی گەلەریدا نمایش کراوە هیچ قووڵاییەک لە پانتاییدا نابینین، ڕەنگ؛ زبری و نەرمی و بڕی و لووسی پێوەدیارە و وەک خەمیرە زات و خەیاڵ و زەینی

نیگارکێشییان پێگەیاندووە، لە ناو پەڵە پەڵەی سوور و شین و مۆر و قاوەییدا هێڵەکان شەپۆل دەدەن، ئەم فەزایە ئەئویلاتێکی زۆر هەڵدەگرێت..

هەر پەڵەیەک بۆ خۆی بەشێکە لە پاڵ ئەوی تردا، لە نێوانیاندا بە مەبەست زۆر بۆشایی بەجێماوە، لەوەدەچێ ئەم تابلۆیە بەسەر رووتەختێکەوە دانرابێ و نیگارکێش لە ساتەوەختی رەنگ رشتندا بەدەوریدا سوڕابێتەوە تا کردویەتیە بەشێک لە رووداوی شێوەکاری، رووبەر بۆ گوزارەکردن وەک مێشوولە پێوەی دابێ بەو شێوەیە هەوو زیپکە بەسەرییەوە هەڵتۆقیون..

لەو رووەوە کە نیگارکێش لە رشتنی رەنگدا بە روئیایەکی ناخەکی ویستویەتی کۆت و بەند تێک بشکێنێ، لەرێبازی دەربڕینکاری تەجریدی نزیک بێتەوە، بەڵام وەک باس دەکرێت هونەرمەندانی ئەو قوتابخانەیە بەرلەوەی شۆڕشێ لە دژی شکڵ بکەن، رەگ و ماک و سەرچاوەی مەعریفەی شکڵی بەلایانەوە چەسپاوە، چونکە کاتێ تەوژمی تەجریدی ناشکڵی بەناوی «Action painting» دامەزرا، لەو تەوژمەدا وێناکردنی رووداو و بەرپەرچدانەوەی نەستی، دەبوونە سەرچاوە بۆ ئەفراندن و خۆڕزگارکردن لە کۆت و بەند....

## تکاندنی رەنگ بەسەر بارستاییەوە

کاتێ بتەوێ شکڵێ ببینی کە لەناو پرژاندنی رەنگدا خەریکی سەمایەکی بالیە ئاسا بێ، ئەوە تەماشای هەندێ تابلۆی- هۆشەنگ عەبدولرەحمان- بکە، ئەم نیگارکێشە فیگەر و شکڵی شڵەقاوی لە زەیندا تکاندۆتە سەر رووبەر، شێوەکانی بەسەر جوگرافیای بارستاییەوە چڕ کردونەتەوە، کە ئەمەش مێژووی کۆمەڵگەیەک دەگێرێتەوە لە خەیاڵکردن بە سێکس و حەزکردن بە ئازادی و هەست کردن بە جوانی و ئومێدکردن بە نەمری، تۆبڵێی نیگارکێش بۆ هەموو ئەمانە کلیلی خۆی هەبێ..؟!



## سرووتێک بۆ رۆشنایی

(سالار مەجید) لە تابلۆ بەشداربووەکانیدا تەرکیزی خستۆتە سەر بەرهەمهێنانی رۆشنایی، لە رۆشناییدا رەنگی بەناو چوارگۆشەو لاکێشە و سێگۆشەدا دابەشیوەتەوە، رەنگەکانی خستۆتە ناو سرووتێکەوە، پێکەوە باوەشیان بەیەکتردا کردووە و لە ئارامیدا بۆ گریانێکی بێدەنگ جێنشین، ئەمە یەکبوونی میلۆدییە لەناو بونیادی تابلۆدا، میلۆدییەک کە لە ژیانی رۆژانەماندا هەستی پێ ناکەین، رەنگەکانی نیگارکێش سێبەر و رۆحانیەتی زەخرەفەیەک دەخاتە بەرچاومان کە لە زەخرەفە مادیەکانی واقعەوە دوورن..

## دامەزراندنی ئۆرگانێک لە ئایندەخوازیدا

تابلۆکەی- ئاشنا عەبدوڵڵا- لە پرسیاردا ماخۆلانێتی، بەدوای حاڵەتە تازەگەرییەکانی جووڵەدا دەگەڕێ، جووڵە لەو تابلۆیەیدا کە بەهۆڵی سێیەمەوەیە، لە چەقەوە بەرەو گۆشەکان تەشەنە دەسێنێ، لە چەقدا قووڵایی زەمەن بەدی دەکرێت، کاتێ بینەر لەگەڵ تابلۆکەدا دەوەستێ رووبەرووی جیهانێکی بزۆز دەبێتەوە...

ئەم نیگارکێشە دەیەوێ ئۆرگانێک بۆ خۆی لەناو موستەقبەلیەتدا دامەزرێنێ، ئەگەرچی ژیانی ئەندێشەمەندی رۆژانەی بەو رەنگانەوە بۆ سەر تابلۆ دەگوازێتەوە، وەک بڵێی بیەوێ بەرەنگەکان تەمسیل بکات و تەوژمی هەستەکانی بکاتە تەوژمی رەنگ بەسەر پانتایی تابلۆوە...

مەرج ئەوەیە ئەو جووڵانە هارمۆنیەتێ لە شەپۆلەکاندا بخولقێنێ و رۆشنایی زیاتر بەرەنگەکانیەوە بدرەوشێنێتەوە، هێڵەکان چەماونەتەوە؛ شکاونەتەوە، هێندەی مامڵەت کردن بەهێڵ، لە دابەشکردنی فۆرمەکەیدا مەغزایەکی قۆقزیانەی خستۆتە روو...

## گەمەکردن بەسێبەر

لە تابلۆکانی- سلێمان شاکر-دا پێکهاتە و بنەمای ئەکادیمی لە ڕەسم کێشاندا بەدی دەکرێت، کەرەسە و بابەت و تەکنیک لە پێناوی گواستنەوەی جوانی خۆرسکە بۆ سەر ڕووبەر، لەو جوانییە خۆرسکەدا سێبەر و ڕووناکی، دووری و نزیکی، زەرووڕەتی خۆیان لە دەربڕیندا دەخەنە ڕوو، چنینی ڕەنگەکان سادەن و میلۆدییەکی گونجاو بە خۆیان دەیانلەرێنێ...

## کاتێ ڕەنگ گوزارشت لە شکڵ دەکات

لە هەردوو تابلۆکەی- جەمال سەلیم-دا ڕووبەرێکی ڕەساسی فیگەر و شکڵی قاوەییانەی تارماییەکانی لە ئامێز گرتووە، وا هەست دەکەم لە ڕوئیایەکی ڕەمزیدا خۆڵەمێشێتی دنیا و قاوەیی بوونی مرۆڤی بێ سۆز و ئەوینی داڕشتوەتەوە، بەواتا کەرەسە مادیەکانی جیهانی بینراو لەبەرد و شاخ و ڕەقەڵانیدا ئیلهامن بۆ نیگارکێش و بە زناکی شێوەکارییەوە توخمە ڕۆحانییەکان و ڕەگەزە ئیستاتیکیەکانی دەوروبەری دەخاتە قاڵبی کەرەسەکانەوە..

لە ئاسمانێکی بێ خۆر و باڵندە و باران و پەلکە زێڕینەدا دەبێ چاوەڕێی ئەو بێ سۆزییە بین کە نیشتوۆتە سەر دیمەنی مرۆڤە چیایەکان، مرۆڤە قاوەییەکان بەهێڵێک لە پانتاییدا جیاکراونەتەوە.. گەرچی هێڵ و ڕەنگ لەم تابلۆیانەدا بوونی سەربەخۆی خۆیان دەپارێزن، بەڵام بۆ پێکهێنانی میلۆدییەک بەسەر ڕووبەرەوە لەیەکتر جیادەبنەوە، ڕەنگەکان گوزارشت لە شکڵەکان دەکەن، شکڵەکانیش بە تەنیا لە ڕەنگی قاوەیی و خۆڵەمێشیدا ڕۆشناییان بەردەکەوێ..



## وروژاندنی ڕوخسار بەفیگەر

جۆرێکی نوێ لە فەزا بەڕەسمکردنی- سامانە ڕەش- دیارە، لە دووتابلۆی ناو گەلەریدا ئەم نیگارکێشە فیگەر و ڕوخساری دووکەسی بە ملی درێژ و دەموچاوی ساویلکەوە نەخشاندووە، (شێوە) پێوەندی بە ڕووتەخت و پانتاییەوە هەیە، نیگارکێش لێرەدا بە چەند جووڵەیەکی خێرا و تووند و بەهۆی فڵچەوە سۆز و هەستی دوو مرۆڤمان بۆ دەردەبڕێت کە هەردووکیان ڕەنگ و هێڵی هەمەجۆر بە گیانیانەوەیە، ئەمەش بەدیلە بۆ جلوبەرگ، شوێن نادیارە، زۆربەی بارستایی دەوری کەسەکان بریتین لە بۆشایی...

لەوەدەچێ هونەرمەند نەیوستبێ درێژدادڕی لە دەرخستنی شێوەدا بکات تا زەینی بینەر تووشی دابڕان نەبن و تەنیا بە فیگەر بوروژێن...

## دۆزینەوەی کوتلە بۆ درکاندنی ڕاز

هونەرمەند- ئازاد محەمەد سەعید- درکی بەوە کردووە کە وێناکردنی مرۆڤ لە تابلۆدا بەشێوازێکی دوور لە واقیع بەرجەستە دەکرێت، فیگەرەکان میکانیکیانە دەجووڵێنێ، لە دەرگایەکی گومەزییەوە بۆ ڕۆشنایی ئەوین و یادەوەری کلتووری دەڕوانن، لە تابلۆیەکیدا حەقیقەتێ هەیە قابیل بە گۆڕان، نیگارکێش لە دانانی فیگەرە تێک شکاوەکانی خۆی دڵنیایە، لەو مەغزایەش تێگەیشتووە کە بۆچی ئەم شکڵە میکانیکیانەی لەناو ڕەنگەکانی سوورو شیندا تێکەڵ بە باکگراوەندی سروشتی کردون و فیگەرەکانی خزاندۆتە ژێر سایەی شەش پاڵوویی و تەکعیبییەتەوە، لە کاتێکدا هەڵبژاردنی ڕەنگەکان تاریکن، ئاماژە بەو خەیاڵاتە دەدەن کە مرۆڤ لەناویدا دەژی بۆ گەیشتن بە دواڕۆژێکی ڕووناک تا لەوێ نهێنی ڕازەکان بدرکێن، زۆربەی پانتایی لەم وێنەیەدا بەڕەنگی سادە پڕ کراوەتەوە کە لەوانەیە بە کاریگەری بووکە شووشە و دنیای تەلیسماوی حەکایەتی بەرئاگردان ئەم ڕەنگانە لە زەینی نیگارکێشدا

خولقابن، ئەمیش بە زەیت و قەڵەم لەسەر کارتۆن دەیاننەخشێنێ، بینەر بەهەمان هەست و تێفکرینی نیگارکێشەوە لەم تابلۆیە ناڕوانێ، چونکە گەمەکردن بە هێڵ و بەجێهێشتنی بۆشایی زیاتر بینەر ڕادەکێشێت و هانی دەدات بەدوای چەند مەدلولولێکدا تەفسیر بدۆزێتەوە، فیگەرەکانیش لەناو کەشێکی هێمنانەدا بە پاڵپشتی تەکنیکەوە بوونەتە ڕەمز، لەم تابلۆیەدا نیگارکێش دەرەقەتی ڕۆچوون بە قووڵاییدا نەهاتووە، وەک پەرچەکردارێ بۆ شێوە، لە ئاوێنەوە سروشتی لە دەروازە گومەزییەکەدا داناوەتەوە..

### کرانەوەی فەزا

– نەشوان جەلیل–ی نیگارکێش بەڕووی چاودا فەزای تابلۆ دەکاتەوە، بە قاڵدرمەدا وەسەر دەکەوێ تا توخمی کیمیای ڕەنگەکان لە ڕۆشناییدا حارز بکات..

بەکارێکی تەجریدی، ئەوین و عاتیفەیەک دەخاتەوە بەرچاوی بینەر بەو ڕادەیەی بینەر دەخاتە ئەو خەیاڵاتەی کە پێش و پاش و چەپ و ڕاست و سەر و ژێری بوونەتە فەزا...

### ڕاوکردنی دیمەن بەچاو

لە چەند تابلۆیەکی ئاوێنەیی–دارا محەمەد عەلی– زۆربەی هێڵەکان بە قەڵەم ڕەساس و قەڵەم بۆیە کێشراون بە ڕێگا و ئسلوبی خۆی چرکەساتی زەمەنەکانمان بۆ ڕادەگرێ، کاتێ جوتیارێ هونەریانە لە تابلۆکەیدا فیگەر لەناو فیگەر و تابلۆ لەناو تابلۆ بەرجەستەی دەکەن، یان شوانێک لە ساتەوەختی جێژواندا یان ئەو دوومنداڵەی بەسەر بەردێکەوە دانیشتوون و باکگراوەندیشیان شەپۆلێکی ڕەنگ خاکی شێوەی ڕەنگی شاڵ و چیایە، ئەمە ڕاوکردنی دیمەنە لە ڕێی چاوەوە، پرسیار کردنە لە ڕابردوویەکی کولتووری، جەخت کردنە لەسەر بینای مەنزور، کە چاوی بینەر بەرەو پشتەوەی فیگەرەکان دەخزێنێ، تا ئەو گۆشە و پێکهاتانەش ببینێ کە



بەشکڵ و دیمەنەکان تێکەڵ بوون، تەنانەت جێ هێشتنی بۆشاییەکان جۆرێک لە دیمەنی ئاوێنەیی دەخولقێنن..

### ڕۆڵی نەست لە فەزا خولقاندندا

لەناو تابلۆ میناتۆرییەکانی– د.ئیبراهیم ئیسماعیل حەمەڕەش–دا جگە لەوێنەی گوندەکە کە لەوە دەچێ بە هەوری یادەوەرییەکانەوە داباری بن، دوانەکەی تریان کاتێ بینەر لێیان دەڕوانێ وا دەزانێ نیگارکێش چەند بۆیەیەکی تێکەڵەی هەڵڕشتووە، لە دوای هەڵڕشتن کەوتۆتە هێڵ کێشان و دابەشکردنی کوتلە و ڕەنگەکان، ئەمەش بەهانەیەکی نەستیە لەو فەزا وێناکراوەدا بۆ بە ئاکام گەیاندن لە ڕێی ڕەنگەوە، لێرەدا کاری هونەری دەچێتە قاڵبی حەقیقەتە زەینییەکانەوەو نزیکە بە دەربڕینکاری تەجریدی..

### جووڵاندنی ماسوولکە و بزواندنی زەین

دیسان نیگارکێشێکی تر تابلۆکانی هەر لەو دنیای تەجریدەوە نزیکە ئەویش (حەمید شەریف)ی هونەرمەندە، کە لە کارەکەیدا جووڵەی ماسوولکە و زەینێ بزواوە بۆ خستنەڕووی چەند شێوەیەکی تەجرید بوو لە بۆشاییدا، ئەمیش لە کارەکانیدا بەر لە شکڵ تەرکیزی خستۆتە سەر ڕەنگ، هەر بەڕەنگ تارمایی مرۆڤێ بە بێ چاوولووت و دەست و پەنجە و قاچ و گوێچکە و لە حاڵەتێکی هونەریدا دەبینرێت..

### داشۆرینی حەزە شەیتانیەکان

تابلۆ سوریالیەکانی (مەحموود ئەحمەد) لە خەون و حەزەکانی ڕۆژگارەوە هەڵێنجراون، شکڵێکی وای بەشتەکانی دەرەوە داوە کە بینەر بخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە مەغزا و حەقیقەتێکی قووڵ لە ژێرەوەی ئەم شتانەدا بۆ مرۆڤ لە بۆسەدایە... لێرەدا نیگارکێش دەیەوێ ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو بۆسەیە بە شێوازێکی کاریکاتێری کەشف بکات، شێوەکاریانە شتە مادیەکانی چین و توێژی بازرگانەکان دادەشۆرێت، ئەو

بازرگانانەی کە حەز و ئارەزووی خۆیان هەر لەسوار بوون و پڕ کردنی گەڵدا دەبیننەوە، کەواتە بەر لە دەرخستنی شکڵ، دەیەوێ ناوەڕۆکێ بە زمانی چاو ناس بکات...

پوزی گۆرەوی لەپێ بۆ خۆی سەربەخۆ دەجوولێ.. عابا لە شێوەی لەشێکی ڕووتی گاڵتە ئامێزەو خانوو بەسەر ماشێنەوەیە... تاد. لەم تابلۆیانەدا وزەیەکی ئیحائی بەدیمەن دراوە، لە حاڵەتی ئاسایی (دیمەن) دەرهێنراوە..

## دینامیکیەتی هێڵەکان.. دیارخەری شتەکانن..

هونەرمەند- دلێر محەمەد شەریف- بە دوو تابلۆ بەشداری لە خوولی دووەمی گەلەریدا کردووە، هەردوو بریتین لەو مۆتیڤانەی کە لە گۆڤاری - ڕامان - بڵاوی کردونەتەوە، بەڵام لێرەدا بینینی چاوی ڕاستی نیگارکێش پێوەندی بەدڵی لای چەپی ڕەنگەوە کردووە، پێوەندییەک لەناو جەرگەی بەشت بوونی مانا و شەقڵ گرتنی ئاژەدا سەردەردێنێ، لە لێوارەکانی ئەم پێوەندییەشدا ئاواز و هێڵ.. یاد و هەنووکە.. دەخوێنرێتەوە. پێشتر لە هەڵسەنگاندنێکی ئەم نیگارکێشەدا ئاماژەم بەو - لیبیدۆ-یە داوە کە حوزنێ بۆ شادمانی لە شکڵدا دەگۆڕێت، ئێستاش لەگەلەریدا لە دوونمایشی دەڕوانم کە بەسەر فەزایەکی چۆڵەوە دنیای کۆلاژ و زەخرەفەکاری بەرجەستەن..

فیگەرەکان تەولیفی شتەکانی خۆیان لەگەڵ پێوەندییەکانی دەوروبەر ساز دەدەن، دەیڵێمەوە جگە لە ڕەنگی سوور و سپی و قاوەیی گرنگیدان بە ڕەنگی شین بەسەر کردنەوەی کولتوورە، ئەمە لە کولتووری کوردیشدا زەمینەیەکی دێرینی هەیە هەر لە کوژەکەی سەرلانک تاملوانکەی گەردن تا چاوەزار و چاونفووسی سەردەروازە و باڵەخانە و لەپکە شینەی سەرتەوێڵی چێڵ...تاد، بەڵام مەلەکردن لە ڕەنگی شیندا ڕوانینە بۆ دوورێکی دوور، موغامەرەی گەشتێکە بۆ ئەودیو خەیاڵ و سنوور، گەڕانەوەیە بۆ



وێستگەکانی یادوەری، دانانی ڕەنگ لەسەر هێڵەکان وەک فڕێدانی گوڵ و ئاوریشمە بۆ سەر قوماشێک لە کاتێکدا هەر هەمووی بۆیەی زەیتین..

هێڵە کەوانەیی و بازنەییەکان لە شێوەی دڵۆپە ئاو و گوڵ و گۆزەدان کە دەربڕینە لە دنیای تەکنیک و ئەزمونگەرێتی نیگارکێشێ کە خۆی بە هیچ ڕێبازێکەوە گرێ بەند نەکردووە..

تێبینی: لە دوای ڕاپەڕینەوە، سەرەتا لەلایەن «نامیق عەلی» بە بەربڵاوی لە ڕۆژنامەکاندا مۆتیف جێبەجێ دەکرا، ئەوانەی لەم دواییەشدا بە مۆتیف حزوریان زۆرە جگە لە دلێر، دارا محەمەد عەلی و ئیسماعیل خەیات و چەند هونەرمەندێکی ترن..

دواساتەکانی ساڵی ١٩٩٩
هەولێر

## رۆڵی مەنهەجیەت
## له دانانی رووگەیەک بۆ ((ڕەگەزەکانی دارِشتن))

سەرچاوەی فێربوونی ڕەگەزەکانی دارِشتن بۆ شێوەکارانی کورد تا ساڵانی ڕابردووش بەتەنیا ئەو کتێب و گۆڤارە تایبەتانە بوون کە بەزمانە زیندووەکانی جیهان، توێژینەوەو خوێندنەوەیان لەسەر بینین و نرخاندنی تابلۆ دەخستنەڕوو، قوتابی هونەر ناچار دەبوو بۆ ناسینی دارستانی ڕەنگ و ڕەگ و ماکی دارِشتن و بونیادی هونەر و ناسنامە و مێژووی شێوەکاری، ئەو جۆرە سەرچاوانە بکاتە ڕێ نیشاندەر و کلیلی کردنەوەی ئەو دەروازانەی کە بناغەیەکی ئەکادیمی لایان دەچەسپاند، لەدوای شارەزابوون بەو ڕەگەزانە و بەکارهێنانیان لەسەر قوماش و کارتۆن و دار و مس و شتی تر تابلۆیان دەکردە هەڵگری ئیستاتیکا بۆ پەیامێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی یان وەریاندەگێڕا بۆ توخمێکی هونەری بەهۆی فرە ڕەنگی و دینامیکیەتی هێڵ و بەئاکام گەیاندنی شکڵ لەناو جەرگەی جوانی خۆیدا..

بەواتا سەرەتاکانی ڕۆشنبیری شێوەکاری و بنەماکانی پیشەیی لە دارِشتنی ڕەسمدا هەر بەو شوێنانە هاوبارگە دەبوون کە سەرچاوەکانی لێوە هەڵدەقوولان، لەو شوێنانەوە درک بە یاساکانی سروشت دەکران و بۆ بینراوی هونەری و ڕەگەزی دارِشتن تەحویل دەبوونەوە و لە قاڵبی قوتابخانە هونەریەکاندا دەگیرسانەوە.

ئیتر چەندە نیگارکێشی کورد بەهۆی فرە ئسلوب و ڕێگاکانی ئەو قوتابخانە هونەرییانەوە پرسیاری دەربارەی کولتوور و ناسنامەی هونەری



خۆی کردووە ئەمەیان لەبواری ئەزموونە کەسییەکاندا وەڵام دەدرێتەوە و کەسیش نکۆڵی لەو پردانە ناکات کە بەسەریدا پەڕیوەتەوە، ئەو پردانە ڕێگەی پەڕینەوەی نیگارکێش خۆش دەکەن لە تەقاندنەوەی ئەو پەیام و ڕاز و هەستە جوانانەی لە ناخیاندا پەنگیان خواردووە، ئەو پردانە کەسانێک دایانمەزراندووە کە بەدرێژایی چەندین قۆناغ لە ئەزموون و کارکردن و بەخشش بۆ مرۆڤایەتی «چ بەهۆی دەزگای هونەری یان گرووپ یان خەڵکانی خاوەن پیشەی هونەر» خەریکی گفتوگۆ و نووسین و توێژینەوە و مەشقی بەردەوام بوون تا ڕووگەیەکیان بۆ ڕێبازەکانی دارِشتن دۆزیوەتەوە، تا پێکهاتەیەکی ئەندازەییان بۆ کارکردن خولقاندووە، دەرچوونیش لەسنووری ئەو بنەما و ئسلوبە حیرەفیانە لەوانەیە هاجسێ بێ لای زۆربەی هونەرمەندانی ئەمڕۆی ناوەندی شێوەکاری، بەڵام ئەو دەرچوونە وزەی خۆی بە زەرورەتی هەست کردن بەسەربەستی لە پراکتیکدا وەردەگرێ، ڕوونتر وزەی دەرچوون لەو ماسوولکانەوە دەردەچێ کە دەیان ئەزموونی لە جووڵاندندا تاقی کردبێتەوە..

ئەو وزەیە کاتێ پەیدا دەبێ کە نیگارکێش پێشوەختە ڕەگەزەکانی دارِشتنی بەتەواوی ناسیبێت و لەناو تابلۆکەیدا هەناسەی ژیانی پێ دابن، کاتێ فەزایەکی بەرین بۆ خەونەکانی بەسەر ڕووبەرەوە دەکاتەوە، بەزەخرەفە چوارچێوەی بۆ دادەڕێژێ و کیمیای ڕەنگەکان ئامادە دەکات و ڕووناکییان بەسەردا دەپرژێنێ وبە حەقیقەتەکانی (قووڵایی و دووری و کوتلەکان) چاوی بینەر دەخورپێنێ؛ ئا لەو کاتەدایە کە پێویستی زیاتر بەسەرچاوەی زانستیانەی هونەری دەبێ، ڕەنگە هەر ئەم بەرپرسیارێتیە بێ مامۆستای هونەرمەند- عەلی جۆڵا-ی ڕاکێشابێ کە هەر لەو سەرچاوانەی باسم کردن کتێبێک بەزمانی کوردی لەسەر (ڕەگەزەکانی دارِشتن) ئامادە بکات..

دەکرێ ئەو کتێبەش بۆ خۆی وەرشەیەکی هونەری گونجاوبێت لە دەوڵەمەندکردنی بواری تیۆری و میتۆدیانەی ئەو کەسانەی خەریکی

داڕشتنەوەی ڕەسم و ئامێزگرتنەوەن بۆ ڕەنگ و هێڵ و ڕەزم و شێوە و بۆشایی و سێبەر و ڕووناکی و خاڵ و تاد...

دیارە بایەخدانی مامۆستا عەلی جۆڵا بەشێوەکاری، یەکەمین هاندەر بووە کە ڕوو لەمێژووی ڕەسم و پێکهاتەو ڕەگەزەکانی بنێ و سەرەتای مانا ئەکادیمیەکان بەخوێنەران و تامەزرۆیانی ئەو هونەرە بناسێنێ، هەروەها ڕەگ و مەرجەعە مەعریفیەکانی بخاتە ڕوو، ئیتر دوای ئەوەی هونەرمەند خۆی شارەزای ئەم ڕەگەزانە دەبێ، چۆن چۆنی وەریاندەگرێ یان ڕەتیان دەکاتەوە و دەیانگۆڕێت، ئەوە دەمێنێتەوە سەر شارەزابوونی زیاتر دەربارەی تەوژمە هاوچەرخەکان و چۆنیەتی ئەفراندن لە فەزای شێوەکاریدا بەتاییەت بۆ ئەو کەسانەی بەردەوام کار بەم ڕەگەزانە دەکەن و شتی تازەی لێ هەڵدەهێنجێن.. زۆرجار وا ڕێک دەکەوێ نیگارکێشێ بەپێی ئەم ڕێسایانە بکارێ و لەکاتی بەکارهێنانی بۆیەدا چرچ و لۆچییەک بەسەر قوماشێکەوە دروست بکات و شنە بایەک لۆچەکانی پێ بگۆڕێت و ئاژەیەکی هونەری جوان بە چنینی کارەکەی بدات، یان لەوانەیە نیگارکێشێ لەکاتی دانانی مۆتیڤێ یان سکێچێکدا یادێکی دێرینی بێتەوە بەر زەین و چاو و بێ ویستی خۆی بێ هوودەییانە ئەو میکانیزمە وەلا بخات کە پاڵی پێوەنا بۆ کارکردن و لەئاکامدا چارەسەرێکی هونەری جوانتر لە کارەکەی خۆ بنوێنێ؛ دەیان نموونە و تێبینی تر هەن لەوبوارانەدا کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵ بە نیگارکێشەوە دەنێن لە ڕۆژانە کارکردنی بەردەوامدا ئەزموونی نوێتر بخەنە سەر خەرمانی کارەکانیان، بەگاڵتە نووسەری ئامادەکار لە پێشەکی کتێبەکەیدا نەیوتوە «مامۆستا هەرگیز هونەری فێر نەکردووم بەڵکە ڕێی نیشان داوم»، ئەوەمان لەیاد نەچێ کەلەو کتێبەدا دەیان تابلۆ و وێنەی ئەندازەیی و نەخشە دەبینرێن بۆ ڕوون کردنەوە و تیشک خستنەسەر مەبەستەکان و دانەریش دان بەوەدا دەنێ کە «هونەر کۆکراوەی ڕەگەزەکانە بۆ دۆزینەوەی داڕشتنێکی نوێ کە هونەرمەند بەهەست و نەستی هونەرییانەی خۆی دای دەڕێژێ» دوای ئەوە



هەڵسەنگاندنی هەر بەرهەمێکی هونەری بەسێ قۆناغ ناوبردووە کە ئەمانەن «سەرنج ڕاکێشان بۆ بینین- تێڕامان- چێژ وەرگرتن» سەبارەت بەتێگەیشتن لەهەر بابەتێکیش وای بەپێویست دەزانێ کە بینەر لە پێکهاتە گشتیەکە- یا شێوەییە (کە هەندەسە ئاسایە) تێبگات، لەناو هەر تابلۆیەکیشدا زمانی بینین لە داڕشتندا ئەم مانا ڕەمزییانە دەگەیەنێ:

١- داڕشتنی هەرەمی- ڕەمزە بۆ جێگیر بوون و پتەوی

٢- داڕشتنی لاکێشە- ڕەمزە بۆ گەورەیی و بەرزی

٣- داڕشتنی بازنەیی- جووڵاندنی هەستە بەدەست پێ کردن و کۆتایی نەهاتن

٤- داڕشتنی هێلکەیی- ڕەمزە بۆ نەرمی- مێینە-

٥- داڕشتنی حەلەزۆنی- ڕەمزە بۆ خولانەوە و ئابلۆقەدان

٦- داڕشتنی چەماوە- ڕەمزە بۆ لەسەرخۆیی ڕەزم

٧- داڕشتنی تیشکی- ڕەمزە بۆ پێکادان و کوتوپڕی

٨- داڕشتنی هەمەڕەنگ- ڕەمزە بۆ شڵەژان

٩- داڕشتنی یەکتربڕ- ڕەمزە بۆ ململانێ و پێکادان..

دوای داڕشتنەکان باس لە (خاڵ)دەکات کە چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ کێشانی هێڵە ئەندازەییەکان لەشکڵدا بەهەردوو جۆرەکەیەوە- بوئەری و جووڵەیی-، هەروەها لە (ل ١٣)دا ئامانج و بەکارهێنان و جۆرەکانی هێڵ وەک یەکێ لەڕەگەزەکانی داڕشتن دیاری دەکات بەهەرچوار بەشەکەیەوە «لار و چەماوە و بازنەیی، ئاسۆیی و شاقوولی» ناوەندی وێنەشی بە باشترین شوێن داناوە بۆ داڕشتنی تیشک ئامێز و کۆکردنەوەی هێڵەکان، ئنجا باس لە (شکڵ)دەکات وەک چوارچێوەی داڕشتنی بیرۆکەی هونەرمەند و پێکهاتە بنەڕەتیەکانی شێوە (هێڵ و ڕووناکی و ڕەنگ و مەنظورە- بینینی سێ لایەنەکەی شێوە) ئنجا بەجۆرێ لەشاردنەوە (التراکب) دەدوێ کە بریتیە لەوەی لە «داڕشتندا یەکەیەکی ناو وێنەیە و بەشێک لەیەکەیەکی تر دادەپۆشێ کە کەوتۆتە دواوەی»، ئەمەش بۆ

کۆکردنەوەی پێکهاتەکانی دارشتن و هەست کردن بەقووڵایی و چارەسەرکردنی کێشەی لەیەکچوونە، واتاکانی (بۆشایی) لەبەشێکی سەربەخۆدا ڕوون دەکاتەوە کە واتای زەمەنی هەیە، جۆرەکانی ڕووناکیش بەم جۆرەن «کۆکراوە و دابەش کراو و ناڕاستەوخۆ و بێ سێبەر» و لە دەرخستنی فۆرمیشدا سێبەرو ڕووناکی بەکاردێن، ڕووناکی وێنە کاڵ دەکات و سێبەر تۆخی دەکات، کاتێ ڕەنگی سپی بەسەر تۆناتی تردا زاڵ بێ پێی دەوترێ- تویژی بەرز- کە هێمایە بۆ مژدە- سادەیی- خۆشی- سوکەڵەیی بێ ئاگا، گەر ڕەش زاڵ بێ پێی دەوترێ- تویژی نزم- بۆ بابەتی درامی و گومان و ترس و خەم و تۆقاندن بەکاردێت، دواجار باسی تاریکی و ڕووناکی بەشێوەیەک دەکات کە تیایدا «هەست کردنە بە قووڵایی لەبۆشایدا» هەروەها بۆ هێنانەدی هاوسەنگی وهێنانەدی جووڵەی درامی..

کە دێتە سەر ناساندنی ڕەزم بەخوێنەران دووپێکهاتەی بنەڕەتی لەدوایە (یەکەکان) کە بابەتی ئیجابییە و لە جووڵە و مۆسیقادا بەدیار دەکەوێ، دوای ئەوە (ماوە) کە بابەتی سلبییە و نموونەی بۆشایی و وەستانی بۆ هێناونەتەوە، ئیقاعیش چەند بەشێکە لەوانە (سەربەست، ڕێک نەخراو، کەم کراوە، زۆر) کە ئەمەی دوایی لە سروشتدا وێنەی زۆرە وەک هێلکە شەیتانۆکە و هێلانەی جاڵجاڵۆکە و ڕێگای شەمەنەفەر و، عەمودی کارەبا، ئیقاعی شکاوەشی بەقێزەوەن داناوە، ئنجا پێناسەی ساو- ملمس- دەکات کە بریتییە لە دەربڕینێک بەرامبەر ئەو ڕووبەرانەی لەبەرهەمێکدا کۆ دەبنەوە لەڕووی ساف و زبرییەوە، جیاکردنەوەی ساو بەچۆنێتی دوپات بوونەوە لە ڕێی تیشکدانەوەی سەر ڕووبەر دەبێ، هەروەها پلەی ڕەنگ لەتێری و کاڵییەوە یان تەڵخی و تەنکی تەن، یان قەبارەکان لە ڕووی دووری و نزیکییەوە ساو وەدیاردەخەن، ساوی بۆیەی زەیتی جیاوازە لە بۆیەی ئاوی و خەڵووز و پاستیل، ساو زیاتر لەهونەری شێوەکاری سێ مەودایە (بیناسازی و هەڵکۆڵین) دەردەکەوێ بەهەرسێ بەشەکەیەوە



- ساوی بریقەدار کەتیشک دەگرێتەوە.
- ساوی زبر کەتیشک دەمژێ و دوپاتی دەکاتەوە.
- ساوی ڕووناک شەفافە وەک شووشە و نایلۆن.

لە بەشێکی تردا دێتە سەر (ڕەنگ) کە شەپۆلی ڕووناکییە و بەچاو دەبینرێت و لە هارمۆنییەتەکەی چێژ وەردەگیرێ و ڕەنگی بنەڕەتی ئەو ڕەنگانەیە کاتێ بە پریزما (منشور) تێپەڕ دەبێت و هەریەک شەپۆلێکی تایبەتی خۆی هەیە، دووجۆر خانەی بینینیش هەیە عصوی لەڕووناکی کزدا، مخروطی لەڕووناکی زۆردایە، دوای ئەوە مانای ڕەمزی ڕەنگەکان لێکدراوەتەوە و ڕەنگ دەتوانێ قووڵایی دروست بکات، ڕەنگە گەرمەکان لە پێشەوەی تابلۆ جێ دەگرن وەک سوور و زەرد، ساردەکانیش لەدواوە وەک شین و ئەرخەوانی و سەوز، ڕەنگە کاڵەکان لە ڕووناکیدان و تێرەکان لە سێبەردا، یەکێتی شێوە جگە لە هێڵ و چوارچێوە، بە چنراو «التناسج» و چوونە ناویەک و تێ هەڵکێشان و سواریەک بوون و بەریەک کەوتنی کۆنتراستەکان و یەکێتی دێتەدی..

ئینجا- چەقی زاڵبوون- یش بەهۆی هێڵ و ڕێگای کۆنتراست لە ڕەنگ و تیشکی ڕووناکییەوە دارشتن بەهێز دەکات، لەجێگەیەکی تردا باس لە ڕێگە و ئسلوبەکانی بینین و خەڵەتاندنی چاوو ڕەگەزە جیاجیاکانی بۆ پێکهێنانی گشت دەکات و لەوانە (یاسای نزیکی و هاوشانی، چۆنیەکی، شێوە داخراوەکان، سنووری باش و جووڵەی هاوبەش)، دواجار بایەخەکانی جشتالت لە هەموو ڕوویەکەوە تاووتوێ دەکات و بە (٥٨) لاپەڕەی قەوارە- گەورە لەشێوەی کوراس- کۆتایی بە پرۆژەکە دێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەموو هونەرمەندێکی شێوەکار دەزانێ کە لەناساندنی ئەم ڕەگەزانەی دارشتندا پێویستە پشت بە چەندین لێکۆڵینەوە و سەرچاوە ببەسترێ، خۆزیا مامۆستای شێوەکار هەر وەک چۆن لەسەرەتاوە فەهرەستی بۆ پرۆژەکەی داناوە ئاوهاش پەراوێز و ژێدەر و سەرچاوەکانی لەکۆتایی کتێبەکەدا دابنایە، بۆ ئەوەی قوتابی هونەر یاخود تویژەرو لێکۆڵەوەر

لەبواری شێوەکاریدا گەر ویستی قووڵتر بۆ ئەو ڕەگەزانە بڕوانێ بچێتەوە سەر بنەچە ئەسڵییەکەی خۆیی و هەرچەندە نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە مامۆستا (عەلی جۆلا) بۆ پتەوکردنی بابەتەکەی چەندین نموونە و وێنە و دیمەنی لەنزیک خۆیەوە تێهەڵکێش کردووە، دڵنیام کە قوتابیان و شێوەکارانی کورد دوای ئەوەی کەڵک لەم بنەما سەرەتاییانە وەردەگرن بۆیان دەبێتە دەروازەیەکی زانستی تا دەست بۆ سەرچاوەو دەروازە زانستیەکانی دیکەی شێوەکاری ببەن کە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی کتێبخانەکانی دنیای تەنیوەتەوە..



## وێناکردنەوەی ئافرەت

## لە ڕوانینە مێژووییەکاندا... بۆ؟!

زاڵترین فیگەر لەناو تابلۆکانی- واحید مەرجان-دا فیگەری ئافرەتە، ئافرەتی کردوەتە هێما و ڕەگەزێکی شەیدا بە ئەوین و ئازادی و پیت و بەرەکەت، تۆوی گوڵێکە کە ئینجانەی سۆز و عاتیفەی پێ دەڕازێنێتەوە، بەم فیگەرەوە وێنەیەکی ئیستێتیکی دەخاتە پاڵ سروشتی واقیعیانە، واقیعێک کە جگە لە بەرجەستەکردنی- ئافرەت- نەریت و جلوبەرگ و کەرەسە و ئامرازە فۆلکلۆرییەکانیش دیکۆمێنت دەکاتەوە.

خۆڕسکییەتێ لای مەرجانە، ئەم خۆڕسکیەتە گرێبەندی ڕۆح و ناخی سۆزە ناسکەکەیەتی، ئەم خۆڕسکیەتە دەلالەتە بۆ خۆشنوودی و ئارامی ژیانێک کە لە ئەندێشەدا دنیای بۆ خۆی چنیوە، ئەندێشەیەک سەرتاپای واڕسک و زیندەگییە، ڕەنگ و میلۆدییە.

مەرجان وەک زۆر لە هونەرمەندەکانی وەچەی خۆی کەمتر فلّچەی لە ستایل و ڕەوتە هونەری و ڕێبازە هاوچەرخەکاندا تاقیکردۆتەوە و لە ڕێی ژیوار و کەشوهەوا و دەلالەتی ڕۆحییەوە (ناسنامە) بە واقیع دەبەخشێتەوە، فیگەرەکان هێندە دەستەمۆن بە میوانییش چییە سیمایەکی یاخی بوو ناخەنە بەر پەنجەرەی زانین و زانیاری مێیایەتی! هونەرێتی لە بەرجەستە کردنەوەی فیگەری ئافرەت لەو گەڕیانەدایە کە دوورگە نەفرین و پڕ بەهاکان کەشف بکەنەوە نەک ساویلکانە بکەونە بەر کەناری خەمە بچکۆلەکانی ماڵداریێتی و عاشقێنی ئەفلاتوونی.

تۆ بەبێ ئەوەی چێژەکان باس بکەیت فیگەرێ بخەیتە بەردەم ئاوێنەی چاوی بینەر، ئەو ئاوێنەیە پێی ناکرێ گرفتە ئەزەلییەکان لە یادەوەرییەوە سەر ئاو بێنێتەوە، بەڵکو تەنیا ئەوە بۆ بینەران ڕوون دەبێتەوە کە ئەم کلێشانە مۆرک و زەبری دەسەڵاتی پیاوانەیە و ڕوئیای پیاوە بۆ جوانی..

گەرچی نیگارکێش لە چەند تابلۆیەکی دیاریکراودا ئەو واقیعیەتەی تێپەڕاندووە و سیحری تەکنیکاری نوێی تێکەڵ بەدیاردەکان و سیماکان کردووە، لەم هەوڵانەشیدا خۆی بابەتی هێناوە لەبەردەمی خۆیدا دایناوە تا ڕەسمی بکاتەوە نەک بابەت ئەمی ڕاکێشابێتە سەر پالێت.

ئەوەتا لەو چەند هەوڵەیدا هەر بەگەشبینی، هێڵ و ڕەنگ و فیگەرەکانی ئەندازەیانە لە سنوورێکی مەعقوولدا نەخشاندووە، لەو مەعقوولیەتە نەچۆتە دەرەوە و هەر وابەستەیە بە فیگەرە بنەڕەتییەکە کە زۆرترین وزەی هونەری بۆ تەرخان کردووە کە ئەویش فیگەری ئافرەتە ماڵدارەکانە و نزیک خستنەوەیانە لە ئافرۆدێتە ناسکەکان، ئەم مەخلوقە ناسکە پڕ لە مەغزایە بەو پانتاییەوە جێگەیان بچکۆلە کراوەتەوە لە بازنەی فۆلکلۆردا، لەو بازنەیەدا خۆ دەڕازێننەوە، تەشی دەڕێسن، دانوولە بە پەڕەوڵەکان دەدەن، قاوەڵتی و چا ئامادە دەکەن، منداڵ پەروەردە دەکەن، ئومێد دەبەخشن و تاد..

کەچی هەندێ خەسڵەتی نەفریناوی لە ئافرەتدا هەن کە فڵچەی هونەرمەند پەی پێ نەبردوون تا بەرجەستەیان بکاتەوە، لەوانە ناکۆکییەکانی لەگەڵ پیاودا، سێوبەخشین و بە تاراوگەبوونی یادەوەرییەکان، جووڵاندنەوە و لەرزانەوەی نهێنی ژێر جلوبەرگەکان، خەمی چارەنووس و تاد..

تەنانەت ڕەوتی دەربڕینکاری و ڕەمزیشی هەر وەک ڕووگەیەکی واقیعی بەکارهێناوە، نکۆڵی لەوە ناکرێ کە بۆ سیما واقعیەکان هەندێ ڕەنگی لە جێی خۆیدا کەشف کردووە و لیریکییەتی بەسەر فیگەرەکانەوە دیارە، ئەو فیگەرانە هاوزای دنیایەکن کە خورپە و غوربەتی لێ بە دوورە و زیاتر



جوانی و ساکاری لیریکیەت و ئومێدی شاراوەی لێ بە نزیکە، ئەمەش بەپێی ئەو چەمکە مەنتیقیانەی کەواقیع وا دەبینێ گوایە سۆزێکی ئاشنایە بە هەست و ئاشنایە بە مەودا زەمەنیەکان.

مەرجان سیمای ڕەنگە شاردراوەکان بەڕەسم دەژێنێتەوە و بەرگی پێکەنین و دڵی عاشقانەیان پێ دەداتەوە، نکۆڵیش لەوە ناکرێ کە تایبەتمەندی کاری هونەری و لایەنەکانی زانستی و حیرەفیەتی وێنەکێشانی وەک خۆی بە ئەمانەتەوە هێشتۆتەوە و بەهایەکی کەلەپووری بەو کەشوهەوا کوردەوارییە داوە، بە چەند ڕەوتێکی هەمەجۆری تریش ناو بەناو کاری کردووە بێ گوێدانە ئەوەی کە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە زۆر لاوازە لە ڕووی دۆخی هونەرییەوە.

ئەوەتا ئافرەت لای وێنەکێشە کوردەکان نزیکە لە تەجرەبەی ڕەسمی وێنەکێشە عێراقیەکانەوە، ئۆرگانێکی شکڵیە بۆ دەربڕینی زۆر هەستی شاردراوە، لەوانە قەرەبوو کردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و وارسکی سێکسییە و گەڕانە بەدوای سۆزی دایکایەتی، ئافرەت مەخلوقێکی نزیکە بۆ هاتنەدی ئامانجە چەپێنراوەکان، زۆر لە وێنەکێشان لە چەندین تابلۆی خۆیاندا دووبارەی دەکەنەوە و وەک بەهایەکی پێویست دەیچەسپێنن.

بە کورتی دەمەوێ بڵێم کەمتر فیگەری ئافرەت وەک ڕوئیایەکی نامێژوویی وێناکراوەتەوە.. لای مەرجان ڕوئیایەکی ڕەوەندانە و کرمانجانە بۆ کەشوهەوای مێژوویی ئافرەت هەیە، ئەوانەی خستۆتە حاڵەتێکی ئایدیالی خاڵی لە موعانات، خاڵی لە ئازار و خەم، نزیک بە خەونە قورمزییەکان و نزیک بەوارسکی دایکایەتی، هەندێ لە دارشتنەکانی تابلۆکانیشی هەر شکڵی مێینەیی و هێلکەیی و بازنەیی پێداون و لە بزوێنەرەکانی واقیعی نزیک خستوونەتەوە..

بەو فیگەرانە، وتەکەی لیۆناردۆ داڤنشی دێتەوە یادم کە وتوویەتی «ڕەسم شیعرێکی بینراوە» ، نیگارکێش لێرەدا دیاردە و دیمەنە فۆلکلۆرییەکان لە ڕێی جەستەی داپۆشراوی ئافرەتەوە فڕێ دەداتە

بەرچاومان، کە ئێستا زەمەنێ بەسەر ئەو دیاردانەدا تێپەڕیوە و لای ئەم خۆی دووبارە دەکاتەوە تا لە ئایندەدا کولتوورەکە بەردەوام بێت.. ئەوە لەیاد دەکات کە نۆ بەشی وزە و هێزی بەردەوامی ئەو دیاردانە لە دەریای فراوانی خەون و ڕوئیای ناخەکیدایە، لە ڕێی دروست کردنی کەشوهەوا خەون ئامێزەکانەوە سیمای جوانی و دۆخی تەجاوز لە واقیع پێک دێت..

مەرجیش نییە لەم پێکهێنانەدا تەنیا پشت بە سکێچ ببەسترێ..

تێبینی: ئەم بۆچوون و تێڕوانینەم لەسەر تابلۆکانی دوا پێشانگای هونەرمەندبوو..



## بە ڕەمزبوونی شێوە شلەکان

سێ هونەرمەندی گەنجن، لەبەرهەمەکانیاندا سیمای هەمە شێواز هەیە، شێوازەکان خۆیان لە کۆت و بەندی ستایل و ڕێبازە کۆنەکان ڕزگار دەکەن، بەدەماری دەست و یادگەی بینینەوە- بینای مەنزوور- هەڵدەوەشێنن، بەر لەوەی ئەم بەرهەمە هەمە شێوازانە بخەنە پێشانگەیەکی هاوبەشەوە، مەلی زەینم بەسەر شانی دارشتنە هەڕەمی و ستوونیەکانیاندا نیشتەوە، «نەژاد کەریم» لە ڕێی خەیاڵێکی پەنهانەوە پەیکەر دەچنێ، شێوازەکانی بەوە دەچن کە لە ژێر ساباتی (ڕووتەڵ- دەربڕینخوازی) ئێستێکیان بەرۆح دابێ، چونکە لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ڕووبەری ئەندازەیی تێک دەشکێنێ و بەو شکڵە تێک شکاوانەوە توانای خۆی لەسەر بنەمایەکی ڕەمزییانەی دەلالەت بەخش تاقی دەکاتەوە، بابەتەکانی هاوشانن لە ستووندا، گەرچی هەر بابەتە و پێکهاتە و دەلالەت و مانایەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام گشتیان باس لەو کێشە ئەنتۆلۆژییەی – دوالیزمەی ئەوین– دەکەن، بەو دوالیزمەیە هەردوو ڕەگەزەمرۆییەکە یەکتر لە ئامێز دەنێن، ئەم پەیکەرسازە لە تێکدانی گۆشە و هێڵ و بۆشایی و کوتلەکاندا زێدەڕۆیی هەیە، بەڕادەیەک کە شکڵەکان لە خەسڵەتی سروشتی خۆیان دەردەهێنێ و مەودایەکی زەمەنی کراوەیان پێ دەبەخشێ، لەو مەودایەدا چاوی بینەر بەوە هەڵدەخەڵەتێ کە لە شکڵەکاندا جووڵە هەن یان لە ڕووی مەجازەوە وا دەزانرێ کە شکڵەکان دەتوێنەوە، هاوکات دەکرا ئەم شکڵانە لە قەبارەی ئەو مۆدێلە بچکۆلانە هەندێ گەورەتر بکرابان و بە بەرد و مەڕمەڕ و برۆنز دارێژرابان، نەک تەنیا بە بۆرەک، دانانی ئەم جۆرە شکڵانە بە قەبارەی

گەورە شایەنی ئەوەن لە بەر دەروازەی گەلەری و دەزگامەدەنی و ڕۆشنبیرییەکان دابنرێن و جەماوەری بینەری شارە کوردیەکان فێرە موغازەلە بکەن بە حیرفەتی هونەری هاوچەرخ، کە حیرفەتێکە قابیلە بە تێرامان و بینین بەر لەوەی بابەتێ بێ بۆ فیکر و مانا، لەم جۆرە شکڵانەدا واقیع وەک خۆی بەرهەم ناهێنرێتەوە، یادێکی جوانناسی دێنێتەوە زەیین، دوور لە یادە نیشتمانی و شۆڕشگێڕییەکان، شکڵەکان بەسەر بنکەکانەوە جێگیرن و بە خەیاڵێکەوە هاوبارگەن کە ئەو خەیاڵە پێشوەخت نە سکێچ و نە ئەنجام بەلایەوە شتێک نەبوون جێی باس بن، گەمەکردن بە فیگەر لە ڕێی چەمانەوە و شکانەوەی هێڵەکانەوە بەو مەبەستەیە جوولەیەک بداتە حاڵەتە ئیستاتیکیەکان و بەڕۆحێکی هونەرییەوە بەرجەستەیان بکاتەوە، ئەم جۆرە بەرجەستەبوونە دوورە لە فەلسەفاندنی شتەکانەوە هەر وەک چۆن «شوکر سەعید»ی نیگارکێش شکڵە مرۆییەکان لەناو کوتلە ڕەنگییەکاندا بەزمان دێنێ و لە فەلسەفاندنی ڕەسم دوور دەکەوێتەوە و بە چاو و ڕۆحێکی منداڵێتیەوە ڕوئیای شتەکانی دەوروبەری دەکاتەوە. هەر ئەم مەغزایە بوو وای لێ کردم کە لە وتارێکی هونەری پێشتردا منداڵێتی بەو موگناتیسە بچوێنم کە بە چڵوپۆپەکانی درەختی ڕۆحەوە لکاون، موگناتیسێکە بە تەنیا ئاسنە وردەواڵە میکانۆیەکانی یادوەری ڕاناکێشێ بەڵکو گوڵ و گەڵاکانیش ناونووس دەکاتەوە، «شوکر سەعید» هاتووە زنک لەگەڵ زەیت تێکەڵ دەکات تا بە ڕەنگە گەرمەکان هەستی بینەر بوروژێنێ، گەر ئەم بە تابلۆکانی ئەو پەنجەرانە بەڕووی ڕەنگەکاندا بکاتەوە کە پێشتر بۆ هەوا گۆڕکێش نەکراونەتەوە، ئەوە مۆدێلاتە پەیکەرییەکان ئەو دەرگایانە بۆ پێشوازی مەعریفەی حەدس و خەیاڵ دەکەنەوە کە پێشتر لە واقیعدا بەڕووی جوانیدا خڕ داخرابوون، ئەوەتا (هێمن ئەحمەد) بەلێزانی حیرەفیەتەوە مامڵەت لەگەڵ کانزای شکڵە مرۆییەکاندا دەکات و لە ڕێی بە ڕەمزبوونی شتەکانەوە ختووکەی هەستەکانی بینەر دەدات..

کارەکانی ئەم پەیکەرسازە دەچێتە سەر شێوازی ئەو نیگارکێشانەی بۆ



سیما شەش پالۆییەکان فلچە و قەڵەم و بۆیە دەکارێنن، لە مۆدێلی پەیکەرێکی هێمندا مرۆڤێک هەردوو ئەژنۆی بە خاکەوە گیربوون و مەمک و چوارپەل و زۆر جێگەی تری گیانی بە ماسی بوون کە ئەمە جەخت کردنەوەیە لە دەلالەتی سەربەستی، بەڵام سەربەستییەکی ڕەهای ناو واقیعیەتی سیحری، ڕەگەزێکی کاریگەری ناو دنیای خەونەکان، بەم شکڵەوە پەیکەرساز دەیەوێ ڕووبەڕووی ستەم و جەوری جیهانی دەرەوەی حەقیقەت ببێتەوە، بنکە لەم بەرهەمەیدا ئیلغا بووەتەوە و زیاتر بایەخی بەمەوداکانی تر داوە..

بەرهەمەکانی ئەم سێ شێوەکارە سەمتێکی دیاریکراوی فیکرییان نییە، بەڵکو بە تەئویلاتی هەمەجۆر دەخوێنرێنەوە، بەپێی چنینەکان فرە حاڵەتی مرۆڤایەتی دەردەبڕن و لە بری وەزیفەی میکانیکی وەزیفەیەکی ئیستاتیکی بە شکڵەکانیان دەبەخشن..

## چەقبەستن لەبەر دەروازەی پردەکەدا

ڕۆمانی- برایانی کارامازۆف-ی دۆستۆیڤسکی کاری کردە سەر- ئەلبێرکامو- تا دژی کردەی ئیعدام کردنی مرۆڤ بدوێ، باشە تابلۆی شێوەکاری چەندە کاریگەری لەسەر هزر و دەروونی سیاسەتمەداران هەیە کە بڕوایان بە شەڕ لەق بێ و ڕوو لە ئاشتەوایی بکەن..؟!

ئەم واتا ئەندێشەمەندە بەرەو ئەو پێشانگەیە ڕایکێشام، کە لە ژێر دروشمی- هونەر پردێکە بۆ ئاشتی-، لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی مرۆڤ دۆستی UNDP-UNESCO لە هۆڵی «گەلەری میدیا»ی هەولێری پایتەختدا بۆ نیشاندانی (٦٠) بەرهەمی هونەری نیگارکێشانی کورد سازدرابوو..

بەرلەوەی لە ڕێی هەست و شعوورەوە بێمە سەر هەڵسەنگاندنێکی ئیستاتیکیانەی هەندێ تابلۆی سەرنجڕاکێش، ئاماژە دەدەم بە زەبری حەقیقەتە تاڵەکانی ڕەهایی هزر لە خۆرهەڵاتدا، کە بەهۆیەوە وشەی ئاشتی بووە بە وەهمێکی گەورە، چونکە وزەیەکی ئیرۆسی خەفە بوو لە ناخی مرۆڤە خۆرهەڵاتییەکاندایە و هاوکات لە یادوەری مێژووی کۆدا هەموو ئیستاتیکا و چێژ بینین و ئارامییەک لە تابووتا ئەرشیف کراون، قەدەرییەتیش سەرقەپاغی تابووتەکەیە و کۆگەلانە فاتیحەی لەسەر دەخوێندرێت و ڕەوانەی دنیای دوای عەدەم دەکرێت..

هەر چۆنێ بێ هونەرمەند لەبەر خاتری سوکنایی دڵی خۆی و لەناو ونبوونی دیدگا هەمەجۆرەکاندا دەجووڵێ تا لە ڕێی پرۆسەی ئەفراندنەوە کە پرۆسەیەکی تاقانەییە لۆژیکی دیاردە و ڕووداوەکان بخاتە ڕوو، گەرچی



لەو خستنەڕووەدا تووشی دوالیزمە باووسواوەکەی ڕەشبینی و گەشبینی دەبێتەوە، بەڵام لەناو دەیان پرسیار و سەدان کاژێری چاوەڕوانیدا هەردوو چەمکی گەیشتن و نەگەیشتنی کەژاوەی -ئاشتی- چەندین گومانی قووڵتر لە ناخی هونەرمەندا چێ دەکەن، بەوەی ئایا وشەی ئاشتی بە تەنیا لەناو دیباجە و بەسەر زاری سروودبێژانەوە بەرهەم دێت و نیگارکێشانیش ئارم و ڕەمز و کۆد و مانای بۆ دەنەخشێنن یان بەپێچەوانەوە ئاشتی -ئەنتی شەڕە و ڕێ بە دەسەڵاتی پەتریارکییەت نادات کە دەست بەسەر چرکە ساتەکانی ژیانی وەچەکاندا بگیرێ و ناهێڵێ مێژووی زات بێ قەوارە بمێنێتەوە..؟؟!! ئایا متمانە و ئارامی بۆ خود دەگەڕێنێتەوە..؟!

گەرچی لە مەنزڵگە خۆرهەڵاتییەکاندا «ئاشتی» گەمەیەکی سیزیفیانەی بێ هوودەیە، سووڕانەوەیە لەناو بازنەیەکی داخراودا، ئاشتی واتا ئاسایی کردنەوەی دۆخەکە ئنجا شەڕ، شەڕ ئنجا ئاسایی کردنەوەی دۆخ... تاد، با بزانین نیگارکێشانی کورد چۆن بەڕەگەزەکانی دارشتنی وێنەوە یان بە واژە و فیگەر و شکڵەوە گوزارشت لە ئاشتی دەکەن.

### ناسینی فۆنتازیماتی زات لە ڕەنگی -شین-دا

قەناعەتێ لە تابلۆ هونەرییەکەی- دڵشاد عەلی- خۆی چەسپاندووە، بەوەی گوایە کۆرپەلە لەسکی دایکیدا کوتلەیەکە لە ڕەنگی سوور، ئنجا دوای ئەوەی مرۆڤ فۆنتازیماتی زاتی خۆی لە قووڵاییدا دەناسێ، ئەوە دەبێتە کوتلەیەک لە ڕەنگی شین، دوا پەردەش- مۆرە- کە خۆبینینەوەیە لە عەدەمدا..

دەکرێ بەم هاوکێشەیەی کە بووەتە قەناعەت بەلای نیگارکێشەوە ئێمە سێ جیهان دیاری بکەین:

جیهانی ناو پزدان --- ڕەنگی سوور --- بزێوی + سەرسامبوون

جیهانی قووڵبوونەوە لە ژیاندا --- ڕەنگی شین --- سوکنایی و ئارامی + گەڕان بەدوای سەقامگیریدا

ئاشــتی وەک وتەزایەکی هونەری لە جـیــهــانی پان و بەرینی ژیاندا بەرەنگی شینەوە لەنگەر دەگرێت، کەواتە دەکرێ بلێین دانانی ڕەنگی شین حاڵەتێکی نێرڤانییە بەلای نیگارکێشەوە، بەو حاڵەتەشەوە هیچ سەرە داوێکی بابەتە ئەنتۆلۆژییەکانی مرۆڤ لە ئارامی و ئاشتیدا بزر نابێ...

تابلۆی ئەم نیگارکێشە لە پێشانگەکەدا دارشتنێکی ستوونی هەبوو، بەبێ سەرەتا و کۆتایی، کۆتر و داڵ و ڕم و ئاڵای شەرگەکان کەوتبوونە دوریانێ پڕ لە شینەوە، تەنانەت چوارچێوەکەی بەشێوازێ دانا بوو کە ڕەمزییەتی فیگەرەکان و تۆناتی شینەکە دانەپۆشێت..

بەم ڕەنگە هێمنەوە هەستەکانی لەبەرانبەر ئاشتیدا بە جوانی دەردەبڕێ، گەرچی داڵ و ڕمەکان ئامـاژەن بۆ واتای دروشـمی «بەشـەڕ ئـاشـتی دەچەسپێ»..

هەر دەلالەتی ئەم ڕەنگە شینە دیسان بە فەزای تابلۆکەی- فەیسەڵ عوسمان-ەوە چنینێک لە تۆناتی شین پێک دێنێ و لە خوارەوەی تابلۆکەدا دوو کۆتر لە نێوان دوو جەمسەری لێکدابڕاوی تەلبەندێکی پچڕاودان، ئەمەش خەیاڵێکە لە قاڵبی زەمەنێکی ڕەمزیدا نیشتەجێیە کە بەسادەیی لە بابەتەکان دەڕوانێت..

### شەڕ ... بزمارێکی گەردوونییە

-جەمال موشیر- بە تابلۆکەی جۆرە مۆنتاژ کردنێک دەخاتە ڕوو، دیارە دەیەوێ بەرگ و کاڵای ئەو ڕۆحیەتە ئەپۆلۆوییە لە مرۆڤ داتەکێنێ- گەر ئەپۆلۆ بەلای نیگارکێشەوە ڕەمز بێ بۆ خوداوەندی گونجان و تەبایی- چونکە ئەو بزمارە گەردونیانەی لە خەڵقەندەوە بۆ مرۆڤ داکوتراون پێلاو و پێتاوی دیۆزینۆزی گەرەکە، لێرەوە ملمـلانێ دەخولقێ و بەپەت پەتێن ئارامی سەرزەمین دەلەرزێ..

هەر بە پاڵ ئەم تابلۆیەوە، هێڵکارییە سێ پەردە ستوونیەکەی- نامق



عەلی- کە لەسەر دار نەخشێنراوە، دەبینین، نیگارکێش بە ئسلوبێکی زەخرەفەکاری یەک بابەتمان لە سێ ستوونی هێڵکاریدا و هەر جارەی بەڕەنگ و سیمایەک نیشان دەدات..

بەم زەخرەفەیەوە دەیەوێ لە جیهانی واقیع دابڕێت و تێکەڵ بە خەونەکان ببێ، خەونێک دوور لە درۆ.. دوور لە ڕۆژگارە ژەنگ گرتووەکان، بەڵام ئایا بەم گەمەی هێڵ و زەخرەفانە چەندە نیگارکێش توانیویەتی شوناسێکی نوێ بەشتەکان ببەخشێ..؟!

بەخشینی مانا بەو شتانەی کە لە گەوهەریاندا مەعریفەیەکی خۆرهەڵاتی دەخوێنینەوە!. ڕەمزەکان بە چوارچێوەی سێ ستوونەکەوە هەر یەکە و سیگناڵێکن بۆ چێژ و مانایەک..

چەندە ئەو سیگناڵانە لە ماسکی هونەریدا خراونەتە ڕوو..؟! - گۆتێ- وتەنی هونەرمەند سروشتێک دەخولقێنێ کە جیاوازە لەو سروشتەی سرووشی پێ بەخشیوە.

### نیگەرانیی لە فیگەرەکاندا

-دڵشاد نایف- لە زۆربەی تابلۆکانی تریشیدا بەشێوازێکی سوریالی فیگەرەکانی لە مەغزا و ڕەمزەوە دەئاڵێنێ، لە تابلۆکەیدا جۆرە نیگەرانی و بێزارییەک بە سیمای هەموو فیگەرەکانەوە دیارە، هەر لە ئەسپەکە کە لایەنی توێکارییەکەی لەنگە، تا تفەنگەکە و سێبەری ئەو دوو کەسەی بە گومانەوە باوەشیان بەیەکدا کردووە بەمەبەستی ئاشتبوونەوە، تا تفەنگیش لە مابەینا بمێنێ، شەڕ ئەسپێی بێخی سەری ئاشتییە..

بە ئاشکرا لەم تابلۆیەدا دیارە کە ئاشتەوایی توێشووی سەفەرێکی سەختە، شەڕ ئەو سەفەرە دەخاتە بەر نەفرەتی خۆی، نیگارکێش بەم شکڵە سوریالیانە ویژدانی دەجووڵێت و واتاکانی واقیع لە خەیاڵ مارە دەکات، ئەم جۆرە ستایلە بۆ کارکردن تابلۆکەی- دلۆڤان ئەحمەد-یش دەگرێتەوە کە پەیکەرە ئێسکێکی مرۆڤ لەناو کۆمەڵێ قەبردا خەریکە چەلۆ دەژەنێ..

## چەند نموونەیەکی تر لە پێشانگەکەدا

لە تابلۆکەی- نەشوان جەلال- چەندین شێوەی ڕەنگاوڕەنگ و شکڵی چوار گۆشەیی وەک مەجاز خراونەتە پێش ئەو هێڵە سپییە بینراوانە کە ئاماژە بە وەسفی کەسێ دەکەن، ئەو کەسە وەک چەند پەڵە و هێڵێکی سپی بەسەر کورسییەکەوە پاڵی لێ داوەتەوە و لە پەنجەرەیەکی چوارتاکی دەڕوانێ، لەو بڕوایەدام نیگارکێش بەم کارەی هەوڵی دابێ هەردوو جۆرە هونەری تەجریدی بە ئەندازەیی و جەبرییەوە تێکەڵ بکات و بەو تێکەڵەیە بابەتەکە تەولیف بکاتەوە..

-عیماد عەلی- لەو تابلۆیەیدا کە ڕۆمانسییانە دوو فیگەری ژن و پیاوی بەوارسکەوە لە یەکتر ئالاندووە، ئەو بیرۆکانە دێنێتەوە زەینمان کە هونەر لە پێناوی ڕەسەنایەتیدا زۆرجار وێنای ژینگە کۆمەڵایەتییەکان بەدیدگایەکی جیاواز دادەڕێژێتەوە، لێرەدا بەرجەستە بوونی دۆخێکی شیعریمان دێتە بەرچاو، تەکنیک و ستایلی ئەم حاڵەتەش کاتی خۆی بەشێوازی ئاهەنگسازی لە هەندێ تابلۆی مامۆستای شێوەکاری عێراقی- حافز درووبی- دا بەرجەستەکراوە، بەڵام بە ڕۆحیەتێکی جودا لەمەی- عیماد عەلی-..

- فەلەکەدین ئەمین- چوار سیمای بەپێی تێڕامانی خۆی و بەڕەش و سپی لە شێوەی ماسکی قوطی و قیبتی و زنجیدا داڕشتووەتەوە، هەر یەکێ لە سیمای ئەو ڕوخسارانە رووی ئاراستەی شوێنێک کراوە، ئەم ڕوخسارانە شکڵی ئەندازەییان هەیە و ماوەیەکە لەناو نیگارکێشانی کورددا بووە بە تەقلیدێ، مەرج ئەوەیە چ ئیزافەیەک دەخاتە سەر ئەزموونی هونەری ئەو نیگارکێشانە و بە چ ڕەمزێکەوە گرێ دەدرێ..

لە تابلۆکەی- ڕزگار فەقێ عەولا- سێبەری مرۆڤ لەناو تەون و چنینە ئالۆزەکانی دەوروبەریدا هەڵوەشاوە، نەسەقەکانی ئەو ڕەنگانەی نیگارکێش بەکاری هێناون ئەندێشەمەندن بە ورێنەیەکی کافکایی لەناو شەڕە عەبەسییەکاندا..



-نەشوان خەلیل- ئەوەی لەبەردەم تابلۆکەیدا ڕادەوەستێ هێندەی چنینی ڕەنگە تێرەکان دەیوروژێنێ هێندە بابەتەکە تێڕامانێ لە ڕۆحدا ناچێنێ، ئەم نیگارکێشە توانیویەتی بوعدی سێیەم لە فەزای تابلۆکەدا بەڕەنگ بچەسپێنێ..

- عەبدولموتەلیب گەردی- ئارەزووەکانی ناخی خۆی لە بەکارهێنانی ئەو ڕەنگانەدا دەبینێتەوە کە لە پەلکەزێڕینەدان، ئەوەی گرنگ بێ لەم تابلۆیەیدا ئەو دڵۆپە بازنە بچکۆلانەیەیە کە بەئسلوبی (تنقیط- خاڵکاری) دەسەڵاتێک بەڕەنگەکان دەبەخشن.

***

ئەوەی لەم باسەدا جێگەی بووەتەوە کۆششێکە بۆ دامەزراندنی دیالۆگ لەگەڵ سیما و سینۆگرافیای هەندێ لە کارەکانی ناو پێشانگاکە کە دەیان بەرهەمی شێوەکارانی لە خۆ گرتووە..

تەماشاکردنی ئەو بەرهەمانە فرسەتێک بوو بۆ بەسەربردنی چرکە ساتێکی ژیان لە قۆناغێکی ئەخلاقیدا..

ئەگەرچی هونەر پردێکە بۆ گەیشتن بە قۆناغی ئیستاتیک، بەڵام گوزارشت کردن لەواتای- ئاشتی- خەیاڵێکی جوانە و لە واقیعی ئێمەدا هەوەسێکە بەردەوام ناز بەسەر هێمنیدا دەڕژێنێ، بەم وتەیەی (لاوتسۆ) کۆتایی پێ دێنم «تا نەگەنە ئاستی پردەکە بیر لە پەڕینەوە مەکەنەوە..»، ئەی ئەگەر لە ئاستی دەروازەی پردەکەدا چەقمان بەست..؟!

(٢٠٠٠/٦/٨)

هەولێر

## - سەرمەدییەتی یادەوەری...
## - دینامیکیەت لەهێڵدا...

### باکگراوەند لە زەمەندا

تابلۆ چەندە دەسەڵاتی ڕاگوێزان و دیاردەی وەرگێرانی لە ڕێی تێڕامانکاری جیهانی دەرەوە وەرگرتبێ؛ ئاکام هەر لەناخی نیگارکێشدا ڕەنگدانەوەی خەون و ئەندێشە و وڕێنە و ئەندێزەکانی دنیایەکی نزیک بەرۆحی وەک کۆمەڵێ بەردی «کریستاڵ» لێ دەبریسکێتەوە.. بەم شێوەیە زۆربەی جاران ئەفراندنی هونەرییانە خولقاوی (لیبیدۆ)یە کە لە ناخەوە دەکوڵێ و پەنجەکانی نیگارکێش بەجوولە دەخات، بەهەریەکی پێشینەیە و هونەرییانە لەساتەوەختی ئێستادا بۆی دەگەڕێتەوە تالەگەڵ وزە خولقاوە تەقیوەکەی ئەو چرکەساتەی بۆ کارکردن هانی داوە بیگونجێنی..

بۆ نموونە گەر کەسێک لەشەوێکی تاریکدا لەسەر چیای- سەفین- ڕاوەستابێت، لە شاخێکی دیکەی وەک- قەندیل-ەوە بەلایتێک ئاماژەی ڕووناکی ئاراستە بکرێت..

گەیشتنی ڕووناکی لایتەکە بە بیلبیلەی چاوی ئەو کەسەی بەسەر چیای سەفینەوەیە ماوەی دەوێت، ئەو ماوەیەش لەو گەڕانەوەیەدایە کە چاو ڕووە و چرکەساتی داگیرساندنی لایتەکە دەبێتەوە.. خولقاندنی هەر چرکەساتێکی سۆفییانەش بەلای نیگارکێشەوە باکگراوەندێکی زەمەنی پێشتری لەدوایە بەڵام وەنەبێ بۆ لەنگەرگرتن بێ لە (ڕابردوودا) بەڵکو زیاتر بۆ ڕۆشنکردنەوەی (هەست)ە تا بەچاوی- خەون- بینێکەوە



دۆخەکەی ئەوسا ببینێت و لە ڕاچڵەکینێکی ڕۆحیدا بە دۆخەکەی ئێستایی، لە پاڵ پالێت و ڕووبەری سپیدا بەراوردی بکات..

بۆ ناسینی ئەم پێوەندییەش پێویستی بە-ڕووناکی- یە چونکە ئەوەی لەقۆناغی دوای ڕاچڵەکین پەیدا دەبێت بۆ تابلۆی پڕ لە ئیماژە، لە ڕووناکیدا تەرجومە دەکرێت.

### لە دایک بوونی ئیماژە

ئەم لەدایک بوونە لە زەمەنی تێپەڕاندنی زاتتدایە، هەرچەندە ئیماژەکانی ناو تابلۆ لەجیهانی دەرەکییەوە سەرچاوە دەگرن کەچی شتێکن لە نێوان ئارەزووی جیهان و سەرخۆبوونی خەوندا، هەر خەونیش بەپێزترین ژێدەر بووە بۆ هونەری میتۆلۆژی و سوریالی، ئەو خەونەی لێرەدا مەبەستمە لێی بدوێم ئەوەیە کە لەناو دەهالیزەکانی عەقڵی ناوەکیدا- میتافیزیک- دەجوولێنێت تا ڕادەی بەشت بوونی ماناو شەقڵ گرتنی ئاژە، بۆ ئەم دینامیکیەتەش گرنگە «بوون» لە دوورییەکانی خۆی دابڕێت تا بە-گەردوون- بگەیت، ئەمەش لەقۆناغی «نەست»ەوە دێتە بەر «هەست» و هەموو جارێک مەرج نییە بابەتێکی ئاسایی بێت، لەوانەیە لە دوای هێڵ و ڕەنگەوە دوورییەکی تر بێ بۆ خولقاندنی جیهانێکی نوێ، یان بەرلەوەی فڵچە یان قەڵەم بگاتە سەر ڕووبەر، هەستکردن بێ بەجوولە و بۆشایی لە ڕۆحدا..

کاتێ نیگارکێش لەزەمەن دادەبڕێ و لە ڕووناکی تێڕادەمێنێ، فکرەی پێکهێنانی کۆرپەلەیەک لەناخی خۆیدا دەخولقێنێ، بەمەش دەبێ بیر لەو ساتەزەمەنییە بکاتەوە کە لە تاریکیدا سپێرم بەهێلکە دەگات، کەواتە دەتوانم لێرەوە بڵێم جیهانی دەرەوەی ڕابردوو چاوەڕێی ئەو تێڕامانەی ناوەوەی ئێستایە تا لە تابلۆیەک و چەندین تابلۆدا بە زبری یان بە سافی بەسەر پانتاییەوە ڕەنگ بداتەوە، ئەوەی لەگەڵ ئەم بۆچوونانەدا دەگونجێت مۆتیڤەکانی هونەرمەند- دلێر محەمەد شەریف-ە کە هەست دەکەم ببینێ

راستی چاوی نیگارکێش پێوەندی هەبێ لە نێوان دەنگ و ڕەنگ، ئاواز و هێڵ، یاد و هەنووکە، شمشاڵ و قەڵەم، بۆ نموونە لە تابلۆی- شمشاڵ ژەن-دا کە هاوکات دەکرێ مۆتیڤێ بێت و تیایدا نەک بەتەنیا هەستەکان بەڵکو هەموو بوون و کیانی مرۆڤانە و عەشق بازانە تێکەڵ بە زاتیەتی شمشاڵ ژەن بێ..

ئەمە لبیدۆیە کە حوزنێ بۆ شادی لە شکڵدا دەگۆڕێت، وتەیەکی نیتشەی فەیلەسووف وەیادم دەخاتەوە کە دەڵێت «خەریکی هونەربە تا نەخنکێیت»، بینەر لەبەردەم ئەوها تابلۆدا ناچارە ڕامێنێ و بە (سەربەستی) ئیماژەکان لە ڕووناکیدا نغرۆی ناوەوەی خۆی بکات، دڵنیاشم هەر تابلۆیەک گەر ئەو ئیماژانە لای بینەر نەخولقێنێ ئەوە نەیتوانیوە پارچە شکاوەکانی ئاوێنەی «وجود» لە کریستاڵەکانی ناخی «نیگارکێش» مارە ببڕێت و نەیکردونەتە دەزگیران لە کەڤاڵەکەیدا..

## دینامیکییەت لە دەربڕیندا

گەر درێژی یان بەرزی و پانی و قووڵایی بەشێک بن لە دوورییەکانی جیهان بۆ تابلۆ، ئەم مۆتیڤانە کە هاوزەمەن بوونەتە تابلۆی ڕەنگاوڕەنگی زەیتی، بەمەودای بەرزایی و لاکێشەییەیاندا کە ڕوو لەسەرەوەن، وەدیار دەکەوێ کە چەندە قووڵایی لە ڕووبەردا بۆ نەمرکردنی ساتە ڕووناکەکان بێ، ئەوە لە یادەوەریدا ئەوەندەش بیرۆکەیەک بۆ ئێستا پێک دێنێ، ئەوەی جێی باس بێت ئەو چەند هێڵە ئەندازەییەیە کە بە جووڵەی هونەری؛ «هارمۆنیا» بەبوونی مرۆڤ و جیهانی دەرەوە دەبەخشێت..

تابلۆکان وەک ئەوەیە لەسەرپێ بە لاکێشەیی دانرابن کە زیاتر باڵای بەرزی مرۆڤەکان وەزەینی بینەر دێنێتەوە، هێڵە بازنەییەکانیش لەشێوەی دڵۆپە ئاو و گوڵ و گۆزەدان کە دەربڕینی ئەو جیهانە ئەویندارانەی مرۆڤن..

بەم شێوە ئسلوبە لەچەندین تابلۆدا ڕووبەر ئیحتیوای دنیای ساتەکانی ڕابردوو دەکات ئەمەش لە ڕێی ڕووناکایی ڕەنگی شین و پرتەقاڵییەوە



تەنانەت هەندێ کەڕەت قاوەییش.. لە هەر مۆتیڤێکدا هێڵەکانی دنیایەکمان دێتە بەرچاو کە زیاتر بەهۆی ڕەنگەوە تەرجەمە دەکرێت.. لەهەر تابلۆیەکیاندا دەرچوونێکی هەرەمی درک پێ دەکرێ کە هەڵفڕینی ئازادییە لەشێوەی بازێکدا بۆ فەزایەک..

گەیشتنی کەسانێکە بەفەزا، بێ ئەوەی لە ساتەوەختە کلتوورییەکەی خۆیان داماڵرابن..

بوونی هەر مرۆڤێک بەو باڵانماییە دەبێتە زیندەوەرێکی داستان ئامێز و تەولیفی پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ شتەکانی دەوروبەر دەکات..

بەم جۆرە مرۆڤ لەو تابلۆیانەدا بەرلەوەی ئامرازی گوزارە یان بیرۆکە بێت خۆ بۆ خۆی دەبێتە «بەها» یەک لە ڕۆحدا کە بەهەردوو ڕوودا مەدلوولێکە، دەبینرێت و دەبینێت، زمان لەم بینینەدا، پێکەوە گونجانی ڕەنگەکانە، ڕووبەری وێنە کراوە، هێڵ و سێبەر و ڕووناکییە زەق کراوەکانە..

لە هەر تابلۆیەکیشدا کۆمەڵێ دەربڕین هەیە، دینامیکیەت لەو دەربڕینانەدا چۆنییەتی ئسلوبێکی تایبەت بەتێگەیشتنی هونەری وەدەردەخات، کاتێ ناوی ساتە کلتوورییەکان دێنم ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە لوغزی سەربەست بوونی تێگەیشتنی هونەری بەلای نیگارکێشێکی یابانی یان ئەمەریکییەوە نەنگی نییە کاتێ لەوپەڕی ئازادیدا بیری دەگەڕێتەوە بۆ کلتوورەکەی خۆیی و بەتوندی لە ڕێی کاری هونەرییەوە بەرگری لەو کلتوورە دەکات هەر لەم دەروازەیەشەوە تابلۆکانیان سیمایەکی جیهانی وەردەگرێت، لەوانەیە هونەرمەند هەست بە ئازادبوونی خۆی بکات ئەوجا بەپەڵە ڕەنگێک و هێڵێک ڕەگەکانی کلتوور بەسەر بکاتەوە.

لەمەوە دەکرێ بڵێم گرنگیدان بەڕەنگی شین لە کلتووری ئێمەدا ڕەنگدانەوەی هەیە هەر لە کوژەکەی سەر لانک تا ملوانکەی گەردن و چاوەزار و چاونفووسی سەردەروازەو باڵەخانە فۆلکلۆرییەکان و

لەپکەشینەی سەر تەوێڵی چێڵ و ... تاد، بەڵام مەلەکردن لە ڕەنگی شیندا ڕوانینە بۆ دوورێکی دوور، موغامەرەی گەشتێکە بۆ ئەودیو سنووری خەیاڵانە،گەڕانەوەیە بۆ وێستگەکانی ڕابردووی ئەوینداری، بەمەش ناسنامەی شوێن لە مۆتیڤەکاندا بەبینەر دەناسێنرێت.

دانانی ڕەنگ لەسەر هێڵەکان وەک فڕێدانی گوڵ و ئاوریشم و زەخرەفەیە بۆ سەر قوماشێک لە کاتێکدا هەر هەمووی بۆیەی زەیتییە..

مەرجیش هەیکەلی گشتییە کە تیایدا هێڵەکان بەفەزای ڕەنگەوە تەنسیقێکی ئەندازەیی دەردەخەن و لەمەوە زمانە ستاتیکیەکەی هونەرمەند دەخوێنرێتەوە..

## ڕەمزە ئیستاتیکیەکان

گەرچی دەربڕین لەیەکتر بڕینی هەردوو هێڵی ئاگایی و تەکنیک شتێک دەربخات، زمانی هونەر لەم مۆتیڤانەدا وەبەرهەمهێنانی دەربڕینە بەهۆی فۆرمی ئەندازەییەوە، ئەمەش لەشێوەی ڕەمزدا..

هەر ڕەمزێک ئاماژە بە بالانمایی ئەوین بدات، کەشفێکە لە دنیای ئیستاتیکدا، بەڵام ڕەمزەکان لەم تابلۆیانەدا چەند بەرەو زەخرەفەیی چوو بن مانای ئەوە نییە-بینین- تێیدا بزرە..

ڕەمز لە هەر کارێکی هونەریدا بەبێ مەدلوول نییە چما بۆ جوانی و چێژیش بێ، ئسلوبێکی گونجان لە دانانی ڕەنگدا بۆ خۆی بینینێکە، ئەو گونجانەش زیاتر بۆ دنیایەکی جوانە کە بەردەوام لە ئاشتیدا بووبێت، یان دواکەوتەیی و ململانێی چینایەتی تەنگیان پێ هەڵنەچنیبێ کە بەپێچەوانەی بارودۆخەکەی شوێنگەی نیگار کێشەوەیە، لەبەر ئەوە دڵنیا دەبم کەبەم ئسلوبە نیگارکێش دەیەوێ لە ڕێی زمانەکەی خۆیەوە شتێک بڵێ کە لەناو ئەو کلتوورە پڕ لە مەرگەساتەدا دنیایەک هەیە بۆ ئەوین و ئازادی..

سەرچۆپییەک هەیە لە دوای هەموو کارەساتێکەوە کە گێڕانەوەی



دڵنەواییە بۆ دەروونی مرۆڤ، لە ساتەوەختی بینینی تابلۆ و مۆتیڤەکەدا ئەمە دیارە و بە قووڵی بەرجەستە کراوە، توانایەکیشی بۆ زیندوو کردنەوەی-ئومێد-ی تێدایە، لەو ساتەدا کە ئاویلکە لە (ڕۆح) کەف دەچەڕێنێ، ئەو ئومێدە دەدرەوشێ..

# تابلۆی زەینەب... لە خەونێکی مزردا

## بینینێ لە ڕاستەوە

بارستـــەی ســپی: ئەو هێــمنی و ئارامـــیــەی لە پاش هاتنەوەی پەڵە هەورەکانی هاوینەوەیە، بەتۆنی ڕەنگی سوورەوە دەسووتێت..

بارستـەی ڕەش: ئەو خـامـۆشـیـیـەی لە کـلـێـشـەی دارگـوێزێکدایە، بۆ شەوێکی کش و مات میوانە لای – ئەبستراکت..

لە دڵۆپە شلەکـانی ئەم دوو ڕەنگەوە (ئاهورا)ی لە بیـرکـراو بەسـەر پەنجەرەکەوە هێڵێک بۆ هەڵمێ دەکێشێت؛ (شەرەفخانی بتلیسی)ی بە جووڵەی هەڵمەکە، بۆ گڕوگاڵ دێتەوە..

## بینینێ لە چەپەوە

بارستەی سوور: دەلالەتی گۆڕینی دنیا بۆخۆت بەسەبەتەیەک بدەرەوە بەو بوونەی کە ئەزەلییە..

بارستەی زەرد: زگزاکە توێکڵەکانی سێوەکەی (ئادەم)مان بۆ بخەرەوە سەر مافوورێکی هەورامان.. جارێ لەدال و مەدلوول مەپرسە..!!

## بینینێ بۆ سەرەوە

ئەو چاوەی لەبری سپێنە، پلە تۆنی سورێنەیە، بیلبیلەش ڕەشە و لەو (مام زۆرابە) دەڕوانێت کەوا لەبرسا دەمرێت....

یەکەی شکڵ وا دەنوێنێ کە بۆ ساتێکیش چییە مێـوژی چاوەکـانی



بێـچـووە هەڵـۆیەکی بۆ نەخـراوەتە ناو ئیـسـتـاتیکای گـۆزەکـەی زەینەب خانەوە..

## بینینێ بۆ خوارەوە

بەر لەوەی مـەرگ خـاڵـی کـۆتایی بۆ گـوتار دابنێ، پلەتۆنی تاڵە مـووە سپییەکانی پرچی زەینەب لە کاریتەی ماڵە هەولێرییەک دەئاڵۆزکێ....

«لەناسنامـەکـەی زەینەب خـاندا نـاوی ئەو باوکـەی تێـدایە، کـە ڕقی لە مەلاشووی وەچەکانی دوای خۆیەتی..»

## زەمەنی بینین

ئەو ڕەنگە لەساتێکدا ڕووبەری –پالێت– دەتەنێ، دەکرێ پڕ شووشەیەک دەرمـانی دژە ڕۆمـاتیـزمـەی دەمـاغ بنۆشـیت.. لەو سـاتەدا بـاوکێ دەبێـتە سانسۆری ترپە ترپی دڵـی زەینەب، بەیانی لەسەیرکردنی ئاوێنەدا، دەرگـای مەزاد ئاوەڵا دەبێ، پرچە درێژەکەی – زەینەب– مەزاد دەکرێت..

– ئەوەڵ مـەزاد.. ئەمـە کـیـژێکە لە بارسـتـەی سـپـیـدا دەزانێ بەتەنـیـا پێـبکەنێ، لەبارسـتـەی ڕەشـدا پسـپـۆڕە بۆ گـریان و واوەیلێ.. جـووڵە و قەبارەی فرمێسکەکانی جۆراو جۆرە..

– ئاخیر مەزاد.. باجی دەرامەتی لەسەر نییە..

لە شافولخـێردا – زەینەب– فیگۆرەکەی قومری خانی دێتە بەرچاو کە خەونی بەو هێـلـکارییـەوە دەبینی کـاتێ– خـەزاڵـی زەمـانێ بۆ لای لاسی دڵدارەکەی دەچووە ژوانێ... دوا سیگناڵ بۆ ئەم فیگۆرە بە ڕەنگی پەمەیی – زەینەب– دەهەژێنێ، دڵۆپە ڕەنگەکان دەڕژێنە سەر – تابلۆ –..

## پانتایی بینین

ئەتمۆسفێر و ئەدرەسی نە گەرەکە، (مەولەوی تاوەگۆزی) بە ماشێنێکی پلە تۆنی سووری ئاگر کوژێنەوە، ئایدیالی – مەم– ی لەپشت برۆ داناوە،

ئەو گرە دادەمرکێنێتەوە کە لە ژێر پێڵووی چاودا لە مەتریالی پرچە نیگرۆکانی -زین- بەربووە، لە کۆنفدراڵی سکێچەکەشدا وادیارە زاهیدێک پاڵتۆکەی - بابەکی خورەمی- لەشێوەی عابایەکی عەرەبی بەسەر شانەوەیە، زاهیدیش حەزی بەدانیشتنە لەناو ئەو فارگۆنەی کە شەمەنەفەری ئومێد بێ ئومێدی کردووە و ناگاتە نوورەکەی -خانی-..

کێ دەڵێ فیگۆری- زەینەب- لەنێو پێکهاتەی- بەندیخانەی جەستەدا- بەدیواری بێزارییەوە هەڵنەواسراوە..؟! دیوارێک کەشەهوەتی ئاوێنەی لێ نیشتبێ؛ پێم ناڵێی چۆن زەینەبی ڕەشپۆشی پشت دەرگا، تامەزرۆی لەرەی گڕی پەمەیی عیشق نابێت..!!

## تابلۆ بوونی زەینەب

هەر ڕەنگێکی ئەم دنیایە لەبەرائەتی ڕوخسار جێ مابێت لە ئاوێنەکەی ناو جانتای شانی زەینەبدایە، بەڵام ئەفسووس بە بارستەی ڕەشی شەوی پەردەوە، جەستەی تەسلیم بەو پیاوە دەبێ، کە نازانێ جووڵە بۆ جەستە چ ئەفسوونێکە، هەر بۆیە زەینەب، کوپێ شیری ساردەوەبووی دەمەو ئێوارەی زستانە و بەسەر لەپێکی زبردا دەڕژێت، ڕژانێ بەبێ زەخرەفە، ڕژانێ نابێتە کۆدێ بۆ گرافیک، ڕژانێکی بێ مۆدێل، بۆ بزربوونە ئەم ڕژانە، بێ شەوقە ئەم ڕژانە..

لەدەرەوەی تابلۆش پیاوێک شک نابرێ لە پرژەی ئەو ڕەنگانە تێ بگات، کە لە ژێر کەوشەکانی زەینەبەوە ؛وەک پوولەکە دەپرژێن و ساتێکیش بەسەر دەریای خەیاڵەوە دێنە سەما، لەناوەوە جەستەی زەینەب، لەدەرەوە نیگای پیاو، هەردووک لە فەلسەفە بەتاڵن..

## زەوت کردنی ڕەنگ لە زەینەب

کێڵگەیەکی تووتن لە پلەتۆنی جگەرەیەکی داگیرساو زەوت دەبێت، سەردەمی زەوت کردنی زۆرشتە، هەر لە گوڵی وەنەوشە، تا ماڵی شووشە،



هەر لە دڵی زەینەب تا خەونی بنەوشە، بۆ ڕەنگیش ئەو دوو دزە دێن کە لەگەڵ مەسیحدا لە خاچ دران، هەر ئەوان بەلایتێکی دەستییەوە دوێنێ ئێوارە خولی ماڵی باپیرەیان دەدا، هێشتا بۆنی کۆنە مێوژی مام زۆراب لە گیرفانی چەپی شەڕواڵەکەی باپیرەوە ڕەنگ پرژێنی چاوی زەینەب دەکات..

ماڵەکە مەرسەم نییە، بوونێکی ئەزەلییە و کۆنترۆڵ کراوە، سەردەمێ بوو زەینەب بەرە و جاجمی بۆ - ئەدیسۆن- تێدا دانا، کەچی شەش مانگە گلۆپی ژوورە مۆرەکانی کوژاونەتەوە..

ماڵی باپیرە باڵەخانەیەکی شەش پاڵووە، لە ژێرەوە، جێی حەشارگەی ئەو پیاوانە بوو کە بۆ نەخشانی ئیرۆتیک لە سەربازیی هەڵدەهاتن، ئێستاش لەگەڵ بۆقە پاقلە خۆرەکانی کۆشکی میردا لە جەستەی رووتی زەینەب دەڕوانن، بە نیگا خەواڵووەکانیان جووڵە و گەمەی ڕەنگەکانیش سارد دەبنەوە..

کەچی شنەبا لەناو پرچی ئایشە و فاتمەدا گەمە بە مەجازێکی قەترانی زەینەب دەکات تا فانتازیای ئومێد ختوکە بدات..

## ئیحایەک بۆ ئومێد

سەردەرهێنانەوەی ئەم ئەوینەی زەینەب لە ژێر باڵی پەرەسێلکەی خەیاڵدایە *، وەک دیاردەیەکی سەیر، ئەوە دەهێنێ لە شەو و ڕۆژێکی تابلۆی ئەم خەونەدا، لە بیست و چوار پلەتۆنی جوداواز بڕوانیت، جانتای بەهاریش بکەیتەوە، پڕە لە تنۆکە ڕەنگی باران، خەیاڵم هێڵەکانی ئەم خەونە دەچنێ، کە بەرەنگەکانی- زەینەب و مام زۆرابەوەیە- مێووژەکەش تامی مزرە، وەک مزرێتی ڕەنگەکانی ئەم تابلۆیە، دوایی زانیم ؛تابلۆکە کارێکی هونەری نیگارکێشێکە و بەر لە بینینی خەونەکەم دیتراوە..

* تێبینی: پەرەسێلکەی خەیاڵ لە ژێر پردۆکەی نەستەوە بە مەبەستی فڕین دێتە دەرەوە، بە زەبری ساتەوەختی فڕین هارمۆنیایەک دەخولقێت..

ئەم نووسینە هەوڵێکە بۆ گوزارشت لەو هارمۆنیایە، نزیک خستنەوەی پەرەسێلکەیە لە گەوهەری دنیا ڕۆحانیەکەی تابلۆیەکی – نامیق حەمە فەرەج–؛ بینینێکی میتاواقعیانەی زمانی –من–ە بۆ ڕەنگی –ئەو–..

بڕوانە پاشکۆ – تابلۆی ژمارە هەشت



## پێکهێنانی ڕوئیا لە هونەری کۆلاژدا

سەرەتای حیکایەت بۆ شتەکان لە چاودایە، لە چاوەوە یەکەمین وشە خۆی خزاندە ناو زەین و مێشکی مرۆڤ، لە نیگادا تنۆکە شەونمەکان تێکەڵ بە سێبەر و ڕووناکی بوون، لە بینیندا هەموو ڕەنگەکان بە فەزادا کەوتنە فڕین، لە سۆمادا لێوی گوڵەکان بۆ تیشکی خۆر بزەیان هاتێ.. لە تەماشادا هێڵەکان بە شکڵەوە لە یەکتر ئاڵان.

چاو، گێڕانەوەیە.. وێنابوونە.. جوانییە.. ڕووناکییە.

ئەو فیگەرەیە کە لە تابلۆوە بۆ بینەر دەڕوانێ.

***

داهێنان لە هەر کارێکی هونەریدا بە تەنیا لە قاڵبی توێژینەوە تیۆری و شکڵییەکاندا نامێنێتەوە، بەڵکو دەجووڵێت و بەدوای زمانێکی نوێدا دەگەڕێت. زمانێک کە بتوانێ لەو گوزارشتانە تێ بگات کە حەز و موعانات و ئەوینەکانی مرۆڤی هونەرییانە پێ دەدوێنرێ.

کاک (نەژاد عەزیز سورمێ) چاوەکان – هەڵدەبژێرێت و جەخت لەو توندوتیژی و ئاژاوانە دەکاتەوە کە لە ژینگەی مرۆڤایەتیدا بڕانەوەیان بۆ نییە، بابەتی چاوەکان گەشتێکە بەناو مۆتەکە و ترس و خەونە خنکاوەکاندا گوزەر دەکەن، حەز و چێژ و ئەوینە سەرەڕۆکان بەسەر دەکەنەوە.

ئاشکرایە کە هەر هونەرمەندێ شێوازێکی هەیە و بەهۆیەوە گوزارشتێکی زاتی دەگوازێتەوە بۆ سەر ڕووبەری سپی، لەو گواستنەوەیەدا پشت بە

فیگەرێکی تایبەت دەبەستێ، ئەو فیگەرەی لە گەشتی دۆزینەوە عیشقییەکاندا موغامەرەی پێ دەکرێت مێینەیی ئیستاتیکییە لە - چاوەکان-دا.

بەو ڕوئیایەوە تابلۆکان لە هەردوو حاڵەتی ئاگایی و نائاگاییدا دەچنێ و بۆ ئەمەش جوانی لە فیگەرەکاندا بە موڵکی خۆی دەکات.

***

تێکەڵ کردنی چاو و ئەندامەکانی جەستە (بە وێنەی فۆتۆگرافی) لەناو کۆمەڵێ فیگەری جۆراوجۆری تەجریدی و فۆتۆریستی و ئەزموونگەریدا چنینێکە بۆ کۆلاژەکان، ئەم چنینە پێکهاتووە لە چەندین شێوەی ئەندازەیی و هێڵی شاقووڵی و کەوانەیی و ئاسۆیی کە تۆماری کات و زەمەنە دیاریکراوەکان وەبەرچاوی بینەر دەخاتەوە، ئاوێتەبوونی ئەو ڕەگەزە شێوەکارییانەش بە تەنیا لاسایی کردنەوەی ڕەگەزەکانی ناو سروشت نین بەقەد ئەوەی ناساندنی ئەو یاسایانەن کە بەهۆیانەوە ئامارێک لە ترپە ترپی دڵی زیندەبووەکان بۆ سروشت تۆمار دەکەن.

لەو بڕوایەدام هونەرمەند کەمتر ئەو چاوانەی بە تابلۆکانەوە لکاندووە کە تایبەتن بە دنیای نائاگایی و ئەندێشەسازی ناو خودی خۆی، ڕەگەزەکانی ئەو دنیایە لە ڕووی تەکنیکی هونەرییەوە مەدلوولی دەروونی و فەلسەفی بەرفراوانتر بە بونیادی گشتی داهێنان دەبەخشن، چونکە کرۆکی حاڵەتەکانی نائاگایی هونەرمەند بەشێکی بەرفراوانی ژیانیەتی، گواستنەوەی ئەو چاوانەی لە واقیعدا شکڵیان هەیە بەدەرن لە حاڵەتەکانی نائاگایی، بەڵکو ڕەسم کردنەوەیەکی تایبەتن بە ئاگایی، بۆ ئەوەی هونەرمەند حاڵەتەکانی نائاگایی وێنە بکاتەوە، پێویستی کارەکەیەتی ئەو چاوانەش نەخاتە پشت گوێ کە حەز و خەونە شاردراوەکانی تێدا بەرجەستەن، وەک وتم ئەمە لە هەندێ تابلۆدا بەدی دەکرێن و لەو چاوانەشدا بزر دەبن کە لە واقیعدا شکڵیان هەیە.

ئەوەی ئەم کۆلاژانە هەڵسەنگێنێ، دەتوانێ ئەو هەندە لە زۆربە جودا



بکاتەوە، لەو هەندەدا نە حیکایەت دەخوێنرێتەوە و نە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، بەڵکو بە ڕوئیابوونی هەستێکی ناسکن، کە لە ڕێی شەفافیەتی ئەو هەستەوە دیالۆگی نێوان بینەر و تابلۆ دەدۆزرێتەوە و تەفسیرێ بۆ حاڵەتەکان دەخوڵقێت.

***

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە -چاوەکان- تەنیا بینینەوەی شکڵەکانی لەدوا نییە، بەڵکو خوڵقاندنەوەی ڕوئیاکانە، گرووپێکە لە گرووپەکانی ناو مووریلەکانی جەستەی شێوەکاری و ئامرازێکە بۆ ئازادکردنی هەموو وزە خەیاڵییە دیلکراوەکانی ناو ناخی مرۆڤ، ئەگەر مرۆڤ بەهۆی ڕەگەزەکانی ڕەسمیشەوە ڕزگاری نەکات ئەوە ڕێگەی دیکەش زۆرن بۆ گوزارشت کردن لەو خەیاڵە پەنهان کراوانە.

کۆلاژکار لە تابلۆکانیدا چرکەساتە زەمەنییەکانی کۆکردۆتەوە، زەمەنی ئەو چاوەی منداڵانە شتەکان دەبینێ، زەمەنی گەڕان بەدوای ئەو شتانەی کە لە زەیندا خۆیان حەشار دەدەن و لە گۆکردندا سستن و لە دیمەندا بەزاردێن، زەمەنی ئەو هەستەی - ڕوئیا-ی لەسەر چاپ دەکرێت.. بینەری جوانبینیش لە بەرانبەر کۆلاژەکاندا وا زەن دەکا کە هەموو فیگەرەکانی تریش تەفسیرێکن بۆ خوڵقانی ڕوئیا جیاوازەکان لە بەچەمککردنی چاودا، یان ئەو پەیمان و وەعدانەن کە لەگەڵ چاودا بە دەوروبەری دەدەن، یان ئەو چێژەن کە چاو لە ناخی کەسانی تردا دەیوروژێنێ.

لە شکڵەکانیشدا کۆمەڵێ وێنا هەست پێ دەکرێت کە لە هەر تابلۆیەکدا ئەو وێنابوونە هاوگونجانێکە لە واتادا، ئەو واتایانەی کە پابەندی چرکەساتە مێینەکانە لە ڕوئیا خوڵقاندندا، زمانی ئەفرێنراوی خۆی هەیە لە گوزارشت کردندا، لە هەندێ تابلۆی کۆلاژکراودا چاویش بزر دەبێ و بوار بۆ هەمەجۆری شکڵە مێینەکان بەسەر ڕووبەرەوە خۆشتر دەبێ.

***

ئەگەر - چاوەکان - لەناو ئەو چوارچێوە لاکێشەییانەدا نەبوونایە، زیاتر

له کۆت و بەندە شکڵییەکان ڕزگار دەبوون و ڕوئیاکانیان باشتر بەدەردەکەوتن و بەڕووی ڕووناکیدا زیاتر دەکرانەوە.

***

وێناکردنەوەی شکڵ و مامڵەت کردن لەگەڵ جووڵەی جەستەدا وەک پانتاییەک بۆ تابلۆ بەشێکە لەو ڕوئیایە، جەستە لە جیابوونەوە و یەکبوونی بەردەوامدایە لەگەڵ -من- و -ئەوی تر-، لەم مامڵەتەدا بە چاوەکاندا دەردەکەوێ کە مامەڵەکردن بە جەستە لە تابلۆدا سیستمێکی زەینییە و جیاوازە لەو دیدەی وەک ئامێرێکی ئۆرگانی ببینرێت. جەستە و دنیای ئافرەت لە ئامێزی هەموو تابلۆکاندا سەرنشینە، هەندێ جار لە شکڵی سێوی گەییودا کە ئیمازەیە بە حاڵەتی ئەوین و چێژبەخشین، یان لەناو تەنووری تووڕەبووندایە و لە ترس و برسێتیدا نغرۆیە، لە شەرمدایە و چاوەکانی بەنازێکەوە شۆڕە، جەستە لەگەڵ فیگەرەکانی دیکەدا بە هارمۆنی و کۆنتراستەوە گوزارشتە لە عەشتارێتی ئافرەت و بە پیتێتی لە ژیاندا، کاتێ هونەرمەندیش جەستە لە ئیستهلاکیەت دوور دەخاتەوە، ئەوە لە بینینەوەیەکی هونەریدا ئیعتبارێکی بۆ دەگێڕێتەوە، جەستەکان لە پاڵ فرە بابەت و هەمەچەشنە پاشخانەکاندا دەبریسکێنەوە.

***

لۆژیکی هەر پرۆژەیەکی هونەری لەوەدایە کە هونەرمەند بۆ ماوەیەکی درێژ خوو بە شکڵێکەوە بگرێ، (نەژاد عەزیز سورمێ) بە ڕادەیەک ئەم شکڵانەی تایبەت کردووە بە دنیای خۆیی و هەندێکیانی لە واقیع دابڕاندووە کەوا هەست دەکرێ وەریگێڕاونەتە سەر زمانێکی دیالۆگ و دادائیانە موخاتەبەی دەوروبەری پێ دەکات و ئەوین و ئارامی و بێزاری و خەم و تەحەداشی تێدا دەدرەوشێنێتەوە، لە وروژان و هەڵچوونەکانیاندا کەشفێکی مرۆیی بەدی دەکرێت.. پێم باش بوو ئەگەر ڕووتەڵکاری زیاتر لە شکڵەکاندا هەبوونایە، چونکە کەمکردنەوەی فیگەرە جیاوازەکان لە دیمەندا تەئویلی زیاتر بۆ بینەر دەڕەخسێنێ، هەن دەڵێن کۆلاژکاری



حیرفەتی تەواوی هونەری ناوێ، بەڵام ئەوە لە یاد نەکەین کە توانایەکی ڕۆشنبیرانەی هونەری لە گونجان و کۆنتراست و لێک بەستن گەرەکە و حیرفەت لەم بوارەدا ئەگەر هەبێ سەرەتا لە هەڵبژاردنی پارچە وێنەکاندایە ئنجا لە شارەزایی ئەو هەستانەی کە قووڵایی مانایی لە وێنەدا پێ دەخوێنرێتەوە، ئیتر بە چ میلۆدی و ڕەنگ و شکڵ و فیگەرێ شێوەکان لە دیمەنی بینراوەوە بۆ دیمەنی زەینی دەگوازرێنەوە ئەمەیان ڕوئیای هونەرمەندەکە دەستنیشانی دەکات.

***

هەمەجۆری لە تەماشادا لە نێوان واقعیەتی نوێ و هەندێ جار تەجریددا جۆلانەیەک بە بیلبیلەی چاوەکان دەکەن و تەماشاکردنی ڕەسمی ئەوین و چێژ و وزە و توڕەیی و برسێتی (بە تەکنیکی ئامادەوە) دەکێشنەوە، هیچ جۆرێکیش لە جۆرەکانی هونەر بەبێ تەکنیک بەرجەستە ناکرێت، ئەگەر هارمۆنیەت لە هەڵبژاردنی ڕەنگدا هەبێ لە موقابیلدا دەکرێ کۆنتراستیەت لە دانانی فیگەردا ئاسایی بێت، بەم جۆرە مانایەکی ئیستاتیکی بۆ تەنغیم کردنی بابەت و شکڵەکان، بوعدە زاتیەکەی هونەرمەند بە تەماشاکردنەکانی بینەر دەناسێنن، لەم میانەوە لە کتێبێکی نەژاددا تەئویل و ڕاوبۆچوونی فرە هەن بە ئیمزای ڕۆشنبیرانی فیکر و ئەدەب و هونەر کە چەند لاپەڕەیەکی بۆ تەرخان کراوە و هەر کەسە بە تێڕامانی خۆی تەولیفی ئەو چرکەساتە بینراوانەی لە پێشانگەکەدا کردووە، جوانناسەکان بە بۆچوونەکانی خۆیان ئینتما دەکەنەوە بۆ دنیاکەی (نەژاد عەزیز سورمێ) کە دنیایەکە تایبەت بە هونەری نیشاندانی چاو..

## دوو گەشتی تێڕوانین لە یەک شوێندا...

ماوەیەکە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر جموجوڵێکی شێوەکاری بەرچاو دەبینرێ و هەفتانە پێشانگای شێوەکاری و خۆشنووسی و فۆتۆیی و پەیکەرسازی لەو هۆڵانەی گەلەری میدیادا لە ئامێز دەگیرێ کە لەڕووی نیشان دان و بەرجەستە کردن و وابەستەیی بە ئامانجی هونەرەوە، بونیاد و شێوەی هەمەچەشن لە خۆ دەگرن.. ئەوپەڕی هەوڵم داوە کە ئەو پێشانگانە بەسەر بکەمەوە و تێڕوانینی خۆم دەربارەیان تۆمار بکەم، ئاماژەش بەوە دەدەم نامەوێ ببمە ئامرازێ بۆ مەحکوم کردنی تابلۆ و بەستنەوەی لە قەفەزی توێکاری و ستیل لایف و قاڵبەگەری و تاد..

هەر تابلۆیەکم لەو پێشانگانەدا بینیبێ چەندە سیمای هونەری پێوە دیارە ئەوە پێوەندی بە سنووربەزاندن و هەڵبواردنی گۆڕانکارییەوەیە لە هونەری نیگارسازی و گەوهەری ژیاندا؟!

درەوشانەوەی هەندێکیانم لەناو کلۆرایی درەختێکی بەسالاچوودا بینیوە، هەشیان بووە بەسەر لێوی نەمامێکی هەستەوەرەوە سریوەی ناو میلۆدییەکی خەندەهێن بووە، هەموویان لە زەینمدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و هیچیان لێ بە پەراوێز ناکەم، چونکە ئاسان نییە فیشەکی ڕەحمەت بنێی بە نێوچەوانی تابلۆیەکەوە کە پێشوەختە حەز و چێژی هونەرمەندێکی هەڵگرتبێ چ ئەو تابلۆیانەی شاقوولیانە گونجاوی فۆرم و میکانیزمی زانین و ئەزموونی هونەرمەندن، یان ئەوانەی ئاسۆییانە لەگەڵ ستایل و ڕێبازە هونەرییە هەمەجۆرەکاندا ڕێک و تەبان...

***



ئەم گەشتی تێڕوانینەم لە چوارەم پێشانگای تایبەتی- ئەنوەر مستەفا بەرواری- دەست پێ دەکات. پێشانگاکە لە ژێر ناوی- وەسێتی شەهیدان- لە گەلەری میدیا کرایەوەو ئەم پەیامەی لە ڤۆڵدەرەکەدا نووسی بوو «هیچ بەرزبوونەوەیەکی گیانی ناکاتە ئەو بەرزبوونەوە گیانییەی ئەو کەسانەی کە بەرەو مەرگ دەڕۆن لە پێناوی ڕزگارکردنی نیشتمان..»

بزانین ئەم نیگارکێشە لەماوەی زیاتر لە «٣٠» ساڵ تەمەنی هونەری چ ئەزموون و بەخششێ لەم دوا پێشانگایەیدا ڕەنگی داوەتەوە؟!

لە پۆستەرەوە بۆ ڕەمزییەت و ئنجا ئەمپریشن، پەرەپێدانی هەر یەک لەو ئسلوبانە بەرلەوەی بریتی بێ لە هێما و ڕەنگی زۆر و وردەکاری لە شێوەدا «کە خۆی ئاماژەی بۆ دەکات»، زیاتر بابەتی پێکهاتە و بونیاتە بەرلەوەی بابەتی ڕەمزو شێوە و سیمایەک بێ، ئەوەتا لەو سێ تابلۆ ڕەمزییەی کە نمایشی کرد بوون، فیگەرەکان کە لە چەقی ڕووبەرەکاندا ڕوێنرا بوون، زیاتر چەقێکی وەستاو بوون بۆ مانایەکی جووڵەداری تراژیدی، دانانی ئەو فیگەرە ڕەمزیانە بەو شێوازە لاکێشەییە داڕێژراوە، زیاتر بەمەبەستی دیاریکردنی زەمەنە، لە دەوروبەری چەقە وەستاوەکاندا، هەر سێ تابلۆکە بریتی بوون لە تێکستێ قابیل بە بینین، بەڵام لەسەر بناغەی داڕشتنەوە بە زمانی وێنە و ڕەنگ و شێوە..

ئەوەی لەو تابلۆ ڕەمزیانەدا زیاتر ڕەمزییەتەکە دەچەسپێنێ ئیختیزال کردنەوەی- شوێن-ە لە گیانی ئافرەت و منداڵدا، بە واتا ئەو گیانە چوێنراوە بە نیشتمان..

لێدانی گیان و سەر قرتان و بوونەتارمایی گیان هەموو ئەمانە لەو چرکەساتانەدا ڕوودەدەن کە تەعدا لە نیشتمان دەکرێت و کیمیاوی بەسەر تەڕو وشکی شوێندا دەڕژێنرێت..

هەر ئەم هاوارەی گیانە بۆ ڕزگاربوون کە نیگارکێش ڕادەکێشێ بۆ ئسلوبێکی جیاواز لەمەی ئێستا و بە ئەمپریشن ئازارەکانی دەردەبڕێ، ئەمجارە تابلۆ بە تەنیا نابێتە گوزارشتێ بۆ (زەمان و شوێن) و (چەقی

وەستاو و مانای جووڵەدار) بەڵکو بەرەو تەجەلابوونێکی سیماکان دەچین و فیگەر و ڕەنگ و تارمایی و جەستە هەموویان بە یەکتر ئاوێزان دەبن و لەناو یەکتردا ڕووت دەکرێنەوە، ڕووت بوونەوە لەم ئسلوبەیدا زیاتر لە پێناوی کەشف و دەرخستنی حەقیقەتدایە، لەشی ڕووتی ئافرەت بەو ئیستاتیکا تەجەلابووەی کە هەیەتی دیسانەوە دەبێتەوە بەرەمزی نیشتمان و پیرۆزی شوێن، ڕەنگەکانیش ئەو مۆسیقایەن کە منداڵێکی خوێن گەرم بە بەرائەتەوە ژێیەکانی (بەبێ ڕیتمێکی گونجاو) دەژەنێ هەتا بەو ژەنینە هیستیرییە گیان ڕزگار بکات لەو زوڵم و زۆرەی لێی دەکرێ..

نیگارکێش لەم ئسلوبەیدا بوارێکی زۆر کەمی هێشتوەتەوە بۆ بۆشایی، فیگەرەکان لەناو ڕەنگی ئاویدا مەلە دەکەن و سیمایەکی جوانتریان دەبوو گەر بۆشایی لە نێوان کوتلەکاندا هەبوونایە..

وا هەست دەکەم بەردەوام ئەم نیگارکێشە لەناو خەیاڵ و خەونێکدا دەژی ئەم جۆرە ژیانەیە کە پرۆسێسی گرێدانی فکری خۆش دەکات لە نێوان سیماو ڕەنگە سروشتییەکان و میتا سروشتییەکان، گەر بە بۆچوونی «رجاء النقاش»- سروشت- لە تابلۆکانی ئەنوەر بەرواریدا گەڕانەوە بێ بۆ زات، ئەمجارە وا هەست دەکرێ کە هەڵچوونێکی زاتی بە بەردەوامی لە ناخی هونەرمەنددا هەیە بۆ پێوەندی کردن بە جیهانی دەرەوە، ئەم بازدانە لە (زاتەوە بۆ بابەت) بۆ ئەوەیە بەهۆی فیگەر و شێوە ڕەسم کراوەکانەوە کە بابەتن و گوزارشت لە زات دەکەن وێنە لە چاوی بینەردا ببوژێننەوە، گواستنەوەی فکر لەو بابەتانەدا بەهۆی هێما و سیمبۆڵەکانەوە دەبنە زمانی وێنە، زۆرجار ئامرازەکانی ئەم گوزارشتە لە (هەڵچوونی زات)دا شکڵ دەسرێتەوە و تەنیا بە دڵۆپە مەرەکەب و بۆیە، چەند ئیمایەکی ئەفسانەیی تۆمار دەکەن، لە بری ئەوەی زات لەناو جیهاندا فەنا بکەن، ئەوە ئەمجارە بە سێ تابلۆی جیاواز لە ئسلوبەکانی ڕەمزی و ئەمپرێشنی، زات لە چەند شێوەیەکی جوانکاریدا فەنا دەبێ..

***



دووەمین گەشتی هونەری تێڕوانین فیستیڤاڵەکەی خۆشنووسی و نەخشەسازییە، خۆشنووسی بە تەنیا دیاردەیەک نییە بۆ گەیاندنی زەیینی، بەڵکو پردێکی دینامیکییە لە نێوان ناسنامەی ئەنتۆلۆژیانەی مرۆڤ و تەجویدی شکڵە شارستانیەکاندا، بە واتا بینراوێکی مێژوویی و شارستانیە، خوێندنەوەی کولتووره لە ڕووی پەروەردەیی و هونەرییەوە، چەندە زەمانە بەسەر پیتدا یان خاڵ و هێڵدا تێپەڕ بێ، هێندە چەمکی ڕەسەنایەتی لەم هونەرەدا پتەوتر دەبێ..

لێرەدا نامەوێ لە نووسینەوەی گەشتێکی تێڕوانیندا سەرەتاکانی خۆشنووسی و تەکنیک و حیرەفیەت و جۆر و شێوازەکانی بخەمەڕوو، بەڵکو لە هەندێ بەهای جوانناسی ئەم هونەرە دەکۆڵمەوە..

بۆ ئەم لێکۆڵینەش فیستیڤاڵی دووەمی هەولێر بۆ خۆشنووسی و نەخشەسازی دەکەمە سەرچاوە کە لە (١-٣/١٠/٢٠٠٠) لە هۆڵی میدیا درێژە بە بەرنامەکانی درا..

لەو فیستیڤاڵەدا زیاتر لە (١٣٠) خۆشنووس و نەخشەساز بە بەرهەمەکانیان هۆڵەکانی میدیایان ڕازاندبوەوە، جگە لە کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و ڕانیە و سۆران و شەقلاوە و هەڵەبجە، خۆشنووسانی بەغداو موصل و هەروەها چەند خۆشنووسێکی کورد لە لەندەن و ئەڵمانیا و ئێرانەوە بە تابلۆ بەشدارییان کرد بوو..

ئەم هونەرە بە فکری ئیسلامی و عەرەبییەوە لکێنراوە و هاوکات بەهایەکی ماتماتیکانە و ئەبجەدییانەی وای لە پشتە کە دەکرێ لەناو سروشت و دۆخە فانتازییەکانی کوردەواریدا ببێتە ئامرازێکی گوزارشت بۆ ڕۆح و هەست و عەقڵی کوردی و ئەنجام ئەو ئامرازە لە چوارچێوەی - بەهای زمان-دا بگیرسێتەوە..

هەڵبەت پێش ئەم قۆناغەی ئێستای خۆشنووسی کە ماوەتەوە، ئەم هونەرە بە چەندین قۆناغی زانراوی نووسیندا تێپەڕیوە، لەوانە نووسینی

کەرت کەرت و بڕگەیی و نووسینی وێنەیی و مسماری و تا قۆناغەکانی پێشتریش کە زەخرەفە و نەخش و نیگار لەسەر قاپ و کەوچکی لە قوڕ دروست کراو هەبوون کەچی تا ئەمڕۆش زۆربەی خەڵکی وا لە خۆشنووسی و زەخرەفە تێگەیشتون کە بریتییە لە نووسینەوەی پیت وخاڵ و وشە و دەستەواژە، لە کاتێکدا ئەم هونەرە پێوەندارە بە ناونیشانی سەر بەرگی کتێب و گۆڤار.. پروپاگەندە پیشەسازی و بازرگانیەکان.. تێرم و ئارمی بەرنامەکانی تی ڤی.. کاروباری کاشیسازی.. ڕازانەوەی دیوار و گومەزی مزگەوتەکان.. ڕێکخستنەوەی ڕووی دراو و پول و.. کارت و ژمارەی ئۆتۆمۆبێل.. نەخشەی ئەتڵەس و بەڵگەنامە مێژووییەکان.. کلێشەی زەنگۆگراف.. هەڵکەندنی مۆر و دار و تەختە و پلێت و لینیلیۆم...تاد.

ئەوەی لە فیستیڤاڵەکەدا بەرچاو دەکەوت هەندێ لە تابلۆ بەشداربووەکانی زەخرەفە و خۆشنووسی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبوون بەتایبەت لە ڕەسم کردنەوەی خاڵ و پیتەکان بەشێوازێکی نوێ و نزیک خستنەوەیان لە ئیستاتیکای هونەری شێوەکاری، لە ڕەسم کردنەوەی شێوازە تازەکاندا هەر چوار بوعدەکە (درێژی و پانی و بەرزی و جوولە)بە یەکەوە بەرجەستە کرابوونەوە، لێرەوە دەکرێ بڵێین ئەوەی -خۆشنووس- لە -شێوەکار- جیادەکاتەوە بە تەنیا گواستنەوەی زمانی زەیینی نییە، بەڵکو بیستنیشە، بۆ نموونە کاتێ چاوم بە وشەیەک دەکەوێ کە بە ئسلوبی کووفی لەناو زەخرەفەدا نەخشاوە وێڕای چێژ وەرگرتن لە ئەندازەیی هێڵ و نەخشانی پیتەکان و واتاکانی، ئەو وشەیەش لە زەین و گوێچکەمدا دەزرنگێتەوە..

زۆربەی ئەو شێوازانەش کە ڕەسم کرابوون گوزارش بوون لە کیانێکی میتۆلۆژی کە لە تەبیعەتی کەسانێکدا ڕەنگی داوەتەوە لە جوگرافیا و کەشوهەوای بیابان و دەشت و دۆڵە چۆڵەکاندا ژیانیان کشتوکاڵیانە بەسەر بردووە..

لەم بارەیەوە کەم خۆشنووسی کورد سروشتی تێڕامانکاریانەی چیا و



کەشوهەوای کوێستاناوی ژینگەی کوردستان کاریگەر بووە لەسەر شێوازی ڕەسمەکانی، زۆربەیان لەبەر تەقدیسی هەندێ ناو و وشەو مانا ڕێزیان لە پیتە ئەبجەدیەکان گرتووە کە ئەو پیتانە پێکهاتەی سەرەکین لە زمانی قورئانی پیرۆزدا..

ئەمڕۆ ئەم جۆرە لە خۆشنووسی بووە بە ئسلوبی تەدوین و ئیتر مەرج نییە هەر وابەستەی بکەین بەو فکرانەوە کە بەزمانی عەرەبییەوە گرێبەندن..

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە مانای -ئیسلام- لەو واقیعە مرۆییەدا کە بوون و مێژووی هەبووە، بەپێی بناغەیەکی عەقڵی و ئیستیدلالی دۆخێکی مەعریفی غەیبانی لە هونەرو ئەخلاق و ئەدەبیاتدا هەیە کە بە سەمتێکی تۆکمەوە ئەستێلکەکانی پڕ لە چەمک و وێنای نووسراو کردووە..

شێوازەکانی تەدوین بەپێی جیاوازی ژینگە و زەمەن و شوێنەکان جۆرەها ڕەمز و مانا و جووڵە و ململانێ و ڕووتەڵکاری سەربەخۆیان لە ناخدایە..

هەر ڕیتمێکی هێڵ و خاڵ و پیت لە هەموو ڕووەکانی ویژدانی و هەستەوەری و سکوونەوە بەردەوام لە هەڵچوون و داچووندان، بەپێی شەپۆل و گونجانی لەگەڵ ئەو شوێنانەی لێوەی هەڵدەقوولێ، ئەگەر هەمان ڕەسم بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە و فۆتۆ بکرێتەوە ئەوە ئاکام جۆرێک لە دەق گرتوویی بەسەر کارەکەدا زاڵ دەبێ..

گەرچی هەندێکیان توانیبویان لە ڕێی تابلۆ نمایشکارییەکانیانەوە جیاوازی بخەنە ڕوو، بەڵام بەگشتی لە تەقلیدکردنەوەی ئسلوبەکانیشدا هەندێ لاوازی بەدی دەکرا، ئەوەتا شێوازی زۆربەی ئەو ڕووەک و گوڵ و درەختانەی کە لە ژینگەی کوردیدا دەڕوێن جیاوازن لەوانەی ژینگەی عەرەبی، هەڵپەڕکێی کوردی دوورە لە ئەهازیجی عەرەبییەوە، جووڵە و قەڵبەزەی کەو لەگەڵ باڵەفڕەی داڵ لە یەکناچن، شێوازی داڕشتنەوەی دیکۆری ئەندازەییانەی بەشەکانی خانوو لەناو ماڵی کوردیدا جیاوازە لەو شێوازە ئەندازەیی و هێڵ و کەوانانەی کە لەناو گەڕەکی شارە

عەرەبییەکاندا یان لەناو قامیشەڵان و حەسیردایە، ئەمە لە مافوور و بەڕە و کلیمیشدا هەر وایە، کە مافووری هەر میللەتە دەلالاتی تایبەت بەسرووت و مۆراڵ و ئەتەکێتی ژیانی خۆیان هەیە، تەماشادەکەی هەندێ پیتی کوردی وەک (ژ، ڤ، چ، گ، ڕ...) کە لەناو پیتە کوردییەکاندان هەر یەکە دەنگێکی جیاوازی هەیە و لە (ز، ف، ج، ک، ر..) ناچن.. هەمـوو ئەم دینامیکیەت و شێوازانە و دەیان نموونەی تر.. پێکەوە نەبرەیەکی پڕ جۆشی وا لە نەستی مرۆڤدا پێک دێنن تا دەبنە ڕژێمێکی فانتازی و ڕیتمێکی تایبەت بە جووڵە و شێوەی شتەکان و ئاوازێکی مۆسیقی جیاواز..

بەم جۆرە خۆشنووسی دیالۆگێکە ئیستاتیکیانە لە نێوان مرۆڤ و سروشتەکەیدا دەسازێ، ئەم سازاندنە چەندە لە شێوازەکانی خۆشنووسانی کوردا لەو فیستیڤاڵە ڕەنگیان داوەتەوە ئەمەیان بۆ پسپۆڕێک لەو بوارەدا جێدێڵم..



## نیگای فۆتۆگراف لە ژێر تارای شێوەکاریدا

بەم وتەیەی پۆل سیزان-ەوە چەند نەرمە بازنەیەکی زلوبیایی بەسەر پانتایی دەریاچە هێمنەکەی زەینی خوێنەردا دەکەینەوە «سروشت وەک مرۆڤە، زیندووبوویەکی بیرکەرەوەیە، فیکرێکە لە قووڵایی ناخمدا دەژی، سروشت و من و تابلۆکانم لەیەک ئۆرگاندا تێکەڵی یەکتری بووین..»

***

لەم ساڵانەی ڕابردوودا چەند فۆتۆگرافیستێکی کورد بەو قەناعەتە گەیشتوون کە کاری فۆتۆگراف بە تەنیا حرفەیەکی وەزیفی و کردەیەکی بازرگانی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ئیستاتیکی هونەرییە و تایبەتمەندییەکی فیکری و فەلسەفی لە پشتە، کەواتە کۆمەڵێ فۆتۆگرافیست هەن لەو بڕوایەدان گرتەی کامێرا تەنیا هۆیەک نییە بۆ گواستنەوەی واقیعە بینراوەکە و ئەمەشیان بە پراکتیک کردووە، ئنجا پرسیار ئەوەیە تا چەند زەمینە خۆش بووە بۆ دامەزراندنی بزاڤێکی نوێی وێنەگران؟!

ئەگەرچی هەوڵ و تواناکان پەرتوبڵاون و ناوبەناو پێشانگە بۆ ئەم مەبەستە ساز دەکرێن، هاوکات لە موقابیلدا و لە ڕووی هۆشیاری و ئاگاییەوە خەڵکی ئامادە نەکراوە تا لە بینینی باو و سواو دوور بکەونەوە و چاویان ڕانەهێنراوە بە بینینی ئەم هەموو مەغزا و غەرائیبیەتەی لەناو فەزا و هێڵ و ڕەنگ و بۆشایی و سێبەر و ڕووناکیدا خۆیان حەشارداوە، تەنانەت لە ڕووی بڵاوکراوە و هەڵسەنگاندنەوە زمانی بینین پاشکۆی زمانی ئاخاوتن و بیستنە و چەند گۆشەیەکی کورت و بچکۆلەی لەناو

ڕاگەیاندنەکان و کتێبەکاندا بۆ تەرخان کراوە، بەمانەش ئاستی سایکۆلۆژی و چێژی خەڵکی نابزوێ، ئەوەی لەم بوارەدا و لە ڕووی هونەرییەوە وەک تیۆر و میتۆد شتێکی جووڵاندبێ تەنیا وتارو باسەکانی «فارس سەعدی» و مێزگرد و مەلەفە تایبەتەکەی گۆڤاری- ڕامان-و خوێندنەوەیەکی چەند تابلۆیەکی فۆتۆگرافی لەلایەن- محەمەد هاشم- و چەندین کورتە باس و وتاری دیکەی لێرەو لەوێن، کە بە هەموویان سەرەتایەکی باشن بۆ پرۆسەیەکی تیۆری هاوسەنگ بە ئاستی بزاڤی فۆتۆگرافی لە کوردستاندا.

لەو بڕوایەشدا بین وەک چۆن ژینگە پیس دەبێ، هاوشێوە چاویش پیس دەبێ، ئەگەر بێت و شتە جوانەکان لە سروشتدا نەبینێ یان کاتێ بە بەر چاوەوە هارمۆنیای ڕەنگەکان تێک بچن و خۆڵی مردوو لە دیمەنەکان بنیشێ ئاماژەن بەوەی (بینین) دووچاری نەخۆشی (دالتۆن) هاتووە، بەم نەخۆشییەش جگە لە تارمایی چاو ناتوانێ هەمەڕەنگی ببینێ، ئەوسا چاوەکان تەنیا بە بینینی واقیعێکی خۆڵەمێشیی خەسیو ئاشنا دەبن.

***

لەوانەیە «مەغزا و غەرائیبییەت» بەلای نیگارکێشەوە تەرجەمەکردنەوەی ڕووداوەکانی ژیان و واقیع بێ بۆ حاڵەتەکانی خەیاڵ و میتافیزیک، هاوکات «مەغزا و غەرائیبییەت» بەلای فۆتۆگرافییەکەوە دۆزینەوەی خەیاڵ و فیزیکە لەناو دیمەنی ڕووداوەکاندا، هەردوو «نیگارکێش و فۆتۆگرافیست» پابەندن بە زمانی بینین، ئەگەر بەلای یەکەم فڵچە و قەڵەم و دارێک ئامرازی داڕشتن بێ ئەوە لەلای دووەمەوە هاوێنەی کامێرایە، ماوسی کۆمپیوتەریش سێیەمیانە کە ئەمەیان باسێکی سەربەخۆی دەوێت.. بە هەندێ تابلۆ دەوترێ- چامەی بینراو- چونکە خەیاڵێکی بە پیتی وا خولْقاندوویەتی کە پڕ بووە لە وێنەو فیکرە، دەشکرێ بە هەندێ وێنەی فۆتۆگرافی بڵێین- حەکایەتی بینراو-، لە میشیاندا مەغزای مەجازی و ڕەمزی جەستە دینامیکییەکان لەناو دیمەنەکاندا موفرەداتی حەکایەتێکی بینراون... لێرەدا نامانەوێ لە مانای ئیتیمۆلۆژی *زمانی*



*بینین بکۆڵینەوە، بەڵکو لێرەوە دەروازەیەک* ڕۆشن دەکەینەوە تا باسێکی ئەو گرتانە بکەین کە لە هاوێنەی هەردوو هونەرمەندی فۆتۆگرافی- فارس سەعدی- و - بەکر نەبی- دیمەنی سروشتییان پێ وێنە گیراوە...

***

کاتێ گرتەی هونەری بەلای وێنەگرەوە «حیکمەت» دەخوڵقێنێ

حیکمەتێکی هونەری لەسەر هێڵ و لەناو بۆشایی و لە پاڵ ڕەنگەکانی سروشتدا هەیە، ئەگەر وێنەگرێک ئەزموون و فرە تەئویلی بینینی لەگەڵ ترپە ترپی دڵە گەرمەکەی جوانیدا نەبێت، ئەو حیکمەتەی بۆ ناخرێتە ناو قۆقزێتی هاوێنەی کامێراکەیەوە.

حیکمەتی وێناکردنەوەی سروشت ئەو واڕسکە ئەنتۆلۆژییە دێنێتەوە زەینم کە مرۆڤی خاوەن هەست هەیەتی، بەهۆی ئەو واڕسکەوە مرۆڤ حەزی بە وێنەگرتنی جوانییەکانی سروشتە، تەنانەت مرۆڤی پێشان بەهۆی واڕسکە ئەنتۆلۆژییەکەوە دیمەنەکانی دێر زەمانیان بەسەر دیواری ناو ئەشکەوتەکانەوە بۆ تۆمار کردوینەتەوە.

وێنەی ئەو حیکمەتانەی سروشتە وای لە زۆربەی گرتە فۆتۆیەکانی ئەندازیار (فارس سەعدی) کردووە کە ڕەزمێکی - ڕیالیزمی نوێی وەسفی- تێکەڵ بە - ڕۆمانسی- تێدا بێ، ئەو فۆرمانە بەسەر ڕووبەری وێنەکانیەوە دەبینین کە حەکایەتی ئەویندارانەی نێوان بەردو چرۆ، ڕەگ و ڕووبار، فڕین و گوڵ دەگوازنەوە، هەموو ئەو فیگەرانەش بە ناو شەپۆلە ڕەنگەکانی سروشتدا مەلە دەکەن، لە گێڕانەوەی حەکایەتەکەدا شنەی با ماچبارانی فەزا دەکات و سێبەریش پەیمان بەو خۆڵە تازە دەکاتەوە، کە پێشتر ڕووناکی هەڵمژیوە، بەو جۆرە هاوێنەی کامێرا ئەندازیارانە نەخشەی جەستەیەکی ڕەنگینی سروشتمان بۆ دێنێتە پێش چاو.

کۆمەڵێ فۆرم بەسەر جەستەی سروشتەوە بەدی دەکەین، هەر فۆرمێک دەلالەتێکی هونەری لە پشتە، چاوی فۆتۆگرافیست وەک قیبلەنومایەکە،

دۆزەرەوەی مانا شاراوەکانی ئەو دەلالەتانەیە، لەگەڵ کەشف کردنی ماناکانیدا جەستە تەحویل دەبێ بۆ پلیکانەکانی میلۆدییەکی مۆسیقی، ئەمەتا -فارس سەعدی- لە گرتەیەکیدا ڕەگەکانی درەختێکی ڕووتاوەی تۆمار کردووە و بە پەلکە ڕووتەکانی ڕەگەکەیەوە (کە زیاتر کۆمەڵە هێڵێکی چەماوەیین) چرۆی نوێ ڕوواوەتەوە، ئەمە خۆی دەلالەتە بۆ ژیانەوەی کولتووری نەتەوەیەک بە پێی چرۆی ڕێبازە تازەکانی جوانی، لەوانەیە چەندین تەئویلی دیکەش بەو فۆرمانەوە لکابن کە سەرچاوەکانیان سروشتە..

لە وێنەیەکی تریدا فۆرمی ئەو بەردە هێلکەییانەی کەناری ڕووبارێک تۆمار کراوە کە بۆ مەلەکردن خۆیان ڕووت کردۆتەوە، لێرەشدا فۆرم چیرۆکی سەر بیلاژی پڕ لەبەرد دەگێڕێتەوە، لەوێدا سروشت پێوەندییەکی خاوێنی بێ فڕوفێڵی ئەویندارانە، بەبێ پۆشاک و جلوبەرگ دەخاتە بەرچاوی بینەر، ئەمە و لە زۆربەی وێنە فۆتۆییەکانی دیکەی وێنەگردا دوالیزمەیەکی هەستەوەرانەی حاڵەتی ئەوین بەدی دەکرێن، ئەوینێکی ئیرۆسیانەی دوور لە پۆنۆگرافی. وێنەگر لەو گۆشانەوە گرتەکانی تۆمار کردوون کە هارمۆنیا لە فۆرمەکاندا بەرجەستەن.

***

### پەنجەی سێبەر لەناو عەبای ڕووناکیدا

«بەکر نەبی» وێنەگر ئەو گۆشانە بۆ وێنەگرتن هەڵدەبژێرێ کە دەکەونە بەرانبەر ئەو دیمەنانەی نزیکن لە ستایلەکانی ڕەمزی و تەعبیری و تەجریدییەوە، زیاتر تامەزرۆیە بە دۆزینەوەی ئەو دیمەنانەی لە سروشتدا خەونە بنەوشەییەکان دەبینن یان لە خەیاڵێکی قووڵی سەرمەدیدا دەژین، لە موغامەرەی گەشتەکانیدا جوانی ئەو ستایلانە فەرامۆش ناکات، یەکێک لەو ستایلانە نزیک خستنەوەی دیمەنەکانی سروشتە لە تەجریدییەتەوە، ڕەگەزە تەجریدبووەکانی سروشت بە ڕێگەیەکی واقیعیانە



دەخوێنێتەوە، بەڵام چۆن واقیعێک؟! ئەو واقیعەی کە توێکڵی دەرەوەی لە فۆرم دادەماڵێت تا جووڵە ئەفسوناوییەکانی لە قووڵایی ناخدا وەدەربخات، لەبەر ئەوە بینەر کە لە وێنەکانی دەڕوانێت وا هەست دەکات کە لە پشتەوەی هەر وێنەیەکی واقیعی سروشتەوە دیمەنێکی تەجرید بوو هەیە، بۆ نموونە وێنەی ئەو پەڵە هەورانەی کە لە جووڵاندنەوەیاندا چەندین شکڵی هەمە چەشن بەرجەستە دەکەن یان دیمەنی ئەو پەلکەدار و چڵ و چرۆ و گوڵانەی لەناو شەپۆلەکانی ئاودا دەجووڵێن، یان چیرۆکی ئەو هێڵ و کوتلانەی بەسەر سنگ و پشتی بەردۆڵکەکانەوە کەشە ئەفسانەییەکان دەگێڕنەوە... تاد، لە هەندێ وێنەی تردا سروشت لە دیمەنە تەعبیری و ڕەمزییەکان نزیک دەبێتەوە، ئەو دیمەنە سەرسامانەی کە جارێکە و دووبارە نابنەوە، لە زەمەنێکدا وەک قارچک بۆ تاوێک هەڵدەتۆقن و ئەگەر وێنە نەگرین بۆ جاری دووەم چاو بەدیداریان ئاشنا نابێتەوە، وەک ئەو شەونمانەی بەسەر لەپی گەڵاوە خەڵوەت دەکێشن و زەوییش لێوی بۆ کردونەتەوە یان خۆرگیران و فڕینی ئەو زیندەوەرە وردیلانەی تاوێک بەر لە نیشتنەوە دەبنە فیگەرێک لە سروشتدا.

لە هەر گۆشەیەکی ئەو وێنانەدا جۆرەها ڕەنگ یەکترییان لە ئامێز گرتووە، ڕەنگ و شکڵەکان تەعبیرن لە چەندین پرسیار و حاڵەتی مەعریفی، وێنەگریش بە دوای ئەو دیمەنانەدا وێڵە کە لە دوو سەرەوە چ ڕەنگ بە جوانی دابەش بوو بێ بەسەریاندا چ شکڵ پارسەنگی ئەو جوانییەی بۆ دابنەوە. هەندێ ڕەنگی سروشتی لە دیمەنەکاندا بە هەڵەمووتی تەقینەوە گەیشتوون و داخورپانێکی ئەلەتریکی بە چاو دەبەخشن، ئەوەتا لە ڕەنگە پڕتەقاڵی و شەرابییەکاندا گەرمی وەک شەکری تواوە شیرینە و لە ڕەنگە شیری و کەسک و شینە کاڵەکاندا ساردی وەک بۆنی عەترێکی هێمنە.

وێنەگر لەو دیمەنانە دوور دەکەوێتەوە کە لە ئاستی حوکمدانی چاوی خەڵکی ئاساییدان، بە دوای ئەو هاوکێشانەدا دەگەڕێ کە شەهوەتی ڕەنگ

و تلیسانەوەی هێڵ وەردەگێڕێتە سەر زمانی جوانی، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو ڕەهەندە شێوەکارییەکان وەک حەز و ئارەزوو، تابلۆ سروشتییەکان دەتەنن.

وێنە ڕەمزییەکانی- بەکر نەبی- لە دەرگای ئەو دیمەنانە دەداتەوە کە پێشتر لە پەرەگرافێکی شیعریدا دەرگایان بۆ خراوەتە سەرپشت، دیمەنی ئەو دوو گوڵەی چاوەکان بۆیان دەڕوانن واتا فەلسەفییەکەی (شۆپنهاوەر) دێنێتەوە زەینمان یان ئەو تابلۆ سروشتییەی ک هەر چوار وەرزەکەی لە خۆی پۆشیوە، ئەوەش گۆڕانکارییە زەمەنیەکانی تەمەن دەخاتەوە ڕوو یان ئەو خۆڵەی شێوەی بەفرە و بە ڕۆخی چیاکانەوەیە جگە لە بوعدە شێوەکارییەکان، ڕەمزن بۆ سپی بوونەوەی ڕۆحەکان لە زستانی تەمەندا. لە ڕووبەری زۆربەی وێنەکاندا حیسابێکی هونەری بۆ دووری و نزیکی فیگەرەکان کراوە، ئەو فیگەرانەی بە ڕەنگەوە یەکتر دەدوێنن و هەر یەکەیان باکگراوەندێکی ڕەمزی لە پشتە کە زیاتر تیشک دەخەنەوە سەر مەغزا سروشتییەکان، شنەبای ڕەنگەکان بەسەر ئەو چرۆ و گەڵانەوە دەنیشنەوە، هەر شنەبای ڕەنگەکانیشە بەرگی نوێ بە بەردەکان دەپۆشن.. کارکردنی وێنەگر بەو ستایلە هونەرییانەی باسمان کردن، ڕەمز و دەلالەتە سروشتییەکانی لە وێنەکاندا پێ ڕواندووە و ڕەگەزە سەرەکییەکانی تابلۆکانیشی (کوتلەو فەزایە) کە لە نێوان (زەوی و ئاسمان)دا کۆمەڵێ فیگەری لە خۆگرتووە، زۆر بایەخیشی بەتیشکی ڕووناکی خۆر داوە، بە هەموو تیرۆژەکانییەوە..



## نزیک بوونەوەی (حەمید جەمال) لە هونەری چەمکەکان

کاتێ بینەر و جەماوەری کەم و پوخت و دەستەبژێری شێوەکاری لە شاری هەولێر سەردانی دوایەمین پێشانگەی هونەرمەند (حەمید جەمال) دەکەن، ڕووبەڕووی ئەو لوغمانە دەبنەوە کە نیگارکێش چاندوونی، بە تەقینەوەیان زەین و خەیاڵ و هەستی بینەران ڕەنگ پڕژێن دەبن.

هەر لەو هۆڵەی گەلەری میدیادا ئەم پێشانگەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لەناو دەهالیزە تاریک و درامییەکانی واقیعدا و بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ و کوشتارەوە بەر بینایی خەڵکی کوێر دەبنەوە و چێژ لە لایەنەکانی عیرفانی و جوانی و سۆز و حەقیقەتە بزربووەکانی وجوود و ژیان وەرناگرن.

نیگارکێش بەهەستێکی هونەرییەوە گوزارشت لە گەمارۆ و برسێتی و ئازارە پەڕاگەندەکانی مرۆڤی بێ دەرەتانی نیشتمانەکەی خۆی دەکات کە بوونەتە قوربانی فڕوفێڵ و ڕیاکاری و شەڕەنگێزی دەسەڵاتە میلیتارییەکان؛ ئەگەر هەست نەبووایە هونەرەکان پێش نەدەکەوتن، ئەگەر عەقڵیش نەبووایە مرۆڤ بیری نەدەکردەوە، وەک چۆن فیکری بێ ناوەڕۆک دەفرێکی خاڵییە، ئاوهاش بینینی بێ مەدلوول بینینێکی کوێرانەیە، بینینەکانی ئەم نیگارکێشە سنووربەزێنن، وێنەکانیشی چوارچێوەشکێن..!

بەمەش دەسەڵاتێکی فیزیکی بەخشیوەتە شکڵەکان و لەناویاندا بەهۆی بۆشاییەوە چارەسەری هاوسەنگییەکانی هێڵ و ژمارە و نووسین و ڕەنگە

کۆنتراستەکان کراوە و لەڕێی کۆد و هێما و سیمبۆلە شکڵییەکانەوە چرکە زەمەنییەکانی ڕووداوەکانی واقیع لە خەیاڵی هونەرمەنددا پێوراوە.

بەم شێوازە لەوانەیە هونەرمەند بەخۆ بزانێ یان نەزانێ کە لە هونەری چەمکەکان نزیک بۆتەوە نەک وەک وەرگرتن و لاسایی کردنەوە، بەڵکو بە دیدێکی مەعریفییەوە بوعدە مرۆڤایەتییەکان دەخوێنێتەوە، بۆ ئەم خوێندنەوەیەش سەموون و کەوچک و چەتاڵ و دەفری نانخواردن و بوتڵی موغەزی و سرنج و تەختە و دار و پلێت و ئاسن و موقەبا و کانڤاس و بۆرەک و قیر و جۆرەها بۆیاخ و ڕەنگ وەک ئامرازێ بۆ چوونە ناو مەبەست بەکاردێنێ، پێکهاتەی جوولەیی و زەخرەفەیی و ناسەقامگیرکردنی هێڵ و ڕەوتی خشینی مارەکان هەر چۆن لای هونەرمەندانی وەک ڤان کوخ و گۆگان شێوازی تایبەت بەخۆی هەبووە، بەلای (حەمید جەمال)ەوە ئەم پێکهاتانە خۆدابڕینە لە زەمەنە دراميیەکەی ئێستا و جڵەو بەردانی ئەسپە یاخییەکانی ناو دەروون و هەستە بۆ ناو ئەو پانتاییانە، کە لە کۆنتراستە هونەرییەکاندا کۆکراونەتەوە. وا دێتە بەرچاوم کە لەو پێشانگەیەدا یاساکانی سروشت و فیزیا حوکمی خۆیان بەهۆی برسێتی مرۆڤەکانەوە لەدەست دابێ، برسێتی بڕستی لە شتەکانی ناو سروشت بڕیوە و جوانییەکان کەوتوونەتە بەر کەڵبە تیژەکان.

هێندە ئاسان نییە کە لە ساتەوەختی برسێتیدا بە ڕۆحێکی فرۆیدیانەوە ڕەسمی هێڵ و کوتلە و سیماکان ڕەنگ ڕێژ بکەیت و دەروونەکان شیبکەیتەوە، گرنگتر لەمە ئیختیزال کردنەوەی نارێکی ئەو جیهانە سەیرەیە کە لە دنیایەکی جەنجاڵدا ژمارەی خەمەکانی زیاتر کردووە، ئەمەتا تەنانەت گواستنەوەی ڕەنگەکان خۆڵەمێشیانە پێوەندییان بە جۆری خەیاڵ و دیدی هونەرمەندەوەیە و لەم ئیختیزالییەدا سیستمێکی شێوەیی بۆ چەمکەکان بە ڕوونی بەدیار دەکەوێ کە زیاتر لە دۆزینەوەکانی ناخی هونەرمەندەوە نزیکن و بابەتەکان پێش فۆرمەکان دەخەن، بەڵام لەم پێشخستنەدا ڕەنگ و هێڵەکان بەجۆرێ بەسەر یەکتردا تلیساونەتەوە تا



ڕادەی تێکەڵ بوون بە حاڵەتەکانی - میتاواقیع- کە ئەمەش میتازمانێکی هونەری گەرەکە تا گوزارشتی پێ بکات.

ئەم پێشانگەیەی دوایەمینی هونەرمەند کە بە ناونیشانی (سرووتە خەمناکەکانی برسییەتی)یە و کرایەوە، ئەزموونێکی دیکەی هونەرمەندە و بریتییە لە درێژەی ئەو ئەزموونانەی کە بەردەوام لە ڕێی تەکنیکی تازە و هەمەجۆرەوە هەر جارەی سەروەرییەک بە کارەکانی دەبەخشێت و وێڕای بابەت و بینین، چەمکی فۆرم لەڕێی زەخرەفەکارییەوە پشت گوێ ناخات.

نیگارکێش بەم ئەزموونەشی بە بەردەرگای هونەری چەمکەکاندا ڕادەگوزەرێ و سڵاوێ لە شاکارەکانی دەکات، بەڵام نیازی پێش وەختی نەبووە کە بۆ ساتەوەختێ میوانیان بێت، ڕەوەندانە بە دنیای دەوڵەمەندی کولتووری برسییەکاندا ڕادەبووڕێت.

٢٠٠٠/٧/٢٣

## سێبەری باڵی شەمشەمەکوێرە
## یان پریاسکە سووتاوەکانی کالیپتۆس

هۆڵێک پێنجەمین پێشانگای فۆتۆگرافیی هونەرمەند (ئەیاد عەبدوڵڵا)ی لە ئامێز گرت.. سەرەتا بە مەغزا تەعبیرییەکانی چاوی پڕتەقاڵ و ئینجا هێڵە خۆڕسکەکانی کالیپتۆس، بەرلەوەی تیشکی نەرم و شنەی فێنک و شێوەی سروشتە ڕۆمانتیکییەکە ببینم، چەند پەڵەیەکی گرافیکیم بە لێواری فنجانەوە نیگا کرد..

وامزانی سێبەری باڵی شەمشەکوێرەیە یان جەستەی شەبەیخونە و مۆرێکی سپی لە ناوچەوان دراوە، پێنج تابلۆی بێ ڕتووشی ڕەش و سپی پێکەوە گونجاون، گونجانێک لەناو ئەو شتەتێکشکاوانەی لە ڕووکەشدا جیاوازن، کە زۆربەی جاران ڕێکەوت لە یەکتری نزیک خستوونەتەوە، بەڵام چڕکردنەوەیان بە هاوێنەی کامێرا، ئاگایی تەواوی دەوێ.

لەو بڕوایەدام سەرەتا ئەم فۆتۆگرافیستە پارچەیەک بارستایی وەرگرتووە و بە هەست و فیکری خۆی پڕی کردوەتەوە، ئینجا ئەم ئەزموونەی چەند بارە کردوەتەوە تا فەزایەکی ئەفسووناوی پێ ببەخشێ.

***

بەر لەوەی ئەم هونەرمەندە ڕێڕەوێکی تەجریدی بۆ بەرهەمەکانی گرتبێتە بەر بەپێنج تابلۆی پارچە گوللە تۆپ و کاتیۆشاکانەوە بەدیدێکی تر تەماشای مەرگەساتەکان دەکات، لێرەدا جیاوازی لە نێوان ئەفسانەی ئەیاد و حەقیقەتی پارچەکاندا تاڵە مووییەکە..



لە ڕاستیدا هەر یەک لەم پارچانە بەر لەوەی وێنە بگیرێنەوە، ئەوا وزەیەکی وێرانکەر بوون و بەیادی شەڕەکانەوە بارگاوین، کاتێ دەتەقنەوە، خۆشیان نازانن چ نیشانە و جەستەیەک دەسمن، وێڵانە بەرەو جەستە دەچن و پرس بە کەس ناکەن تا دەیدڕن، ئەگەر تەکنەلۆژیا ئامێرێکی وەک کامێرای بەرهەم هێنابێ بۆ لە یەکتر نزیک خستنەوەی چرکەساتە زەمەنییەکان هاوکات پارچە گوللە تۆپیشی دروست کردووە تا زەمەن لە ڕۆحی مرۆڤ بدزێ، لەوانەیە هەر کاریگەر بوونی هونەرمەند بێ بە ئازاری ئەو برینەی پارچەکەی پێ دەکەوێ و ئەمەش هاندەری بووە تا ڕەش و سپییانە باس لەو تەنە دڕ و تیژانە بکات کە گەوهەری بوونی مرۆڤ ناهێڵن، لێرەدا گەوهەری هونەریش تازەکردنەوەی ئەو ڕوئیایانەیە کە بە تێزێکی مرۆیی دەیکاتە ڕەمزێ، ڕەمزیش بۆ دەلالەت دەگۆڕێ، دەلالەتیش بۆ گوزارشتی سەرتاپاگیر و ئەم گوزارشتەش بۆ تێڕوانینێکی گەردوونی..

***

هەر کەسێ کوڕی سەردەم و کولتوور و مەعریفەی زەمانی خۆیەتی، بیکاسۆ لە ناشرینی زبڵدانەکانەوە هونەرێکی جوانی دەخوڵقاند دوای ئەو دادائیەکانیش لەسەر هەمان ڕێچکە کاریان کرد.. ئەیادیش لە پارچەکانەوە دەیەوێ ئەو چرکەساتانەمان بۆ ڕاو بکات، کە هەریەکێ لەم پارچانە حیکایەتێکی مەرگەساتاوی لە پشتە، مەغزای چەوسانەوە و ئەشکەنجەدانی مرۆڤی لە پشتە، ئەمانە خواردەمەنی جەنگن، لە پشتەوەی دووربین و قیبلەنوماکان کۆمەڵێ چاو ڕێنمایی کردوون تا (بەرانبەر) نەهێڵن، فەزایەکی بێ سنوور دەبڕن بۆ وێران کردن، مرۆڤ و جوانییەکان دەسڕنەوە...تاد. کەواتە سەیر نەبێ بەلای بینەرێکی کوردەوە کە ببینێ – فۆتۆگرافیستێ– کەڵکی لە وێنە گرتنەوەی پارچەی ساردەوە بووی گوللە تۆپ و ئاربیجی وەرگرتووە تا باس لەو چرکە ساتانەی ژینگەی خۆی بکات کە ئەم شتانەی تێدایە و لە تۆناتی ڕەنگەکانی ناو پریزما دووریان بخاتەوە.!

***

ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە ژینگەیەکدا کە چەندین جەنگی بە خۆوە دیوە، هونەرمەندێ بێت بە چەند وێنەیەکی ڕەش وسپی گوزارشت لەو ئامرازانە بکات کە ئەداتی ململانێی نێوان مرۆڤ و مرۆڤە، چڕکردنەوەی چەند وێنەیەکی لەم بابەتە لە زەیندا پێشوەخت لای کەسێکە کە گرێی پێکەوتنی پارچە گوللەی هەبێ و حەزی بە بەردەوامی ژیان بێ.



## موغازەلەکردن بە دیمەنەکانی سروشتەوە

بەم چەند پەیڤەوە ناسنامەی هونەری - ئازاد شەوقی- دەناسێنم..
تروسکەی ڕۆحێکی بنەوشەیی، یا سریوەی خەیاڵێکی فڕیوە
بریسکەی دیمەنی پەلکەزێڕینە، یا عەشقی نوورە و وەستانی بۆ نییە
کێیە ئەم وزە بێ سنوورەی لە جەوهەری ڕەنگ تێگەیوە...

***

هونەرمەند «٤٣» تابلۆی نمایش کرد، کە هەموویان مێژووی خولقاندنیان دەکەوێتە دوای شکاندنی ئەو مانگرتنەی لە داخی شەڕی خۆکوژییانەی کوردان گرتبووی، ئیستاتیکای شوێنی بە شێوازێ خستبووە ڕوو کە لە خزمەتی ڕەنگی پۆستەر و هەمە چەشن و ئەکریلیکی بێ، هەموو ئەم ڕەنگانە بەسەر ڕووبەری کاغەزە خاڵدارەکانەوە نەخشێنرا بوون، لەم تابلۆیانەدا ڕێژێکی زۆر لە ڕەنگەکان گیرا بوون، ئەو ڕەنگانەی کە دەبنە ڕەگەزێکی چێژدار، فۆرمێکی جیاواز دەدۆزنەوە، بەنیگایان سروشت تێک دەشکێت و لە ساتە مێژووییەکەی خۆی دادەبڕێت، هەر لە ڕەنگەوە پێوەندی لەگەڵ ڕەگەز و پێکهاتەکانی تری تابلۆ دەبەسترێت..

ڕەنگەکان بەوەنەوشەیی کاڵ و شینی ئاسمانی و پەمەیی و پڕتەقاڵی.. تاد لە نائاگایی ئیستاتیکیانەی هونەرمەندا؛ پانتاییەکن بۆ ئەوەی ڕیتمێ بە چاوی بینەر ببەخشن، ڕیتمێکی جیاواز لەو ڕیتمانەی کە لە دیمەنە فۆتۆییەکانی سروشتدا دەبزوێن... بەڵام هێندەی بایەخی بەڕووبەر و ڕەنگ داوە کەمتر بە قووڵایی بابەتەکاندا ڕۆچووە.. بەواتایەکی تر ئەو

ئاهەنگسازی و لیریکیەتەی لە تابلۆکاندا بەدی دەکرێت مانایەکیان نەدۆزیوەتەوە بۆ جەنجالێتی ژیان، زیاتر لە فۆرمسازی نزیک بوونەتەوە، ئەوەندەی من بزانم پێشتر وێنەکێشان و نەخشاندنی «دیمەنە کوێستانییەکان»ی ناو سروشتی بەمانایەکی واقیعیانە و ڕیالیزمیانە دەنەخشاند و ئێستاش لە ئینتباعیەت نزیک بوەتەوە و دەشیتوانی هەنگاوێکی زیاتر بنێ بەرەو تەوەرسازی، هەروەک چۆن «حافز دەرووبی» لەدوا قۆناغەکانی کارکردنیدا ئەم هەنگاوەی هەڵهێنا...

ئەوەبوو دواجار -دەرووبی- توێژینەوە و ئەزموونی هونەری خۆی چڕ کردەوە و کردینیە پردێ بۆ گوزارشت کردن لە موعانات و فکرە هەمەجۆرە مرۆییەکان، لە خۆڕایی ناوی ئەم هونەرمەندە پایەدارەی عێراقی ناهێنم، چونکە (ئازاد شەوقی)ی بەتوانا لە شێوازەکانی خۆیدا هیچی لە ئەزموونگەرایی دەرووبی کەمتر نییە ئەگەرچی تێڕوانینیان لە یەکتر جیاوازە.. کاتێ ئازاد شەوقی ڕەسمی کەشوهەوای ژینگەی عەرەبیش دەکات، لە ڕەنگەکانیدا کەشوهەوایەکی فێنکی ژینگەی کوردەواری تێدا نیگا دەکرێت..

هەردووکیان بە دوو ئاراستەی هاو ئاست و وێکچوو حیرەفیەتی هونەرییان تێپەڕاندووە و هەریەکەشیان جیهانێکی سۆفیانەی خۆی هەیە بۆ گوزارشت کردن لە سروشت.. لای -ئازاد شەوقی- کەمتر دۆخی کۆمەڵایەتی کراوەتە دەلالات و ڕەمز، بەڵام زیاتر بارستاییەکانی ڕووتەڵکارانە داماڵیوە لەو شێوازو فکرانەی کە پێشتر لە وجودا هەبووە.. لە گۆشەکانی تێڕوانینی خۆیەوە جووڵەکانی وێناکردوەتەوە و هەر بۆ نموونە (دار و درەخت و کانی و ڕووبار و چیا و ئاسمان)ی لە دڵەڕاوکێی ئەنتۆلۆژییانە داماڵیوە و هەستی شاعیرانەی پێ بەخشیون..

بەواتا لە قالبێکی گەشبینیانەدا، دوور لە ئەفسانەکان بەرجەستەی کردوونەتەوە... گەشبینییەکە هی ئەو شوێن و زەمەنەیە کە ڕەسمی تێدا کردوون.. شوێن بەلایەوە مەزنترین بەهای هەیە، شوێن ئەو ژینگە و



سروشتانەیە کە لەگەڵیدا ژیاوە، ئەمەش بەڕای من پێکەوە ژیانێکی هایدگەرانەیە کە زاتی هونەرمەند لەگەڵ شوێن و زەمان و بابەتەکانیدا دەژی و بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، لەم حاڵەتەدا گواستنەوەیەکی ئاڵوگۆڕ هەیە لە نێوان (زات و بابەت)، یەک لە پێناوی ئەوی تردا دەجووڵێت...

هونەرمەند ئەم جووڵەیەی وابەستەی کەشوهەوای گشتی کردووە و بیرتیژییانە «لە باری وێستادا کە تەماشای تابلۆیەکی دەکەین» دەمانگوازێتەوە بۆ ڕابردوو- هەروەها ئایندەیەکی بە ئومێدیش مسۆگەر دەکات... لە ڕێی تابلۆکانەوە ئەو ڕەهەندانە دەبینین کە جووڵە دەخەنە بارستاییە ڕەنگییەکانەوە، مۆسیقا بە ڕەنگەوە بەرجەستە دەکەنەوە، شوێن چڕوپڕە وەک زەمان، زەمانێ لە ڕێی هۆشیاری هونەرییەوە پلانی بۆ کارەکان ڕەخساندووە، کە لەو پلانەدا هەست بە دووپات کردنەوەیەک دەکرێت کە تیایدا هونەرمەند دەستبەرداری چیای سەرکەش و درەخت و تاڤگەی ئاو نابێ، لەوکاتەدا کە خۆی لە شاردا نیشتەجێیە حەزی بە گەڕانەوەیە بۆ پاکێتی ناو سروشت، بەیادەوەری و ڕابردووی ئەفسووناوی شەفافیەتێ لەزەینی هونەرمەندا هەیە و زەبری ڕۆژگار لێڵی نەکردووە، هەر تابلۆیەکی بە ئەڵقەی زنجیرەیەک دادەنرێ و لەم پێشانگایەی دوایەمینیدا «٤٣» ئەڵقەی یەکگرتووی پێ نیشان داین، لە هەر تابلۆیەکدا بۆ ڕەسم کردنەوەی گۆشەیەک لە گۆشەکانی پێشوو، بەهەمان ئەزموون و تێڕوانینی پێشترەوە دەگەڕێتەوە، ئەم دووپات کردنەوەیە نەنگی نییە بۆ هونەرمەندێ کە شەبەکەییانە دیمەنەکان لە چەندین تابلۆدا کەرت کەرت دەکات، ئەم شێوازی کارکردنە بە ڕۆحێکی -ڕۆبنس-انەوە دوور خستنەوەی چاوە لەنیگا خەمگینەکان و -دۆفیە- ئاسا بەختەوەرە بە دیمەنە کوێستانییەکان، ئەم شێوازی کارکردنە لە ئسلوبی- ئیسماعیل شێخلی-یشدا بەدی دەکرێت کە ئەویش سۆفیانە ڕۆشنایی بە پانتاییە ڕەنگییەکان دەبەخشێت و لە کەشوهەوای تراژیدی خۆی بە دوور دەگرێ..

***

هەر بەر لە مانگێ و پێش ئەم پێشانگایەی- ئازاد شەوقی- هونەرمەندێکی دیکە لە شاری هەولێر پێشانگایەکی بۆ نمایش کردنی تابلۆ سروشتییەکانی خۆی ساز کرد کە ئەویش - جەوهەر محەمەد عومەر- بوو، ئەمیش بەپێی ئەزموونێکی دوورودرێژ لەڕەسم کردنەوەی سروشتدا، دیمەنەکانی لە خەیاڵی خۆیدا بوون و دوور لە زەبرو زەنگ و هەراو زەنای ڕووداوە جەرگبڕەکانەوە پانتاییەکی بەرفراوانی دانا بوو بۆ تێڕامان لە جوانی و هێمنی، بینەر بە بینینی ئەو دیمەنانە هەستی دەکرد سەرتاپا ئارامی و ئایدیالیستی هەموو کونجێکی تەنیوەتەوە..

بینەر وا دەزانێ شوێنی فیردەوسە و خاڵییە لە هەموو گرفت و ئاڵۆزییەک، نە ململانێ و نە دەستەویەخە بوونی دەسەڵاتی ئاغا و چەوسانەوەی جووتیار و نەزیندەوەرێکی دەڵەمەیی تێدا دەبزوێ، تابلۆکان ڕەسمی دیمەنێکی سروشتین و نیشان دانی لیریکیەتن و لە چاوی منداڵیانەی هونەرمەندێکەوە سەوزایی و فیگەرە تەڕ و پاراوەکان دەبینرێن..

چ تابلۆکانی-ئازاد شەوقی- بەشێوازی خۆی، یان ئەوانەی (جەوهەر محەمەد عومەر) بە دیدی خۆی، دەرئەنجامی کاری ئەو هونەرمەندانەن کە گلاراوی عیشقی سروشتن و هەر کەسەیان بەجۆرێ ئەو عیشقە دەردەبڕێت...



## دەلالەتی بازنە لە هەندێ کاری پەیکەرسازی کوردیدا...

چەماندنەوەی هێڵ لەناوشکڵدا تۆمارکردنی ئیقاعێکی بێ کۆتایی بەردەوامە لە داڕشتنە بازنەییەکاندا، چەندین پەیکەرسازی کورد چارەسەری ڕەمزییانەی هونەرییان بەداڕشتنی بازنەییەوە ئەنجام داوە..

- عوسمان نیک مەنیش-ی پەیکەرساز لە ژێر ناوی «باوەشێک لە هەڵەبجەدا» تابلۆی ئەو باوکەی کردوەتە بابەت کەبەسەر کۆرپەکەی خۆیەوە چەتری پارێزگارییە، لەو لەحزەیەدا پێکەوە بە هۆی گازی کیمیاوییەوە بەدوا هەناسەی ژیانیان زەمەن وەستاوە، ئەم بەرهەمە لە شکڵی بازنەیەکی داخراودایە، سرووتێکە لە خەم و داخورپان، لەم سرووتەدا هەموو پەنجەکانی پەیکەرساز هاتوەتە گریانێکی سیزیفیانە، ئەم سرووتە ئیقاعێکی ڕەهایە لە وجوودا بۆ ئەو زوڵمە بەردەوامەی بەسەر گۆی زەوییەوە لە خەڵکی مەزڵووم دەکرێت و تا ئەبەد بڕانەوەی بۆ نییە..

ئەم پەیکەرسازە لەدیمەنی چرکەساتێکی کتوپڕی درامی کەڵکی بینیوە کە لەواقیعدا پێشتر ڕوویداوە، بەرهەمەکەی پابەندی سنووری دیاریکراوی ئەو زەمەنیە و ڕەمزیانە دایڕشتوەتەوە، دیمەنەکەش تایبەتە بە تراژیدیای «عومەری خاوەر و کۆرپەکەی».

کاتێ «ئۆکتاڤیۆپاز» لە «متاهات الوحده» فەلسەفییانە باسی لە تەنیایی مرۆڤ دەکرد و سەبارەت بەهەر دوو ئەزموونی لەدایک بوون و مردن دەیوت «مرۆڤ بەتەنیایی لە دایک دەبێت و بەتەنیایی سەر دەنێتەوەو دەمرێت» ، ئۆکتاڤیۆ نەیدەزانی ڕووداوێک لە واقیعدا دەقەومێ، لەدوای ئەو ساتە کۆرپە لە دایک دەبێتەوە و لەباوەشی باوکیدا دەمرێت،

هەر ئەم ئاگایی باوکە مەزڵوومەیە دەبێتە قوربانی نائاگایی زەمەنێکی پڕ لە زوڵم و زۆرداری. لەم تابلۆ نەحتیەی نیک مەنیشدا مرۆڤی کورد بە موعاناتەوە لە مەتاهاتی تەنیاییدا دەژی و ویستی ئازادی لە هەڵبژاردنیدا نییە، ئینجا لەبەر ئەوەی نامەوێ نووسینەکە دەقێکی شاقووڵی بێ، بەڵکو پێم باشە هەندێ بەراورد لە نێوان ئەو حاڵەتانەدا بکەم کە لە شکڵدا لێک نزیکن و لە ماناشدا جیاوازن، بەرهەمێکی پەیکەرسازێکی وەک –نەزیر خەیلانی– کە ئەمیان لە شکڵی بازنەی کراوەدایە، بەراورد دەکەین، ئەم بەرهەمە بەدار تاشراوە و لەشێوەی نیشانەی پرسیاردا شکڵی مرۆڤ چەماوەتەوە، بەم دارشتنەوەیە بینەر واهەست دەکات ڕەمزێکی خەمگین لە جیهاندا دەپرینگێتەوە، لە ناو ئەم ڕەزمەدا مرۆڤ وێڵە بەدوای تازەکردنەوەی ماناکاندا، لەو کاتەدا کە لە دنیای بینراودا مانای بۆ نادۆزرێتەوە، ئەوەتا بەسەرسامی دەستەو ئەژنۆ لە نەبینراوەکان تێڕادەمێنێ و ئاکام لە ناوشتەکاندا خودی مرۆڤیش دەبێتەوە بەپرسیار، گۆی پرسیاریش بازنەیەکی کراوەیە و بینەر دەتوانێ بەخەیاڵ پڕی بکاتەوە، میکانزمی جووڵاندنی خەیاڵیش بۆشایی ناوەندی شکڵەکەیە.

پەیکەرساز– نەزیر خەیلانی– بەپێوانەی عوسمان نیک مەنیش ئیلتزامێکی بنەڕەتی بە ئەزموونگەرێتی هونەرێکەوە کردووە کە لە هەموو چرکەساتەکاندا تاڕادەی تێپەڕ بوون لە سنووری زەمەن لەگەڵماندا دەژی، گەرچی هەردوو هونەرمەند بەشێوەی گشتی لەنەحتەکانیاندا زیاتر بایەخیان بە بوعدی یەکەم و سێیەم داوە کە قووڵایی و درێژییە.. هەروەها بەرهەمەکانیان بنکەی «قاعیدە»ی بۆ دانراوە، بەڵام ئەو بنکەیەی شکڵە پرسیارییەکەی «نەزیر خەیلانی» لە ڕووی هونەرییەوە جوانی زیاتر بەسەرجەم پانتایی شکڵەکە بەخشیوە و پێڵاوی مرۆڤەکەی لەگەڵ بنکەکەدا چەسپاندووە و بەچەندین دەلالەتی جیاواز مانای بابەتەکەی ڕازاندوەتەوە.

هاوکات لە هەردوو تابلۆ نەحتییەکاندا لە ڕێی جلوبەرگ و سیمای مرۆڤەوە تایبەتمەندی کولتووری زامن بووە، بەهۆی بینینەوە گفتوگۆیەکیان



بۆ چاو ڕەخساندووە، بەم تایبەتمەندییەوە شکڵەکان دەچنە ئامێزی هونەرێکی جیهانییەوە کە هونەرێکە لە خزمەتی دەلالەتە مرۆڤایەتییەکاندایە و پابەند نییە، بەمانا تەقلیدییە سواوەکانی پێشینەوە.. دیارە جێهێشتنی بۆشایی لە شێوەی بازنەی بەتاڵدا حەزو خولیایەکە بەلای زۆربەی هونەرمەندانی کوردەوەیە، کە لەوانەیە لەنەستی هونەرمەندەکەدا جۆرە مەجاز و لێکچواندنێ هەبێ نزیک بەشێوەی مانگ و تریفەکەی یان خۆر و تیرۆژەکانی یان گۆی مەمک و خڕی گوڵ و گۆنا یان تامەزرۆیی سێو لە مەلاشوودا.. هەموو ئەم دەلالەتە پێش وەختانە مەدلوولاتی خۆیان هەیە کە بەر لەوەش لە ئاکامی چێژبەخشین بە هەستەوەرەکانی مرۆڤ دروست دەبێ.. ئەوەتا– هۆشەنگ عەبدول ڕەحمان– لە پەیکەرە بەرهەمی «لەدایک بوونێکی تر»دا، لە ناوەندی شکڵێکی مرۆییدا چوار بازنەی بەتاڵی داناوە کە ئاماژە دەدەن بە جوگرافیای شوێنە هەستەوەرەکانی مرۆڤ لە گیاندا، هاوکات شکڵەکە لە حاڵەتی جووڵەدا هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێ، لە زۆربەی پەیکەرەکانی دیکەی ئەم هونەرمەندەدا تەوزیفی بازنە کراوەتە سەر شکڵەکان کە هەریەکەیان مەدلوولێکە بۆ مانایەکی پەنهان.. هەروەها هونەرمەند «عەدالەت ڕەزا» بەناوەندی ئەو بەردە پەیکەرییانەی کە کردبوونیە سیمبۆڵ بۆ جوانی زۆر بۆشایی لە ناو بازنەکەدا بەکاردەهێنا، لە تابلۆیەکیاندا لە ژێر ناوی «ڕۆحم پاڵتۆی قەشەنگی بەرد بوو» بەردێک لە شێوەی ماسیدا ڕووی لە ئاسمان کردبوو، شوێنی چاوی ماسییەکە بەبازنەیەکی خڕناوپۆش بوو بەو جۆرەی بوعدی قووڵایی لەم بەرهەمەدا لەبازنەکەدا دەخوێنرایەوە، بنکەی ژێر بەردەکەش بازنەییانە ڕوئیایەکی گشتی هەموو بەرهەمەکەی جوانپۆش کردبوو، چەندین نموونەی دیکەش بەسەر پانتاییە بچکۆلەکەی هونەری پەیکەرسازییەوە سەبارەت بە شکڵە بازنەییەکان هەن، بەڵام دەگەڕێمەوە سەر دوو نموونەکەی سەرەتا، لەشکڵی یەکەمیاندا وتەزایەکی نامێژوویی و ئایدیالیانە لە دوای مەرگەوە هەیە بەڵام لەشکڵی دووەمیاندا دۆش دامانێ هەیە لە بەرامبەر نەبینراوەکانی پێش مەرگەوە.

## ئەو گوتارە خۆشەویستییەی

## لە شاری هەولێر سازدرا، گوتاری هونەری بوو...؟!

بەر لەهاتنی شێوەکارانی عێراقی بۆ شاری هەولێر لە میانەی تەجرەبە و تێڕوانینی دوور و نزیکم بۆ هونەری خۆماڵییانەی شێوەکاری ئەم دواییەی عێراق، برسێتی و هەژارییەکی سەیرم لە ئەفراندن و پەرەپێدانی زانستی جوانیدا دەبینی..

ئاکام بەدیتنی هەندێ بەرهەمی نایاب خەریکە لە هەندێ بۆچوونی پێشووم پەشیمان ببمەوە کە پێشتر لە چەند کۆڕو کۆبوونەوەیەکی هونەریدا درکاندبووم، سەبارەت بەلاوازی شێوەکاریی و دووکەرت بوونی بۆ دوو ڕووگەی جیاواز بەیەکتر، کەیەکەمیان کۆپی کردنەوەی دەقاودەقی تەکنیک و ستایل و ڕێبازی هونەریی ئەوروپیی بوو، دووەمیان پشت بەستنی تەواو بە وردەکاری حیرەفیانە و هێمای سەرچاوەگرتوو لە کولتوورەوە بوو..

گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە هونەری شێوەکاری عێراقی لە ئاستێکدایە تا ڕادەیەک توانیویەتی گوزارشت لە مێژوویەکی توندوتیژ و یادەوەرییەکی تاڵ بکات و ڕەسم بکاتە ڕەمز و هێما بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو تراژیدیا پڕ لە کارەساتانەی جوانترین بەهایان لێ بزرکردین، ئەویش بەهای–بەرائەت و ئەوین–ە.. گەرچی ئاگری جەنگەکان لەم مێژووەدا هەڵایسان، پێش هەرشتێ کوردستانی خۆمانی دەسووتان، کەچی ئەفراندنی هونەریمان نەگەیشتە ئاستی گوزارشت کردن لەو هەموو مەرگەساتەی لە مێژووی ئێمەدا هاتنە تۆمارکردن، دیارە ئەمەش هۆکاری زۆرە و ئەم بابەتە خۆی



لەقەرەی نادات، چونکە ئامانجی بابەتەکە هەندێ ڕاوسەرنج و تێڕوانینە بۆ کارە هونەرییەکانی پێشانگای (گوتاری خۆشەویستی)..

***

هێندە ئاسان نییە بۆ بینەر تا هەموو ئەو هێما و مەغزا و ڕەمزانە ڕاو بکات کە لە ناو تابلۆکانی ئەم پێشانگایەدا جووڵەیان دەخستە بیلبیلەی چاوەکانەوە، هەرچەندە نزیک خستنەوەی زمانی بینین لە زمانی ئاخاوتن نزیک کەوتنەوەیەکی بێ گیانە لە زەمەنێکدا کە زمانی بینین زمانێکە بەڕووی ئاسۆ و ڕەهەندەکاندا کراوەتەوە، زمانی بینین بووەتە بەشێک لە سیستماتیکەی پێوەندییە جیهانییەکان، مخابن ئێمە بینەرێکی سەرقاڵمان هەیە کە زیاتر خۆی بە زمانی ئاخاوتنەوە خەریک دەکات،.

ئەم راستییە ئەوە دەردەخات کە زمانی ئاخاوتن زمانێکە لەلای بینەری کورد بەکاردێ بۆ ڕووناک کردنەوەی زمانی بینین، هەر بۆیە لێرەدا لەو بۆچوونانە خۆ دوور دەخەمەوە کەوا ڕادەگەیەنن گوایە هونەری شێوەکاری بە تەنیا دەتوانێ موخاتەبەی بینەران بکات بەبێ وەرگێڕ و بەبێ ئاخاوتن، باشترین بەڵگەی گەواهیدەر کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە زۆربەی بینەران لەو پیت و ڕەمز و وشە و دەستەواژانە ورد دەبوونەوە کەوەک موفرەدەیەکی شێوەکاری تێکەڵ کرا بوون بە ڕەگەزەکانی داڕشتن لە ناو هەندێ لە تابلۆکانی (دکتۆر ئەیاد حوسێنی و فاخر محەمەد و کەریم سینۆ و ئەیاد قەرەغوولی و محەمەد مەهرەدین و نەقشەکانی ماهر سامەڕایی..) لەوانەیە ئەم نیگارکێشانە هەر کەسەو بەئامانج و مەبەستێکەوە پیت و ڕەمزی لەناو بونیادی گشتی شێوازەکەیدا گونجاندبێ چ وەک هێمایەکی کولتووری یان وەک جوانکاری و مەغزا بەخشینێ، بەڵام بینەران زەینیان تەنیا بۆ خوێندنەوەی ڕێنووسێکی ناو تابلۆکە دەچوو، بەمەش لەو هەموو ڕەنگ و هێڵ و هارمۆنیەت و ڕووناکی و سێبەر و جوانیانەی تر خۆیان بێبەش دەکرد، کە لێرەوە ئێمە هەوڵ دەدەین بەهۆی زمانی بینینەوە ڕەگەزەکانی دیکەی جوانی لای هەندێکیان بخوێنینەوە..

## گەمەکردن لەناو هێماکاندا

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم سیما و شێوەی دەرەوەی پەیکەرەکانی- بورهان سابیر- لەدەرەوەی مێژووی واقیعدان، ئەم پەیکەرتاشە بەهۆی ستایلی تەجریدەوە ئینتما بۆ ئەو ئەفسانانەی ناوخەیاڵی خۆی دەکات و بەچەند شێوەیەکی هەمەجۆر دایاندەڕێژێ، واهەستم دەکرد ئاگری بەردابێتە چەند دەمامکێ تا روخساری حەقیقەتی چەند زیندەوەرێ ڕۆشن بکاتەوە، ئەوەی جێگەی سەرسامییە نەرمی و تەڕایی ئەو سیما ڕەقانەیە کە بە (هەویری کاغەز و پۆدرەی بەرد) دروست کراون، وەک بڵێی شێوەی تێڕوانینی ئەم هونەرمەندە بەرانبەر ئەو کەسێتیانەی ناخی خۆی بۆ ئەوەیە، کەشفی واڕسکە نیاندرتاڵیەکانی مرۆڤ بکات، لە زەمانێکی خەیاڵیانەی بەسەرچوودا، پێمان دەڵێ:ئەو واڕسکە لە ناخماندا هەر دەمێنێ..

## داڕشتنەوەی چەمکەکانی-بیابان

هونەرمەندی شێوەکار-سالم دەباغ- چاوی لەسەر دەستەواژەکانی سروشت و جوانی لە ڕەشماڵەکانی بیابان و تەنافی جلە شۆردراوەکانی خەڵکی بیابان وەردەگرێ و لە ڕێی هەندێ ڕەمز و هەستی ناخەکی خۆیەوە ئەو جوانیانە دادەڕێژێتەوە، ئەوەی تەماشای تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە بکات وادەزانێ لە ناو کانە خەڵوزدا ئەو قوماش و کاغەزانەی دەرهێناوە کە ڕەسمی لەسەر کردوون، کەشوهەوای تارماییەکانی بیابان بەو شێوەیە دادەڕێژێتەوە کە لەگەڵ بۆشایی و قەبارەی ڕەش و بۆر و سپییەکانی بارستاییدا کۆنتراست دەخوڵقێنن..

بەپلەی سەرەکی کارکردنی ئەم نیگارکێشە زیاتر لە ناو بۆشاییدایە و کەمتر ئەو ڕەنگانە بەکاردێنێ کە مەیلەوگەرمن..



## ئەو شارانەی لە کوتلە دامەزراون

یەکێک لەو هونەرمەندانەی بە (ڕۆن) هەستەکانی خۆی خستۆتە ناو فارگۆنی تەجریدەوە- محەمەد موهرەدینە-، یەکێکە لەوانەی خۆی گرێداوە بە ئەزموونی تێکەڵکردنی تابلۆ بەدەستەواژە و شێوەی ئەندازەیی و ژمارە و هێمای هەمەچەشن، دیارە بۆیەی ڕۆنی وەک هەویر شێلاوە تا بەسەر کارتۆن و قوماشەکانەوە بارزەدەربچێ و وێرانکارییەک لە ناو یەکێتی بابەتی تابلۆ هونەرییەکەدا بخاتە ڕوو، لەناو ئەو وێرانکاریانەدا کوتلەکان دادەمەزرێنێ، هەتا بە بینەر بڵێ ئەمەیە ئاکامی وێران بوون لەمێژوودا، ئەمەیە ئاکامی وێران بوونی شار بەهۆی جەنگەوە، چوار تابلۆکەی ئەم هونەرمەندە بەو کوتلانەی بەسەر بارستاییەوە بڵاوی کردبوونەوە، تۆبۆگرافیای زەوی کارە هونەرییەکەی بە بەرز و نزمی و هەڵچوون و داچوونەوە دەخستەڕوو، هەر تابلۆیەکیش ڕەنگی خۆی هەبوو جیاواز لەوی تر، کەپێکەوە دیالەکتیکی شتەکان لە ڕق و خۆشەویستی دەدۆزێتەوە و لێی ڕادەمینێ..

## گەڕانەوە بۆ سادەیی

هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونی وەک- ئیسماعیل فەتاح تورک- لە دوای ئەو هەموو تاقیکردنەوە و قۆناغە هەمە جۆرانە لەم پێشانگایەدا بەچەند تابلۆیەک بەشداری کردبوو کە هەموویان بریتی بوون لە داڕشتنەوەی ئەو ڕوخسارانەی مرۆڤ کە وێڵن بەدوای حەقیقەتە بزر کراوەکان یان وا تەماشای بینەر دەکەن وەک ئەوەی پێیان بڵێن شتێکتان لێ بزر بووە، بۆ نایدۆزنەوە، ئنجا لەچەند تابلۆیەکی تریدا جەستەی ئەو ڕوخسارانەی بەجیاواز ڕەسم کردوەتەوە، ئەوەی زیاتر سەرسامی بەبینەران دەبەخشێ سادەیی لە تەکنیکدا نییە بەڵکو ئەو چاوانەیە کە بۆ دەرەوەی گەردوون دەڕوانن، ماندوون، بێزارن، واق وڕماون، هەموو ڕوخسارەکان لەناو چەندین چوارگۆشەدا گیریان خواردووە، لە چوارچێوە نراون..

## دروست کردنەوەی کەسێتییە شارستانییەکان

هەموو رەگەز و ئامرازەکانی شێوەکاری لە تابلۆکانی (دکتۆر مەکی عەمران) دا ئاوڕدانەوەیە لە کولتوورو داستانە مێژووییەکانی سەردەمی ئاشوور و ئەکەد و بابل، ئەم نیگارکێشە نیازمەندە لە رێی نیگارەوە دەڵنەوایی بداتەوە بەو کەسێتیانەی کە لە مێژوودا مەغدوور کراون، بەهرە لە شێوە و ڕوخساری خواوەندەکانی ڕابردوو وەردەگرێ تا ناسنامەیەک بژێنێتەوە کە خەریکە بزردەبێ، ئەوەی کە بونیادی ناوەوەی تابلۆ لاواز دەکات گواستنەوەی ئەو فیگەرانەی ناو مێژووە کاتێ بێ گۆڕانکاری لە کارێکی هونەریدا بەرجەستە دەکرێنەوە، دکتۆر مەکی هەموو موفرەداتی شارستانیەتە کۆنەکانی وەک خۆی گواستوەتەوە و لەناو ڕەنگ و هێڵەکاندا جێگەی بۆ کردوونەتەوە، ستایلەکەشی بریتییە لە رێبازی دوای تازەگەری کە زیاتر ئەزموونگەرییە نەک تەعبیری و تەجریدی..

## چەند نموونەیەکی تر لە کارە هونەرییەکان

* لەلای تابلۆکانی (فاخر محەمەد) رەنگەکان ئاوازێکی لیریکی لەنێوانیاندا هەیە، لەناویاندا ڕەنگی شین باڵی کێشاوە بەسەر ڕەگەزەکانی تری داڕشتنی ڕەسمدا، پێکهاتە گشتییەکان بۆ خزمەتی بیرۆکەیەکی فکری یان فەلسەفی دانەنراون بەڵکو زیاتر بۆ بەخشینی جوانین یان بەخشینی چێژن بەچاو..

* هونەرمەند دکتۆر (عاسم عەبدولئەمیر) بەهۆی چەند تابلۆیەکی زەیتییەوە هەموو گەمەو مەغزاو رەمزەکانی جیهانی منداڵێتی لە نائاگاییدا دەژێنێتەوە، لەوانەیە منداڵێتی لە ناخی ئەم هونەرمەندەدا بەچڕی ئامادەیی هەبێ، منداڵ تەوەری هەموو دواڕۆژە، تەنانەت بەکارهێنانی هێڵ و تەجسیم و گونجاندنی بەڕەنگ و رووناکی وسێبەر هەموو خراوەتە خزمەتی یادەوەرییە جوانەکانی منداڵییەوەو پێکەوە هارمۆنێکی شێوە دەردەخەن..



* لە کارە هونەرییەکانی (عادل کامل) دا هیچ رەنگێ لەسەر فایەر هەست پێ ناکەی بەڵکو زیاتر بایەخی بەهێڵ و فیگەرو شێوەی لەشی رووتی ئافرەت داوە کە لەشیان جودا کراوەتەوە لەسەریان، هەروەها چەندین رەمزی کۆنی سۆمەری کەوتونەتە ململانێ بەچواردەوری لەشە رووتەکانەوە، ئەم کارانە موغامەرەیەکی تەکنیکییە، گەڕانەوەیە بۆ شارستانیەتی کۆن لە هونەری رەسمی سۆمەری، گەڕانەوەیە بۆ زات و کیانی خۆماڵی.

* (عامر خەلیل) پەیکەرسازێکی بەناوبانگی عێراقییە، چەند توحفەیەکی لە پێشانگاکەدا نمایش کردبوو کە بریتی بوون لەداتاشینی مەرمەڕو داری بی، داڕشتنەوەی هەموو شێوە سیماکان لە تەعبیریەتەوە نزیک بوون، بەڵام زۆر لووسی کردون وشێوەی داڕشتنی هێلکەیی و بازنەیی پێدا بوون، زیاتر حاڵەتە دەروونییەکانی ئەو سیمایانەی خستبووە روو کە دایتاشیبوونەوە..

لەکارە پەیکەرسازییەکانی ئەم هونەرمەندەدا جۆرە نەرمییەک هەست پێ دەکرێت.. ئەمەو دەیان بەرهەمی هونەری فرەچەشنی دیکە -گەلەری میدیا- لەئامێزی گرتبوون و ئەم پێشانگایە بەتۆمارێکی مێژوویی دەژمێردرێت بۆ ئەو مانایانەی کە هونەر بەپەیام و زمانێکی جیهانی بێ سنوور لێک دەدەنەوە..

## تابلۆی شێوەکارانی کوردستانی خۆرهەڵات
## لە نێوان ڕەسەنایەتی و هاوچەرخێتیدا...

زۆربەی هونەرمەندانی کورد لەکوردستانی خۆرهەڵات بەستایلی ڕیالیزمی نوێوە تێڕوانینەکانی خۆیان ئاراستەی بەها ژیارییە خۆماڵییەکان دەکەن، ئەو بەهایە پابەندی سیمای نەتەوەییە، جەستەی هێڵ و ڕەنگیش گوزارشتە لەو کەشوهەوا گشتییە، ئەمەش کەشوهەوای سروشتێکی ڕەنگین وتایبەتمەندە، هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتی و خۆڕسکانەی ناو چیا و ڕەز و باخچەیە، ناڕاستەوخۆش «فیکر» زەمینەیەکی پتەوی لەپاڵ ناواخندا هەیە، لەسەرجەم تابلۆکانی ئەو هەندە هونەرمەندانەدا ڕەگێکی واقیعی زاڵە و لە هەندێ گۆشەیاندا خەسڵەتێکی ڕیالیزمیانەی نوێ لە ئامێز دەگرن و بەهۆی ڕەنگەوە- یادەوەری- دادەڕێژنەوە..

بەم هەوڵانە بنەمایەک بۆ شێوەکاری میللیانەی کوردی لەدایانگە و زێدی کورداندا دادەمەزرێت، گەرچی لەڕووی تەکنیکەوە لەوستایل و ئەزموونانە نزیک نەبوونەتەوە کە گەمەیەکی نەستیانە بەهێڵ وسێبەر و ڕووناکی و بۆشایی دەکەن..

لەهەندێ تابلۆیاندا ڕەهەندێکی وا بەم هونەرە دراوە کە زەخرەفەکاری و کەلەپووری خۆماڵی، ئیحایەکی مانایی لەپشت بێ، ئیحایەک، پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت دیاربخات، مانایەک جەختی هونەری لەسەر شوێنکات دەکاتەوە، مەهدی زیائەدینی بە تابلۆکانی چارەسەرێکی هونەری بۆ ئەو دیاردە مرۆییانە دەکات کە لەواقیعی ژیاندا هەن، ئەمەشی



بەتەکنیکی حیرەفیەوە ئەنجام داوە، ڕەنگەکانی سروشتی بۆ سەر شێوەکان گواستۆتەوە، لەتابلۆکانی-ماشەئەڵڵا محەمەدی- دا هیچ تەحەدایەک لەفۆرم و ڕاچڵەکاندنی چاو و بەکارهێنانی ڕەنگدا هەست پێ ناکرێت، بەواتا ڕەهەندێکی ئەزموونکارانەم لە شکڵی ئیستاتیکدا وەک سکون وەبەرچاو ناکەوێ، بەڵکو چەندین بابەتی سەیرورەیم بەچاو خوێندوەتەوە کە پێوەندی بە ڕۆحی مرۆیی و نیشتمانییەوە هەیە، لەتابلۆکانی- فەردین سادق ئەیووبی-دا چیرۆکی ئەوینی ژن و مێردان بەهەمەڕەنگی و بەڕەمزی دەردەکەوێ، هەرچەندە تابلۆکانی لەعەفەویەت و لیریکیەت گوزارشت دەکەن، بەڵام بەقوولایی کەلەپووردا ڕۆدەچن ولەسنووری دابە کۆمەڵایەتییەکان دەرناچن، لەلایەکی ترەوە لە تابلۆکانی -هادی زیائەدینی-دا کەڵک وەرگرتنێ هەیە لەئەفسانەکان، کاتێ کوردانە وێنای ئادەم وحەوا دەگوازێتەوە، بەڵام کاریگەری کەلەپووری خۆماڵی بەسەر فیگەرەکانیەوە دەبینرێت، هەموو ئەمانە لەناو شکڵدا (چارەسەری وێنەیی) هاوکێشەی بابەتە هونەرییەکانی دەکەن، ئەمان و چەند هونەرمەندێکی تریش نەیانتوانیوە بە وردی ڕەهەندێکی هاوچەرخانە و گەردوونیانە بەو کەلەپوورە ببەخشن، با لە پانتاییشدا ئەو زەمینەیە خوڵقابێ بۆ فڕینی فیگەر و تەقینەوەی ڕەنگ، بەڵام توانراوە ئیستاتیکیانە وێنای میحنەتێکی فیکریانە بکێشن.

## پێڕست


دەسپێک ........ 7
دەروازەی گشتی ........ 9
چەمکەکانی تێڕوانین لە نێوان ئیرۆسیەت و پۆنۆگرافیەت–دا ........ 13
ڕوانینی دڵداری بۆ جەستەی دولبەرەکان ........ 24
ڕۆڵی مەنهەجییەت لە دانانی ڕووگەیەک بۆ «ڕەگەزەکانی داڕشتن» ........ 47
وێناکردنەوەی ئافرەت لە ڕوانینە مێژووییەکاندا.. بۆ؟! ........ 54
بەڕەمزبوونی شێوە شلەکان ........ 58
چەقبەستن لەبەر دەروازەی پردەکەدا ........ 61
سەرمەدییەتی یادەوەری... دینامیکیەت لە هێڵدا ........ 67
تابلۆی زەینەب... لە خەونێکی مزردا ........ 73
پێکهێنانی ڕوئیا لە هونەری کۆلاژدا ........ 78
دووگەشتی تێڕوانین لەیەک شوێندا ........ 83
نیگای فۆتۆگراف لە ژێر تارای شێوەکاریدا ........ 90
نزیک بوونەوەی (حەمید جەمال) لەهونەری چەمکەکان ........ 96
سێبەری باڵی شەمشەمەکوێرە یان پریاسکەسووتاوەکانی کالیپتۆس ........ 99
موغازەلەکردن بەدیمەنەکانی سروشتەوە ........ 102
دەلالەتی بازنە لە هەندێ کاری پەیکەرسازیی کوردیدا ........ 106
ئەو گوتارە خۆشەویستییەی لە شاری هەولێر سازدرا،... ........ 109
تابلۆی شێوەکارانی کوردستانی خۆرهەڵات ........ 115
پاشکۆ ........ 119

# پاشکۆ

هەڵبژاردەیەک تابلۆی شێوەکاریی کوردی، ١٩٢٧-٢٠٠١



دانیال قەساب



سلێمان شاکر





ڕەمزی قوتبەدین



د. ئیبراهیم حەمەڕەش




مالڤا



فەردین سادق ئەیووبی






وەهبی رەسووڵ



ڕێبوار سەعید




خەلیل کاکەیی



ئازاد شەوقی





حەمید جەمال



دلێر محەمەد شەریف



ئیسماعیل خەیات



هادی زیائەدین





باڵدین



ڕەزا توپاڵ